تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ژمارە
-١-
ئەیاری
١٩٧٩

نووسەری کورد

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

نووسەری کورد

گۆڤاری یەکێتی ی نووسەرانی کورد

ژمارە (١) ، خولی دووەم ، ئـەیاری ١٩٧٩

سەرۆکی نووسین

د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ

سکرتێری نووسین

موحەمەدی مەلاکەریم

باره‌گای گۆڤار

بغداد ـ الوزيرية
مقابل كلية التربية الرياضية
مقر جمعية الثقافة الكردية

لە چاپخانەی (شەفیق) لە بەغدا لەچاپدراوە

« الكاتب الكردي »

مجلة « نووسەری کورد »

مجلة اتحاد الادباء الاكراد في العراق

العدد (١) ، الدورة الثانية ، مايس ١٩٧٩

رئيس التحرير

الدكتور عزالدين مصطفى رسول

سكرتير التحرير

محمد الملا عبدالكريم

الادارة

بغداد • الوزيرية

مقابل كلية التربية الرياضية

مقر جمعية الثقافة الكردية

THE KURDISH WRITER

BULLETIN OF
THE UNION OF THE KURDISH WRITERS IN IRAQ

No. (1), Second Period, May 1979

EDITOR - IN - CHIEF :
DR. IZZADDEEN MUSTAFA RASOOL

DEPUTY EDITOR - IN - CHIEF :
MUHAMMAD MULLA ABDULKAREEM

OFFICE : BAGHDAD , WAZEERIYYAH , OPPOSITE COLLEGE OF PHYSICAL EDUCATION , HEADQUARTERS OF THE KURDISH CULTURAL SOCIETY

سەرلەنوێ «نووسەری کورد»

خوێنەواری خۆشەویستی کورد !

پاش پێنج ساڵ چاوەڕێ کردن ، وا ئێمەو ئێوەش سەرلەنوێ «نووسەری کورد» لە ڕێڕەوی کاروانی وشەی پاکی کوردیدا دەبینینەوە •

ئەگەر دەرچوون و نەمان و سەرهەڵدانەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی ، لە هەموو مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەسترابێت بە باری ئەو ڕۆژنامەنووسی یە خۆی و پێوەندیی تەواوی بە باری کوردو هەڵچوون و داچوونی مافی نەتەوەیی یەوە ، ئەوا دەرنەچوون و سەرهەڵدانەوەی «نووسەری کورد» بەسترابوو بە باری یەکێتیی نووسەرانی کوردەوەو لە جەمسەری پێوەندیی ئەو یەکێتی یەشەوە بەسترایەوە بەو بارە گشتی یەوە •

وەك هەموو دەزانین لەو پێنج ساڵەی ڕابوردوودا یەکێتیی نووسەرانی کورد لە جموجووڵ خرا • لەو چەند ساڵەدا بەپێی خواستی مەردانەی زوربەی ئەندامانی یەکێتی ، گەلێك هەوڵ و تەقەلا بۆ خستنەوەکارو جموجووڵی یەکێتی درا ، تا کاربەدەستان هاتن بەدەنگمانەوەو سەرلەنوێ لە ١٠ ـ ١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٨دا لە شاری هەولێر پێنجەم کونگرەی یەکێتی بەسترا •

ئەو کونگرەیە لە هەموو ڕوودواوو دیمەن و هەڵبژاردنیدا ئەوەی سەلماند ، کە نووسەرانی کورد ، هوشیارانە یەکێتی یەکەیان دە پارێزن و لە ئەرکی یەکدەنگی و یەکگرتنی خۆیان دەگەن •

کۆنگرەی پێنجەم ئەوەی سەلماند ، کە یەکێتیی نووسەران ، ئائیستا دڵسۆزی چەند ساڵەی مێژووی خۆیەتی‌و لە ڕۆژی دامەزرانیەوە تائێستا سەرڕاستە بۆ پەیمان‌و پێڕەوی ناوخۆی خوی‌و ئەو چوارچێوە فراوانەیە کە هەموو نووسەرانی کورد کۆدەکاتەوە ، بە هەموو ڕێبازو تەمەن‌و جیاوازی‌یەکیانەوە • ئەوەی سەلماند کە نووسەری کورد ، وەك نووسەری هەموو گەل‌و وڵاتی‌تر جیاوازی‌یان لەگەڵ یەکتردا هەیە ، بەڵام ئامانجێکی گەورەو بەرزیش هەیە کە بەیەکیانەوە دەبەستێت‌و یەکێتی‌یەکەشیان چوارچێوەی یەکگرتنیانە لەدەوری ئەو ئامانجە گەورەو بەرزە ، کە لە هەموو بەڵگە نووسراوەکانی یەکێتیدا دیارە •

نووسەرانی کورد ، بە زوربەی دەنگ‌و بەجۆرێکی دیموکراتی‌و ئازاد دەنگی خۆیان داو دەستەیەکی بەرێوەبەری تازەی ئەوتۆیان هەڵبژارد کە هەڵگری مەشخەڵی پڕ لە شانازیی یەکێتی بێت ، دڵسۆز بێت بۆ هەموو لایەنە ڕووناکە بەتینەکانی مێژووی یەکێتی ، بۆ تێکڕای مێژووی ئەو یەکێتی‌یە ، یا وەك شاعیر وتوویەتی :

مەردی باخەوانە
کە یەکێتیی ئەدیبانە
یەکێتیی ئەدیبانی کورد
کاروانی وشەی جوانی کورد

بەم‌جۆرە دەستەی بەرێوەبەری تازە دەستی دایە کارکردن‌و دیارە کارەکەشی ئاسان نەبوو ، ڕاستە لە هەندێك لایەنەوە دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کرا ، بەڵام زۆر کوسپیش لە ڕێگەدا بوو ، تەواو خۆی ڕووبەڕووی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی یەکێتی بینی •

یەکێك لە ئەرکە تازەکانی دەستەی بەرێوەبەر دەرکردنەوەی

گۆڤاری « نووسەری کورد » بوو • رۆتین و گۆڕینی سەرنووسەرو کۆکردنەوەی دەستەی نووسەران چەند مانگی خایاند • کە هاتینە سەر کەرەسەو نووسین ئامادەکردن ، کۆسپە هەرە گەورەکەی چاپەمەنیی کوردی هاتەوە ڕێگەمان • گۆڤاری کوردی و باری دەرامەت و کۆسپی چاپ و هەڵوێستی ئەم خاوەن چاپخانەو ئەو خاوەن چاپخانە ، یەکێکن لەو چیرۆکانەی لە هەموو گۆڤارێکداو تەنانەت لە هەموو ژمارەیەکی گۆڤاری کوردیدا دووبارە دەکرێنەوە • با ئێمەش جارێکی تر ئەو حیکایەتی « میش »ەی کۆتایی نایەت دووبارە نەکەینەوە • دیارە ئەم حیکایەتە زەمانێکی تریش لەگەڵ چاپەمەنیی کوردیدا هەر هاوسەر دەبێت و ئێمەش بەشێکی زۆرمان هەر پێ براوە •

وا هاتینە سەر چاپ و نازانین کەی ئەم ژمارەیە لە خەم دەڕەخسێت و لە گەرووی چاپخانە دێتە دەرەوە • هەرچۆنێك بێت ، پێویستە چەند وشەیەك دەربارەی ڕێبازی گۆڤارەکە بووترێت :

لە ژمارەی یەکەمی « نووسەری کورد »دا نووسرابوو :

« گۆڤارەکەمان وەکو بە ناوەکەیا دیارە ، بیروڕای یەکێتیی نووسەرانی کورد دەئەبڕێ و بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشێ کە لە پرۆگرامی ناوخۆی یەکێتیدا باسیان کراوە •

پوختەی ئامانجەکانی قۆناخی ئێستامان بریتییە لە برەوپێدان و بەرزکردنەوەی پایەی ئەدەبی کوردی بە هەموو لقەکانیەوە وەکو شیعرو وتارو پەخشان و چیرۆك و بابەتە تازەکانی تری ئەدەب ، تۆمارکردنی دەستنووس و سامانی بڵاونەکراوەی نەتەوەییی کورد ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کلاسیکیمان ، ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە مێژووییانەی لەسەر

کورد کراون بە مـــــاڵ ، کۆڵینەوە لـــە فۆلکلۆرو ئەنترۆپۆلۆژی‌و ئەتنۆگرافیی کورد ، بایەخدان بە مێژووی زمان‌و زمانەوانی‌و دەستووری زمان‌و فەرهەنگی کوردی ، شی‌کردنەوەی هونەری کوردی بە مۆسیقاو گۆرانی‌و شانۆوەو تەرخان‌کردنی جێگایێکی شیاو بۆ تەرجەمە ، بەتایبەتی شاکارە کلاسیکی‌یەکانی جیهان » .

« نووسەری کورد » لە ژمارەکانی خولی یەکەمیدا هەوڵـــــی بەجێ‌هێنانی ئەم مەبەسانەی دا . ئیستاش ڕێباز هەر ئەوەیـەو هەوڵیان بۆ بەجێ‌هێنانی ئەو ئاواتەیە ، بە ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازی سەر بە گـەل‌و ئاواتەکانی ، سەر بە خەباتی گەلی کورد ، بە خەباتی هەموو گەلی عیراق ، شان‌بەشانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلان .

« نووسەری کورد » دەنگێکی‌تری ئەدەبیات‌و بـــە ووشـــە نەخشەکێشانی ئاواتی گەل‌و ڕەنگدانەوەی خەباتـــــی گەلـــە دژی کۆنەپەرستی‌و ئیمپریالیزم‌و سەهیوونیزم . بۆ بنیادنانی وڵاتێکی ئـــاوای پڕ لە خۆشی .

دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەمان ، لەپاڵ هەموو ئاواتی بەرینـی خۆیدا ، پلانێکی کارو نووسینی هەیە . دەمانەوێ گۆڤارەکەمان لـــەو پرۆگرامە فراوانەی ژمارەی یەکەمدا زیاتر ڕوویکاتە بەرهەمی ئیبداعی ، واتە شیعرو چیرۆک‌و نووسین بڵاوکاتەوەو خۆی بکات بـــە مینبەری زانستی ئەدەبیات (بە ڕەخنەو مێژوو و تیۆریی ئەدەبەوە) . دەمانەوی پلان بۆ چاوەڕوانیی بەرهەم هاتن‌و بەشداریی نووسەران سەر شـــۆڕ نەکەین . بەڵکو خۆمان پلانێکمان هەبێت‌و هەوڵی پڕکردنەوەی ئـــەو کەلێنانە بدەین ، کە لە ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتماندا دەیبینین .

بەڵام ئایا ژمارەی یەکەمی ئەم خولی دووەمەمان ئاوێنەی ئــەو خواست و ویستنەیەو تەواو بە دڵی ئێمەیە ؟

پێشەکی دەڵێین نەو .. بەڵێ .. نەمانتوانی نەك هەموو بەڵکو بەشی زۆری خواست و پلانەکەمان بێنینەدی .

ڕەنگە بەشی کەمی ئۆباڵی ئەو سەرکەوتنە بکەوێتە سەر ئێمـــە . زۆرتری دەکەوێتە ئەستۆی زرووفێکی وا کە نەمانتوانی بەسەریـــا زاڵ بین ، بەتایبەتی زرووفی چاپەمەنی .

هیوادارین بەرە بەرە بەسەر ئەو کۆسپانـــەدا زاڵ بیـــــن و گۆڤارەکەمان تەواو جێگەی خۆی لە دڵی ئێوەو لە ڕیڕەوی وشـــەی کوردیدا بگرێت .

پاڵ و پشتی ئێمەش خوێندەواری کوردە ، ئەو جەماوەری خەڵکەیە کە نووسین و هۆش و بەرهەممانی بەخت دەکەین .

چاوەڕێی بەشداریی هەموو نووسەرێکی لێهاتوویشین .

« دەستەی نووسەران »

ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا

کەمال مەعروف

دوای شەش ساڵ ئاوارەیی کوڕە لاوێ دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆیان. پێی دەڵێن گەورە کچێك هەیە جار جارەهەواڵی دەپرسێ .. کاتێ چاوی پێدەکەوێ و سەرنج دەداتە لەش و لاری پێگەیشتووی ئەو یادە کۆنانەی لەسەر تابلۆی خەیاڵی سپی ببوونەوە ، بەڕەنگێکی تۆخ وێنەی بەپێزی خۆیان دادەڕێژنەوە .

ئەو کوڕە گەنجە بە منداڵی دڵی بێگەردی خۆی نابووە دەستی ڕۆحی پاکی کچەوە .. ئەوەندە هۆگری ببوو ، هەر ماوەیەك دووربکەوتبایەوە ، تاسەو پەرۆشی دیدار ئارامی لێهەڵدەگرت .. گەردی غوربەت لە دڵی دەنیشت و لە دەست و پەنجەی گاڵتەو بازی کچە بەولاوە هیچ شتێ نەبوو بتوانێ ئەو گەردە لەسەر دڵی بسڕێ .. هەندێ جار ڕوومەتە نەرمەکانی دەگووشین و شانەو گوڵە باخی لە قژە زەردەکانی دەدا ؛ برێ هەلیش لێوە قووت و چاوو برۆ مەستەکانی ماچ دەکردن .

بەڵام ڕۆژگار ئەو کوڕە بەختەوەرەی بۆ ناو دۆزەخی غوربەت و دووری فڕاندو سەرچاوەی ئەم خۆشەویستیە منداڵانە بێ نیازانەی کوێر کردەوە .. وردە وردە یادی کچەکە لەسەر تابلۆی بیرەوەڕییدا سپی هەڵگەڕان .

بەڵام وائێستە دوای شەش ساڵ دووری گەڕاوەتەوە .
نە ئەو کچە ، کچۆڵەکەی جارانەو ، نە ئەویش ئەومنداڵە نەفامەیە.
بیر لەوسا دەکاتەوەو ، بیر لەئێستاش .

هەڵو دەرفەتی زۆرو زەبەندی ئەوساو ، تاسەو ئارەزووی یاساغی ئێستا ...

وێنەکانی ڕابردوو ئەوەندە تینی بۆ دێنن ، بەناچاری دەست دەداتە قەڵەم‌و ئەم موعاناتەی بە شیعر دەردەبڕی .. ناوی شیعرەکە [بۆ گەورە کچێکە] و شاعیرەکەش کەس نییە ــ گۆران ــ نەبێ ، ئەمەش شیعرەکەیە:

ئەی گەورە کچی‌دلبەرو شۆخ وەختی منالیـــت
دابووم دڵێکی پوختە بە ئەو ڕۆحە عەفیفـــەت
تۆزێ ون ئەبووی کرپەی ئەبەست عامیلی ئولفەت
گەردی لەدڵم ئەسری پەلو پەنجەی بازیت
گا ئەموشی ئەم ڕووەمەتە نەرمە بەبەری دەست
گا شانـەو گوڵباخـــم ئـەدا لەو قـــژە زەردەت
گا ماچم ئەکرد لێوی قوت‌و چاوو برۆی مەست
چەند ساتی وەها ئولفەتی توم بووبو بە عادەت ،
تاکو لەپڕا کــەوتمە ناو دۆزەخی غوربـــەت
کەم کەم سپی‌بوو یادت لەسەر لەوحی خەیاڵــم
ئێستاکە لەپاش بوردنی شەش ساڵە بەعەودەت
دڵشادم‌و تۆ دەم دەم ئەکەی پورسشی حالـــم
بۆ ڕاستی نەڵێم گەورە کچی ، عیشوە سـەراپا
ئەوسا نیە تا ناخی نیگای دیدە بەری بـــێ
ئەوسا نیە تاناوی قسەش دیـوی دەری‌بێ
ئەوسا نیە، ئەوسا نیە، ئەوسا نیە، بەخوا !!(١)

ئەم هاوارەی دوایی ، ئەم دووبارەکردنـــەوە پڕ لە حەسرەتەی ئەوسا نیە ، ئەوسا نیە ، لە ناخی دڵەوە دەردەچێ ــ گۆران ڕاستییەکە ، دەخاتە ڕوو ، هێڵێکی ڕاست‌و تۆخ لەنێوان دووکـــات‌و دەمـــدا دەکێشێ .

یەکەمیان : ماوەی منداڵێتییە ـ گۆران ئەوسا ئەوین و ئولفەتداری کچۆڵان بووە ، بەڵام بێگومان ، بەدڵێکی پاکی منداڵانەو نیگایەکی بێنیازانەوە ڕەفتاری لەگەڵدا کردووە .. هەرچۆنێ بێ ئەوساش منداڵێکی وریاو زۆرزان بووە .. دەسا لەڕوومەت گوشین و دەسبازی و گوڵەباخ لەسەردان و چاوو لێوی قوت ماچ کردن ، زیاتر ؟

دووەمیان : سەردەمی گەنجێتییە .. ئێستا گۆران بەچاوێکی ترەوە دەڕوانێتە ـ ئافرەت .. چاوی نیازو ئارەزوو .. ئێستاوەك کاتی منداڵی نەفام نی یە ، تانیگاکانی بەری و بێ نیاز بن ، یان قسەکانی تەنها دیوی دەرەوەیان هەبێ . ئێستا قسەو نیگاکان دیوی ناوەوەیان هەیە .. دیوی نیازو ئارەزووی بەکوڵ ، هەڵبەتا ئارەزووی سێکس ...

هەر لەسەردەمی یۆنانەوە دووجۆرە خۆشەویستی بەرامبەر ئافرەت دەستنیشان کراون :ـ

یەکەمیان : حەز یا خۆشەویستی لەش ، کە ووشەی Cros خوای خۆشەویستی ، پۆوەسف کردنی بەکار دێ .

دووەمیان : خۆشەویستی عوزری (ئەگاپیە Agape) یە . ئەم جۆرە خۆشەویستی یە زۆرجاریش بەخۆشەویستی ئەفلاتونی دەناسرێ . چونکە ئەفلاتون هەوڵی داوە خۆشەویستی لەش (ئیرۆسی) بخاتە ژێر تەئسیری فەلسەفە میسالییەکەی خۆیەوەو ڕەنگێکی ڕۆحی پێبدا .. لەگفت و گۆی داوەت ـ Bangvet ـ دا ، ئەفلاتون لە زمانی سۆکراتەوە ڕای خۆی بەرامبەر ـ خۆشەویستی دەردە بڕێ .. بەلای ئەوەوە خۆشەویستی جۆرە حەزو ئارەزویەکە لەو شتانەی کەنیمانن ؛ لەو شتانەی کەلێیان مەحرومین و دەستمان ناکەون .. واتە خۆشەویستی لەپێداویستی و موحتاجییەوە پەیدا دەبێ ... (ئیرۆس) یش بەلای

ئەفلاتونەوە خۆی جوان نیە ، بۆیە بەدوای جوانییدا دەگەڕێ .. مرۆڤیش چونکە خۆی ناتەواوە ، ئەوا هەمیشە بەدوای جوانیو تەواوییدا وێڵو عەوداڵە .. مادام هەر خوداوەندەکە بێ کەمو کورتیو نوقسانی بێ ، ئەوا جوانی تەواو ، جوانی موتڵەق ، جوانی یەزدانە .. ئەو پێویستی بەخۆشویستنی کەس نیە ، بەڵام هەموو کەس پێویستی بەخۆشەویستی ئەوە .. بۆیە مرۆڤی ناتەواوو موحتاج ، لە گەشتە ئەبەدییەکەی بەشوێن جوانییدا ، دەبێ بەناچاری پلەبە پلە سەربکەوێو ڕوو بکاتە ئاسمان ، ڕوو بکاتە جوانییەزدانی[٢] .

هەڵبەتا ئێمە ووتەی ئەفلاتون قبوڵ دەکەین کە خۆشەویستی جۆرێکە لەپێداویستی ؟ بەڵکو پێداویستیەکی جەوهەری غەریزەییو کۆمەڵایەتییە کە ژیانو بوونو مانەوەی مرۆڤ فەرزی دەکا . بەڵام لەم باوەڕەشداین ئەم پێداویستییە دەتوانرێ لەسەر ئەم زەمینە بەرینە لەژیانی بە کۆمەڵی مرۆڤ خۆیدا دابین بکرێ وپێویست نەکا بە باڵی خەیاڵ بەرەو ئاسمانەکان بفڕین ...

گۆران ، لە هەموو شیعرەکانیدا ، توخنی خۆشەویستی عوزری ناکەوێ بەڵکو بەشێوەیەکی واقیعی دەری دەخا کەخۆشەویستی میسالی ئەوسانە سەر هەڵدەدا کەیەکێك لەلایەنەکان تووشی بێ هومێدی دەبێو هیچی دەستگیر نابێو بە ناچاری بووکی خەیاڵ دەڕازێنێتەوە ...

هەر چەند بتی جوانی ؛ بەعەکسی پەرستشم
هەر دوورە لێم ؛ لەهەیکەلی حوزنو قەلەندەریم
هەرسل ئەکاتو بێ بەشی نازو نەوازشم
لاکین چە باك ؟ ڕاستییەکەی چ دەستەلات
مایەو مەداری تەسلیەیی عەشقی مەعنەویم
بووکی خەیاڵی شۆخمە سەرگەرمی ئیلتیفات(٣)

کەواتە ئێمە لە لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی گۆراندا دەربارەی ئافرەت و جوانی، پێویست بەوە ناکا بۆ جۆرەکانی خۆشەویستی بگەڕێین.. بەڵام زۆر پرسیاری کە دێتە پێشەوە پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە .

★ ★ ★

بۆڕوونکردنەوەی تێگەیشتنی دەوری ئافرەت و جوانی ئافرەت لە ژیان و بەرهەمی گۆراندا ، دیارە هەر دەبێ بۆ هۆنراوەکانی بگەڕێینەوە . بەڵام تەقەلایەك بۆتێگەیشتنی خودی گۆران ، وەك هونەرمەندێك زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بکرێتە سەرەتایەکی پتەو بۆ لێکۆڵینەوەی ئافرەت و جوانی لەشیعرەکانیدا ... چونکە ئێمە ناتوانین مەسەلەی جوانی بەشێوەیەکی سەربەخۆو دابڕاو لەژیان و هەست و بیرکردنەوەی گۆران باس بکەین .. لەسەرەتاوە دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە مەسەلەی جوانی لای گۆران هاوکێشەیەکی مەسەلەی ژیانە بە هەموو قووڵی و بەربلاوییەکەوە.. گەڕان بەدوای جوانیدا ، گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی مانایەکی باشترو شێوەیەکی باشترو جوانتری ژیان .

بە داخەوە هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆمان دەربارەی ژیانی گۆران ، بەتایبەتی لە ماوەی منداڵیتیدا لەبەردەستدا نیە .. جگە لەو زانیاریانەی خۆی بۆ ـ حسێن علی شانۆف ـ ی ناردوون و ئەویش لەلێکۆڵینەوەکەیدا پشتی پێ بەستوون[٤] مامۆستای نەمر ، ـ ڕەفیق حیلمی ـ ش ، چەند دێڕێکی کەم بەڵام بەنرخی لە ژیانی گۆران نیشانداوە[٥] .

جگە لە مانە تاقە سەرچاوەیەکی گرنگمان هەیە کەئەویش پارچە بەخشانێکی گۆران خۆیەتی بەناوی (اسفی ماضی و ئەندێشەی استقبالم[٦]) . کە لە تەمەنی پازدە ساڵیدا ، کاتێ قوتابی سەرەتایی بووە لە هەڵەبجە نوسیویێتی و لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن دا بلاوکراوەتەوە .

ئێستا ئێمە بۆ بەدەست هێنانی وێنەیەکی خۆیی گۆرانی هونەرمەند، بشت بەو سەرچاوانە دەبەستین و لەگەڵ هۆنراوەکانیدا پێکیان دەگرینەوە. لەپێشەوە بەشیکردنەوەیەکی پارچە پەخشانەکە دەست پێ دەکەین .

* * *

دیارە جوانیخوازی و تەنانەت جوانی پەرستیش ، شتێکی ئاساییە . بەڵام ڕەنگە ئەم کارە بڕێك سەیر بێتە بەرچاو ئەگەر بزانین ئەو ئەوینداری و سەوداسەری جوانییە هەر ئەو گەنجەیە کە لە هەرەتی لاوێتیدا هاوار دەکا :

ئاخ مردن !
ئاخ مردن !
بۆ ناتگەمێ ؟
بەخوا مردن بۆ من بە کامی دل گەیشتنەو ، لە غەم خەلستنە
بۆچ ئەگەر هەموو بەحرە موحیطەکان زووخاو بوونایە
بە قومێ وشکم نەئەکردن ؛
حاصیلاتی هەر پێنج قطعەکە غەم بوایە خواردنیم بە ژەمێ
بە کەم نەئەزانی ؟

کاتێ بەووردی پارچە پەخشانی ـ ئەسەفی ماضی و ئەندیشەی استقبالم ـ شی دەکەینەوە ، هیچ هۆیەکی ماددی تایبەتی بۆ ئەو خەمە خەستەو ئازارەکانی گۆرانی گەنج نادۆزینەوە .. بەڵکو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە خەمەکە زیاتر خەمێکی ـ فەلسەفییە ؟ واتە خەمێکە لە هوشیاری فیکری و بیرکردنەوەی گۆران دەربارەی ماناو مەبەستی ژیانەوە هەڵقوڵاوە .. ژیان بەهەر سێ دوورییەکانیەوە :

ڕابردوو ، ئێستاو ئایندە . گۆران لەو پارچە پەخشانەدا ـ هەر

وەك بە ناونیشانەکەیدا دەردەکەوێ ، بەراورد لـــــەنێوان ڕابردووی بەفیڕۆدراوو ئەندێشەی ئایندەی نادیاریدا دەکا ...

ئەو بۆیە غەمبارە چونکە بەلای ئەوەوە :

[ڕابواردنی عومری ئەم دەورەی سەعادەتە ، هەروەك سـەفەری دوورو درێژی توجارەتە ، سەرمایەی ئەم توجارەتە یش تەحسیلی عیلمو مەعریفەتە ـ کە ئەم تەحسیلەیش لە حاڵەتی صەباوەتو ، شەبابەتـــدا تەواو دەکرێ] .

واتە : تەمەن وەك سەفەرێکی بازرگانی دوورو درێـــژ وایــە ، سەرمایەی مرۆڤ بۆ بەختەوەری خۆی لەو سەفەرەدا دەستی بکـــەوێ زانستو زانینە ؟ ئەویش دەبێ لە سەرەتای سەفەرەکەدا ، واتە لە ماوەی منداڵێتیو گەنجێتیدا بەدەستبهێنرێ .. ئەمە ڕوانگەی گۆرانی گـــەنجە بۆ ژیان ؟ نهێنی ژیان هەژێنیشی لەوەدایە کە ئـــەو خـــەریکە شریتی ساڵانی تەمەنی لاوێتی دەپێچێتەوەو هیچ دەسکەوتێکی زانینی بە دەست نەهێناوە .. تەمامی زیندەگانی ئەو ، وەك خۆی دەڵێ ، بەتینی گەرمـــای نەزانینو جەهالەت هەڵقرچاوە ...

ئەمە دیمەنی تەڵخی ڕابردووە .. ئەو ڕابردوەی تــازە تێپەڕیو وەك تفیڕۆکراو فوت نادرێتەوە .

ئێستاش بە تەواوەتی وەخت لە دەست چوەو (لـــە ناعیلاجـــی چاکترە) . ئەو دەتوانێ هەوڵو تەقەلا بداو موتالا بکاو خۆی فێرکا .. گەرچی تەمەنیان مەحاڵە ، چونکە گۆران دەڵێ :

[با من فکریشم کرابێتەوە هەر ئەتوانێ قبوولی تەربیە بکا ، ئەگینـا سەربەخۆ لە هیچ ناگا .. خولاسە مێشکی مـن وەك فۆتۆگـرافی ژەنگ

گرتووی جەڕ تێکچوو وایە ‎..‎ عەکسی غایەی صورەتی زیبای موتالەعە ـ یە تەواوی جەزب ناکا ‎..‎ لازمە وەستای بەدیققەت کە موعەلیمی صاحێب سەعادەت بێ . بە جۆرێ دروسی بە مەنفەعەت ، ئەم ژەنگە لابەرێ و لـە فابریقەیی مەکتەبا بەئەسبابی نەصایحی خەیریە ئەو جەڕە چاك بکاتەوە‎..‎ کەوای لێهات دەست لەم خەیاڵە هەڵگرتن ، صرف نظر لە ع ویـــزی چاکەی وڵات (وطن) کردن زۆر اقبال بلندییە] .

گۆران لە پلەیەکی باڵای هۆشمەندیدایەو ، دەزانێ کـــە مێشکی کراوەتەوەو زۆر بە ـ چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری ژیان و بوونی خۆی دەکا ‎...‎ بەرابەردووی خۆیدا دەچێتەوەو هەنگاو دەنێتـــە ســـنووری هەرێمی داهاتوویەوە ‎..‎ ئەو مێشکی خۆی دەشوبهێنێ بەکامێرایەکـــی ژەنگ گرتووی جەڕ تێکچوو کە ناتوانێ وێنەی مەبەستە جوانەکانـــی نووسینەکان عەکس بکاتەوە ؛ واتە مێشکی ناتوانێ ناوەڕۆکی ئەو شـتانە وەربگرێ کە دەیانخوێنێتەوە ‎..‎ بۆیە پێویستی بـــە مامۆســتایەکە فێری بکات و بەجۆرێ دەرسی سوود بەخش ڕەنگی کامیرای مێشـــکی بشواتەوەو بە ئەسپابی ئامۆژگاری چاك جەڕەکانی بخاتەوە جێی خۆی ‎..‎ بەڵام مادام ئەم جۆرە مامۆستایە شك نابا و دەبێ بە تەواوی پشت بە خۆی ببەستێ ، وای بە باشتر دادەنێ چاو لـــەم بپۆشێ و ســەری خـــۆی تەیەشێنێ ‎..‎ لێرەدا گۆران دەگاتە ئەم نوختەی ڕەشبینی و بێ هومێدییە‎..‎ بەڵام لێکدانەوە مەنتیقیەکەی هەر بەردەوامە ، ئێستا ڕەگەزێکی تازە دێتە ناوەوە ‎..‎ ڕەگەزێکی هەرە گرنگ ؛ گۆران دەڵێ :ـ

[بەڵام چونکە ئەم وڵاتە بەسەزمانە ، ئەمدایکە مشفقمانە ، چارەڕوانە بۆ تێکۆشان ، موحتاجی یاریدەدانەو لێشم مەعلوومە کە (لیس للانسان الا ما سعی) مەقصەد لە هەوڵدانە بۆ تورەقی وەتەن و خۆوڵاتیکان ‎..‎ ئـــەم

ئایەتە جەلیلە کە کەلامی خوای تەبارەکو تەعالایە ، وەك لغاوی توند ڕاکێشراو ، ولاغی خەیالم لە بیری ژوورتر دەگێڕێتەوە] .

ئەمە گەورە ترین گەوهەرێکە گۆران لەبنی گۆمی بیرکردنەوەیدا دەری دەهێنێ‌و گوری ووڕەو تێکۆشانی لێ‌وەردەگرێ .. گۆران خاوەنی خاكو گەلێکە ؟ ولاتێکی بەسەزمان کەوەك دایکێکی جگەرسۆز چاوەڕێی تێکۆشانی کوڕەکانێتی .. مەبەستی ئایەتی (لیس للانسان الا ما سعی) هەر ئەوەیە کە مرۆف بۆ ـ پێشکەوتنی نیشتمان‌و هاوولاتەکانی هەوڵ دا ، گۆران بەم بیرە بەبڕزە ، ڕێبازی ڕوونی خۆی دەدۆزێتەوەو هومێدێکی هەمیشە تازەبۆوە تاریکایی بەرچاوی ڕووناك دەکاتەوە .

ئێمە لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەم پارچە پەخشانەدا دەڵێین :

گۆرانی گەنج هەر لە تەمەنێکی زووەوە هوشیاریەکی گەورەی بەرامبەر ژیان بەدەست هێناوەو ، وەك خۆی دەڵێ ، فیکری کراوەتەوە.. گۆران لەم پەخشانەدا لە حاڵ خراپی تایبەتی خۆی نادوێ ، بەڵکو لە فەلسەفەی ژیان دەدوێ ؟ فەلسەفەی ژیان سەبارەت بە گەنجێکی مێشك کراوەی ناو میللەتێکی هەژاری دواکەوتووی بەسەزمان ..

هەن دەڵێن : مرۆڤی هونەرمەند ئازارو ژان دروستی دەکا بەڵام ئەمە مەحاڵە .. ئەگەر بێت‌و ئەم ئازارو ژانە نەگۆڕێ بە ئازارو ژانێکی فەلسەفی ؟ واتە بیرکردنەوەو لێکدانەوەو هۆشیاری لەگەڵدانەبێ(٧) .

هەزاران هەن لە ئازاردا دەژین‌و کەچی بارەکە هەرچەند قورس بێ . دەیکێشن‌و نقەش ناکەن .. چونکە ئەوانە هوشیاریەکی وایان نیە ئازارەکەیان تێ‌بگەن‌و ڕەگەکانی بناسن ؟ لەمەوە ئاواتێکی واش لەمێشکیاندا درووست نابێ ، بۆ یاخی‌بوون لەوەی هەیەو بەدەست هێنانی باشتر ، پاڵیان پێوەبنێ .

ئازار ، گەر کەمیش بێ ، کاتێ بیرکردنەوەو هۆشمەندییەکی شمولی لەگەڵدا دەبێ ، گەورەترو کاریگەرتر دەبێو مانای تازەتریش بە ژیان دەبەخشێو دەوڵەمەند تری دەکا .

خەمو ئازاری گۆرانیش لەم چەشنەیە .. ئەوە نیە خۆی لەیەکێ لەشیعرە کۆنەکانیدا دەڵێ :

زیاتر سەبەبی عەقڵو شعورە خەفەتی مـن
بۆ غەفلەتو نسیانە هەموو نۆشی شەرابم ! (٨)

ئەو خەمەی لەو پەخشانەشدا دەری بڕیوەو ، لە تاوانـــی دادو فریادی مەرگ دەکا ، سەبەبەکەی زیاتر عەقڵو شـــعورە .. لـــەم بیرکردنەوە قـووڵەیدا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ گـۆران تا چڕادەیەك مرۆڤێکی خاوەن هیواو ئاواتی گەورە بووە .. ئاواتی گۆران بۆ ژیانێکی بەرزو پڕ ماناو بەسوود هەر لەسەرەتای منداڵییەوە ، وەکو سەرچاوەیەکی کوردستانیی بەخوڕ لە ناو دڵو دەروونیدا هەڵقوڵاوە .. بەڵام ئەم ئاواتە گەورەیەی لە گەڵ واقیعێکی ماددی سەختی ژیانی پڕ لە ژانی گەلەکەیدا بەرەوڕوو بۆتەوە ..

ئەگەر ئێمە هۆیەکانی خەمی گۆران ، لەم پەخشانەدا ، لە گـــەڵ واقیعی ڕاستی ژیانی خۆی بەراورد بکەین ، هەست بە کەلێنێکی گـەورە دەکەین .. گۆران ، تا مردنی باوکی لەساڵی ١٩١٩دا ، تاڕادەیـــەك لە خۆش گوزەرانی‌دا بووەو ، ئەو دەرفەتەی بۆ خوێندنو فێرکردنی ئـەو خوڵقاوە، بۆ لە هەزارا یەکێکی خەڵکی وڵاتەکەی نەخوڵقاوە... لەوکاتەدا کـە ڕابردووی خـــۆی بە (بطال حطال) ناو دەباو داخ بۆ ئـەو کاتـــە بەسەرچوە دەخوا کە وەك تفی ڕۆکراو قوت نادرێتەوەو هـەلی فێربونو زانست وەرگرتنی لە کیس چووە ، لەو کاتەدایە ڕۆشنبیریەکـــی وای

وەرگرتوە بتوانێ ئەم بیرکردنەوە بەرزەی هەبێو بەم شێوە نووسینە بەرزە دای برێژێ •

سلێمان بەگی باوکی گۆران کە لە جێگای عبداللە بەگی باپیری گۆران لەلای عثمان پاشای جاف کاتب بووە ، هەر لە منداڵییەوە گۆرانی فێری خوێندنەوەو نووسینی زمانی فارسی کردوەو ، لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەی تورکەکانیش لە هەڵەبجەدا ، گۆران بۆتە یەکێک لەشاگردەکانی ئەو قوتابخانەیە •• هەر ئەم پارچە پەخشانە بۆمان ڕوون دەکاتەوە تا چرادەیەك توانیوێتی شارەزاییەکی باش لەزمانی عەرەبیو فارسیو دەرسی دینو تەنانەت لەجوگرافیاشدا بەدەست بێنێ •• ڕاستە دوای مردنی باوکی لە ۱۹۱۹داو ، کوژرانی محمد بەگی برای لە ۱۹۲۱داو دوورکەوتنەوەی خۆی لە هەڵەبجە ، تووشی گەلێ ئازارو دەردی سەری بوەو زۆر جار ئاسۆی ڕووناکی ژیانی ڕەش داگەڕاوە •• تەنانەت [لە زەمانی باوکیشیا گەلێ ترشو تاڵی ئەبینێ بە تایبەتی لە بەهاری ۱۹۱۹وە هەتا پایزی ئەو ساڵە کە بەر تالانی لایەنگرەکانی ئینگلیزدەکەونو بەپەلە پرووزەکێ کۆچ ئەکەنو خۆیان ئەگەیەننە جێگا بەرزو سەختەکانی شاخی هەورامان](۹) • بەڵام گۆران وەك خۆی بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی باس کردووە [ئەو ڕۆژە ڕەشانە کاریان لەشەقامی ڕاستی ژیانی نەکردوە ، (واتە گۆران) لەو ڕۆژانەدا کە پێیان ئەڵێ ڕەش ڕەنگە ڕووناکی لە دڵیا لە ڕۆژانی خۆشی زۆرتر بووبێ ، یاخود لە ـ هەر دووکیانا تاریکیو ڕووناکی وەك یەك نۆرەی کردبێ](۹) •

ـ حسێن علی شانۆڤ ـ یش لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەسەرهاتی ژیانی گۆران بەدەسخەتی خۆی دەڵێ :

[عەبدوڵڵا گۆران هەر لەسەرەتای منداڵییەوە دڵـــی پڕ بـــوە لە خۆشەویستی ژیان‌و ، تامـەزرۆی ڕووناکـــی‌و زەردەخەنەو شاعیرێتی بووە .. فەلسەفەی دنیای دوابڕاو ، ئەو دنیایەی بۆ سلێمانیش نـــەما ، نەیتوانیوە گۆران لە خۆشەویستی ـ شادی ژیان دابڕێ‌و گـەرد بخاتە سەر دڵی بە سرووش‌و جوانی پەروەردە بووی][10] .

ئەم هەموو خۆشویستنە قووڵەی ڕووناکی و ئەم گەشبینی‌و هیـوا زۆرە بەژیان ، هەر لە کاتێکی زووی منداڵێتیەوە ، گۆرانی کردۆتـــە شێت‌و شەیدای هەموو ئەو شتانەی جوان‌و پیرۆزو ڕووناکن .. گـۆران ویستوویەتی بوونی هوشیارانەی خۆی بسەلمێنێ‌و ئەو ژیانـە بەدەسـت بێنێ کە دەیەوێ ، نەك ئەوەی کە هەیە .. بەڵام دیارە بەدی هێنانی ئەو ئاواتەی چوار چێوەی ئەو کۆمەڵ‌و دەورو بەرە سنووری بۆ داناوە کـە گۆرانی تیا ژیاوە .. ئەو نەیتوانیوە موعجیـزە دروست‌بکاو هەمـــوو شتەدزێوو ناشیرینەکان هەلگێڕێتەوە .. بەڵام لە شـیردا ئەمـــەی کردووە . گۆران دیوی تاریکی کۆمەڵەکـــەی ، کۆمەڵی کوردەواری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کە زۆر بە سەختی‌و بەخەستی لـــەژێر قـورسایی بیرو ڕێ‌و ڕەسمی دەرەبەگایەتیـــدا بـــوە ، پێچاوەتەوەو ، لە ڕووناکییەکانی هیـــواو ئاواتـەکانی ناو دڵی ، وەك چارەسـەرێکی ڕۆمانسیانە . جیهانێکی تازەی دروست کردوە ؟ جیهانێك بتوانێ تینوێتی خۆی بۆ جوانی‌و ژیانێکی باشتر پێ بشکێنێ .

گرنگ ئەوەیە گۆران هەر لەگـەڵ ئـەو هەستی جوانیەرستییەدا ، هەستی هونەر دۆستی‌و ئینجا هونەر پەرستی لـــەلا پەروەردە بوو .. گوتم گۆران هەر لە چوارچێوەی سنوورەکانی کۆمەڵەکـــەی‌و دەورو بەرەکەیدا دەیتوانی بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانی هەنگاو هەلگرێ .. ئەو

نینوۆی زاین‌و ڕۆشنبیری بوو •• له کۆمه‌ڵو ده‌ورو به‌ره‌که‌ی ئه‌ویشدا له شیعر به‌و لاوه هیچ شتێ نه‌بوو ئه‌و تینوێتییه‌ی بگرێته خۆی •• هه‌ر له‌زووییه‌که‌وه به هۆی باوکییه‌وه ، گـــوێی به ده‌نگ‌و ئاوازو ڕازی شیعر کرایه‌وه •• باس‌و خواسی سنعه‌تی شیعرو ، لێکدانــه‌وه‌ی تێکسته شیعرییه‌کان (له‌لایه‌ن باوکیه‌وه) سه‌رنجی گۆرانی گه‌نجــی ڕاکێشا • له شه‌ش ساڵییه‌وه له‌گه‌ڵ منداڵانی هاوڕێی‌دا به شــیعر شه‌ڕه جنێــوی ده‌کرد(١١) • به کورتی هه‌ستی هونه‌ر دۆستیش تێکه‌ڵ به هه‌ســـتی جوانی په‌رستی بوو ؟ هه‌تا له‌زمانی ده‌ربڕیندا ، له‌زمانی شـــیعردا ، به‌جۆرێك ئاوێته‌ی یه‌کتر بوون ، که ئه‌سته‌مه بڵێین کامه هونه‌ره‌که‌یه‌و کامه ــ جوانییه‌که‌یه • به واتایه‌کی تر ، گۆران توانی شیعر بکاتــــه ئامرازێك بۆ ــ ده‌سه‌ڵات گرتن به‌سه‌ر جیهاندا گه‌رچی له سه‌ره‌تاوه بــه شێوه‌یه‌کی سه‌لبیش بێ ؟ واته ده‌سه‌ڵاتگرتن به سه‌ر جیهانی واقیــع‌دا نا ؟ به‌ڵکو ئه‌و جیهانی خه‌ون‌و جوانییه‌ی له خه‌یاڵی خۆیدا نه‌خشـــه‌ی بـــۆ کێشابوو •

هـــه‌ر ذه‌ڕڕه‌یه‌ك له خوێنــــی دماری پـــر ئاگرم
هه‌رچی حوجه‌یره‌کانی هه‌یه کووره‌یـــی دلـــم
شیوه‌ی عیشق‌و جازیبه‌یه بۆ جوانـــی ، یا قه‌لـــه‌م ،
قابیل نیه فه‌راغه‌تم ، حه‌تتا کـــه بشـــمرم(١٢)

جوانی وقه‌ڵه‌م ، واته جوانی‌و شیعر به‌یه‌که‌وه ، یان ئه‌م نا ئه‌ویان ، ئه‌و سه‌رچاوه پیرۆزه‌ن که‌دڵو ده‌ماری ئاگراوی‌و هه‌موو زه‌ڕه‌یه‌کـــی خوێنی گۆران پڕ له عیشق‌و جازیبه ده‌که‌ن ؟ عیشق‌و جازیبه‌یه‌کــی‌وا که ته‌واوی ژیانی گۆرانی پڕ کردۆته‌وه‌و ، ده‌رفه‌تێکی بۆ نه‌هێشتۆتــه‌وه ئه‌گه‌ر مردن نه‌بێ •• ئه‌گه‌ر گۆران له دنیای واقیعی جوانیدا ، جوانی به‌ر هه‌ست‌و به‌رده‌ست ، تێر نه‌خوا ، ئه‌وه دنیای هونه‌ره‌که ، دنیای شیعر

خۆی خالقێتی‌و دەتوانێ بەو جوانیەی لەوێدا ـ دەینەخشێنێ خۆی مەست بکاو وێڕای ئەمەش کەسێتی خۆی تێدا بدۆزێتەوەو مانایەك بە ژیانی ببەخشێ ..

گۆران خۆی ناسیوەو نرخی خۆی وەك هونەرمەنـد زانیوە .. بۆیە هێندەی شێتی جوانییە ؟ هێندەش شێتی شیعرە :

بۆ سەیری جەمال کردنی دنیایی بەیانی
هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە سەحرا
وەك شێت ، بەلام شێتی شیعر ، شێتی جوانی(١٣)

ئەو زانین‌و زانستەی گۆران لە تافی لاوێتیدا داخی بۆ دەخوا ، لەدواییدا لە وشەی (شیعر)دا جێی خۆی دەکاتەوە .. شیعر دەبێ بە هاوتایەکی تر بۆجوانی ؟ بۆ ژیان . گۆرانیش کە هەر لەسەرەتاوە بیری لەوە کردۆتەوە ، بۆ خەڵك‌و بۆ خزمەتی دایکی نیشتمان تێبکۆشێ ، زۆر بەعەزرەتەوە بووە خەڵکیش لەئەو بگەن ؟ زۆر بەپەرۆشەوە بووە نرخی هونەرەکەی بزانن ؟ هونەری ـ گۆران ـ یك کە (بۆ شیعرو ئەدەب زاوە)[١٤] !!...

موخابین ! کەس ئەمەی نەکردوە .. ئەویش هەر دەروێش عبداللەیەکی دیکەبووە .. بەلام ئەو نهێنیەکەی زانیوە .. نهێنی دواکەوتوویی ئەو کۆمەڵەی قەدری کەسانی وەك عبدالله گۆران‌و دەروێش عبدالله نازانێ .. بۆیە بە نرخ زانینی خۆی لەلایەن خۆی‌و لەلایەن پاشەڕۆژەوە ئیکتیفای کردووەو قەت تووشی ڕەشبینی نەبوە !!

* * *

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بپرسین : ئەو جوانییەی گۆران بەشوێنیدا دەگەڕێ ، لە چدا بەرجەستە بوە ؟

ئەو هەستە ئاگراوی‌و بە کوڵەی جوانیپەرستی چ بابەتێك هەیە بە خۆی بگرێ ؟گۆران بابەتەکانی شیعرو جوانی لەکوێندەرێ سۆراغ دەکا ؟!

یەکەم جۆری پەیوەندی مرۆڤ بەجیهانی دەورو بەریەوە ، بە هۆی هەر پێنج حەواسەکانیەوە پێك‌دێ ‎•• بە هۆی بینین‌و بیستن‌و بۆن کردن‌و دەست لێدان‌و تام کردنەوە ‎•• هەر لەمنداڵیەوە پەیوەندی مرۆڤ بە دەورو پشتەکەیەوە دەبێتە پەیوەندیەکی ژیان ئامێز ‎•• لەکاتێکدا حەواسەکانی مرۆڤ جوانیەکان‌و سیفاتەکانی گەرمی‌و ساردی‌و فێنکی‌و تاڵی‌و سوێری‌و شیرینی ‎••• هتد دەرك پێ‌دەکەن ، ئەوا خۆشییەکی زۆر لەم دەرك پێکردنە وەردەگرن ‎•• هەر لەوکاتیشدا ، بە هۆی ئەم تەجرەبەیەوە ، دەوڵەمەندتر دەبن‌و زیاتر نەش‌ونما دەکەن ‎•• تا لە ئەنجامدا مێشکیش پەرە دەستێنێ‌و مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی سەرباری خۆشی وەرگرتن ، لە تاقیکردنەوەکانییەوە فێر بێ‌و بیر لە شتەکان بکاتەوە ‎•• بیرکردنەوە لەشتەکان مانای بەستنەوەی یەکێکیانە بە ئەوانی ترەوە بەرپێرەوو ئامانجی ژیانی مرۆڤەوە ؟ مانای گەڕانە بەشوێن هۆو ئەنجامدا ؟ لەدواییشدا مانای وەرگرتنی هەر هۆو ئەنجامێکە لە چوار چێوەی یاساکانی پەرەسەندنی ژیاندا بە گشتی‌و یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا بە تایبەتی •

پەیوەندی جوانی خوازانەی گۆران بە جیهانی دەورو بەریەوە ، لە قۆناغی ڕۆمانسیەتدا ، پەیوەندیەکی هەستی (حسي)یە ‎•• پەیوەندیەکە بە هۆی حەواسەکانەوەو بە ئامانجی تێرکردنیان ‎•• مەودای ئەم پەیوەندیەش جوانی سروشت‌و جوانی ئافرەتە •

بەڵام خەسیەتی گرنگی ئەم پەیوەندییە تەنیـا لایەنە هەستییەکەی نیە ؛ بەڵکو لایەنە هونەرییەکەشیەتی ‎•• واتە هەر لەسەرەتاوە گـۆران لەڕوانگەیەکی هونەرمەندانەوە هەڵس‌و کەوت لەگەڵ بابەتەکانـــی جوانیدا دەکا ‎•• هەر لە سەرەتاوە جـوانی‌و هونەر لـە یەکایەتییەکی هارمۆنیداردا تێکەڵ دەبن •

ئەگەرچی گۆران جوانی پەرستەو هـەموو جوانییەکی خـۆش دەوێ ، بەڵام تەبعێکی هونەرمەندانەی تایبەتی هەیە ‎•• گەڕان بەشوێن شتی دڵگیرو نایاب‌و پەنهاندا ، ئەو شتانەی کە ئەگەرچی دیارو بەرچـاو نین ، بەڵام نهێنییەکی گەورەی جوانی لە دوو تـوێی بوونیانـدا حەشارداوە ، خولیای رۆحی جوانیپەرستی گۆران‌و زەوقی بەرزو بـاش پەروەردەکراوی ئەو دەردەخەن ‎••

گۆران بە هەستی حەساس‌و زیرەکانەی خۆیەوە ، لەنێو دنیـای جوانییشدا ـ هەمیشە بۆ جوانترو جوانترین دەگەڕێ • سۆراغی نموونە دەگمەن‌و نایاب‌و هەڵبژاردەکان دەکا ، ئەو نموونانەی لە بارانیاندا هەیـە تینوێتی گیانی نەسرەوتی ئەو دابمرکێننەوە :

گیانی من بۆ تـەلێ وەنەوشـــە پەرۆشـــە
کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشـــە
لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەر بـەیان !
ئـەخاتە دڵی من هـەستێکی سپی‌و جـوان !
لە تەختێك هەڵدەستێ هەزارو یەك نەغمە
ئەوەیان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمـە !
کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شـەو
لەبنیا بلەرزێ مرواری زیـخ‌و چـەو
جوانترە لە لای من لەدەریای بـێ سنوور
شەپۆلی باتە بەرتیشکی خۆر ، شلپو هوڕ(١٥)

ئێمە ئەگەر لێرەدا بەراوردە ئیستاتیکییەکەی (کانت)[١٦] بەکـار بێنین : دەڵێین گۆران زیاتر بۆ شتە (جوان)ەکان دەگەڕێ ، نەك بـۆ شتە مەزنەکان •

واتە ئەوشتانەی هێمنو ناسكو خامۆشن ، نەك ئەو شتانـــەی گەورەو بەربڵاوو بە هەراو هۆریان •

بەڵام ئەو شتە بچووكو خامۆشانەی گۆران هەڵیان دەبژیرێ ، لـە (مەزنی) بێبەش نین •• خۆ ئەگەر ئەوانە بەرواڵەتو قـەوارەو دەنگ گەورە نەبن ، ئەوا لەماناو واتادا گەلێ مەزنن •• ئەو ماناو واتایانـــەی تەنها مرۆڤ دەتوانێ لەوجودی شتە بچووکەکانی هەڵێنجـــێ ، یـــان بیداتە پاڵیان •

گەڕانی گۆران بەدووی ئەوشتە بچووكو هێمنو شاراوانـــەدا ، گەڕانی ڕۆحی تینوو نەسرەوتی گۆرانە بە دوای دۆزینەوەی مانایەکـی تازەدا بۆ شتەکان •• واتە دۆزینەوەی مانایەکی تازە بۆ پەیوەندی مرۆڤ بەجیهانی دەورو بەرییەوە ؟ بۆ ژیان •• هەر لەو کاتدا سەرنجی وردی گۆران لە دەورو بەرەکەیو ، دۆزینەوەی ئەو نموونە ماتو خامۆشو لە سەرنجی درشت بەدەرانە ، ئەو ڕاستیە دەردەبڕێ کە گۆران هەمیشەو لە هەر لەحزەیەکدا ، چ لە گەشتێکی دوورو درێـــژی هەورامانـــیدا بووبێ یان لە گوزەر کردنێکی لامسەرلاییدا ، خاوەنی زەین روونییەکی ئیستاتیکی باڵا بووەو ، هەستی جوانیپەرستانەی ئـــەو لـە چالاکییەکـی ئەوتۆدا بوە کە کامیرای سەرنجی بچووکترین وێنـەی سەرنج ڕاکێشی بەخەسار نەداوەو ، هەستو زەوقی هونەرمەندانەشی خێرا فۆزتویەتیەوەو گوازتویەتیەوە بۆ ناو ئەلبوومی ڕازاوەی هونەری جوان •

ڕاسته گۆران جوانی سروشت‌و جوانی ئافرەت دەکاتـــه مەودای هەست‌و هەناسە ڕۆمانسییەکانی • بەڵام لەنێو ئــەو دوو جوانییـــەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە •• مرۆڤ له هەڵس‌و کەوت کردن لــەگـــەڵ جوانی سروشتدا ئازادو سەربەستە ؟ بەڵام جوانی سروشت دەشێ لـــه هەموو شرێتێکدا هەر بەو چەشنە خۆی دووبارە کاتەوە •• بەبێ ئەوەی گۆڕانێکی گەورە هەست پێ بکەین •• چونکە دەتوانین بڵێین سروشت دیوی ناوەوەی نیە •

سروشت ، ئەگەر بێ گیانیش نەبێ ، واتە ژیان‌و زیندوویەتـــی هـــەبێ - ئەوا بێ‌گومان بێ‌دڵە •• بێ هەست‌و ســـۆزو پەرۆشـــەو ناتوانێ ڕۆحی مرۆڤ بشکێنێ •• ئەو تینوێتییـــەی له جەوهـــەردا لەپێداویستی دابین‌کردنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی ساغ‌و شـــادو هێمنـــەوە هەڵدەقوڵێ •• بناغەی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییەش پەیوەنـــدی نێـــوان مرۆڤێك‌و مرۆڤێکی‌ترە ؟ پەیوەنـــدی نێـــوان ژن‌و پیـــاوە •• مارکس لەدەستنووسە ئابووری‌و فەلسەفییەکانی ١٨٤٨یدا دەڵێ : [پەیوەنـــدی ڕاستەو خۆو سروشتی‌و پێویست لە نێوان مرۆڤێك‌و مرۆڤێکی تـــردا ، پەیوەندی‌نێوان ژن‌و پیاوە •• لەم پەیوەندییە چەشنییە سروشتییە دایـــە کە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، دەبێتـــە پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوەو ، پەیوەنـــدی مرۆڤ بە مرۆڤەوە بـــــە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە پەیوەندی ئەو بە ـ سروشتەوە • دەبێتـــە سنوور دانانی سروشتی خۆی لە خۆیدا •• لەم دیاردە بەرچاوییـــەدا ، ڕادەی بوونی ماهیەتی ئینسانی بەسروشت سەبارەت بـــەمرۆڤ‌و ، ڕادەی بوونی سروشت بەماهیەتی ئینسانی ئینسان بەدیار دەکـــەوێ •• لـــە سەرەتاکەی ئەم‌پەیوەندییەوە ، دەتوانین حوکم بەسەر ئاستی ڕۆشـــنبیری

مرۆڤدا بدەین •• لە شێوەی ئەم ڕۆشنبیرییەوە دەردەکەوێ تا چڕادەیەك مرۆڤ بەنیسبەت خۆیەوە بۆتە بوونێکی چەشنی ، بۆتە ئینسانو بەم جۆرە هەستی بەخۆی کردوە • چونکە پەیوەندی پیاو بەژنەوە سروشتیترین پەیوەندی نێوان مرۆڤێك‌و مرۆڤێکی ترە • لەم پەیوەندیەدا ئاشکرا دەبێ تا چڕادەیەك پێداویستی مرۆڤ دەبێتە پێداویستییەکی ئینسانی ؟ واتە تاچ ڕادەیەك مرۆڤەکەی تر وەکو مرۆڤ دەبێتە پێداویستی • وە تا چ ڕادەیەك لەبوونی هەرە تاکی خۆیدا ، هەر لەوکاتدا ، دەبێتە بوونێکی کۆمەڵایەتی][17] •

مەبەستەکە بە کورتی ئەمەیە :ـ

پەیوەندی نێوان ژن‌و پیاو سروشتیترین پەیوەندی نێوان مرۆڤێك‌و مرۆڤێکی ترە ؟ جا هەر چەند ئەم پەیوەندیە ببێتە پەیوەندیەکی سروشتی ئەوەندە مرۆڤ مرۆڤایەتی خۆی دەسەلمێنێ •

دیسان ئەم پەیوەندیە پەیوەندیەکی چەشنییە •• پەیوەندیەکە ـ لە نێوانی مرۆڤ‌و مرۆڤدا ، جا هەر چەندە ئەم پەیوەندیە سروشتییە ببێتە پەیوەندیەکی چەشنی ـ ئینسانی ـ ئەوەندەش دەبێتە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی •

شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزی (شیلی) لە (فەلسەفەی خۆشەویستی)دا بەشی یەکەمی ئەم تێگەیشتنە ، بە زمانی شیعر ، بەم جۆرە دەردەبڕێ :

سەیر کە چیاکان : ئاسمانی بەرز ماچ دەکەن
شەپۆلەکان یەکتریان لەباوەش کردووە •
خۆرەتاو زەوی لە ئامێز دەگرێ
مانگە شەو دەریا ماچ دەکا !
بەڵام هەموو ئەم ماچانە چ نرخێکیان هەیە
ئەگەر تۆ من ماچ نەکەی ! (18)

لێرەدا ئەو پەیوەندیانەی شیلی لەنێوان ڕواڵەتو دیاردەکانی سروشتدا دەیان دۆزێتەوە ، لە بناغەدا سروشتی کردنی پەیوەندی ئینسانی نێوان ژنو پیاوە ، یان بە مانایەکیتر ئینسانی کردنی پەیوەندیەکانی سروشتە : واتە شیلی خۆی ئەو سیفەتانە ـ سیفەتی ماچ کردن ـ دەداتە پاڵ چیاو شەپۆلو ئاسمانو دەریاکان •• هەر لەو کاتیشدا ئەو ڕاستییە دەردەبڕێ کە ئەم پەیوەندیانەی سروشت هیچ بایەخێکیان نیە ئەگەر پەیوەندی نێوان ئەوو دڵدارەکەشی وەك ئەوان نەبێتە پەیوەندیەکی سروشتی •• خۆ ئەگەر سروشتی کردنی پەیوەندی نێوان ژنو پیاو ، یەکسان بێ بە سەلماندنی ئینسانیەتی ئینسان ، ئەوا گرنگ لێرەدا ڕوانینە بۆ ئەو پەیوەندیە وەك پەیوەندیەکی چەشنی ، نەك چەندی •• وەك پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ کە هەر دووکیان شایانی خۆشیو خەمو ئازارنو خاوەنی هیواو ئاواتو نیازن •• واتە وەك پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیو بڕیاردانی دەوری یەکسانی ژنو پیاو لەو پەیوەندیەدا! •

گۆران لە بەراوردکردنی جوانی ئافرەت لەگەڵ جوانی سروشتدا ، هەروەکو شیلی ، تای ترازووی پەیوەندیە ئینسانیەکە قورس دەکاو ، زیاد لە مەش ، جوانی سروشت دەکاتە ئەنجامێكو پاشکۆیەکی جوانی ئافرەت • گۆران ، وەك (ڕەفیق حیلمی) دەڵێ : [هەست بەوە دەکاکە جوانی ئافرەت کانگەی هەموو جوانیەکی تەبیعەتە ، وە بەئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە دەکرێ کە لەتەبیعەتا جوانی هەیە][19] • ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان ، گوڵە ئاڵەکانی باخی بەهاران ، شەونمی بریقەداری درەخت ، زەردەپەڕی ئێواران ، پەڵکە زێڕینەی پاش باران ، میوەی گەیشتووی زەردو سوور :

ئەمانە هەموو جوانن ، شیرینن
ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن
بەلام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکییە ، بێ بزەی ئازیز
بێ ئاوازەیە ، دەنگە نەرمەکەی

با نەیدا لەگوێم ، تێر نەلێم ئۆخەی
کام بەرزی جوانە وەك بەرزی بالای ؟
کام تیشك ئەگاتە تیشکی نێو نیگای ؟
کام تاسە ، کام مەیل ، کام چارەنواڕی
تەلیسماوییە ، وەك هی دلداری

گۆران بەراووردی جوانی ئافرەت لەگـــەل روالـەت‌و دیاردە فیزیکیەکانی سروشتدا دەکاو دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئافرەت ئەو سەرچاوە نوورانیەیە کە ڕۆشنایی جوانی‌و ئاواز بە هەموو سروشت دەبەخشێ •• خۆ ئەگەر بەراوردەکە لەم هۆنراوەیەدا تەنها شتە بـــێ‌گیانەکان ـ جەمادەکان‌ـی گرتبێتەوە ، ئەوا لە هۆنراوەی (ڕەوتێکی جوان)دا ئەم بەراوردە دووریەکی بالاترو کاریگەرتر وەردەگرێ •

لێرەدا گۆران ، نموونە زیندووو دلگیرو سەرنج ڕاکێشەکانـــی سروشت وەردەگرێ •• کۆمەلێك گیانلەبەری جوانکیلە ، قازو مراوی‌و کەو ، کەرویشك‌و پۆڕو کۆتر ، لە هەلویستي جیا جیای دلگیردا دینێ‌و لەبەر تیشکی مانگە شەوو خۆرە تاودا ، خۆپیشاندانێکی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ لە بزووتنەوەو لەنجەو ئاوازیان پێدەکا •• کەچی هەر ئەوەنـــــدە ترپەی پێی ئافرەتێکی بالا بەرز دێ ، لەعاستی ئەم هەنگاوە کچانیەدا ، گۆران هەموو گیانلەبەرەکانی دیکە فرامۆش دەکاو ، تەنها ئاوازی دەنگی پێی کچەکەیە جێی خۆی لە دلیا دەکاتەوە :

لە ژێر زەردەی خۆرەتاوا
بەناو چیمەنی گوێی ئاوا

چەند بە ئاهەنگ ، چەن سیحراوی
ئەگەڕێ قاز ، یان مراوی
یا کەو لە سەر بەفری نزار
بۆ لوتکەی هەزار بە هەزار
چەند ئیسک سووک ، چەن گورج و گۆل
ئەکشێ پشت لە تۆی تەختی دۆل
یا کەوێشکی تیژو قەلەو
لەبەر تریفەی مانگە شەو
چەن جوان ئەڕوا بە قونە قون
سرک و گورج و سپی و خڕین
یا پۆڕ لە گوێی ڕێگای دەشتا
لەگەل سایەقەی پاش وەشتا
چەند وردو جوان بە لەنجەولار
ئەشێلێ سەوزە گیای بەهار
یا کۆتری حەوشی مزگەوت ،
چەند خنجیلانەی لێ دێ ڕەوت ،
ئەوەندە جوان ، لەوە جوانتر
لە شنەی بای شەو ڕەوانتر
لە لەرەی پرشنگ ، ئاوازە
لە خوڕەی ئاو ، شیعری تازە
بە ئاهەنگتر ، بە خرۆشتر ،
بەگوێچکەی دل ، دەنگی خۆشتر
پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا
جوانێ لە بەژنێکی بەرزا (٢١)

لێرەدا ئافرەت ، وەك مرۆڤ ، وەك جـوانیەکی ڕۆحی بێهاوتا ، وەك تاسەو مەیل و چاوەڕوانی و نازو بزەی شیرین ، وەك هەموو ئـــەو شتانەی لەسروشتدا دەست ناکەون ؟ دەبێتە نموونە یا ئایدیالی جوانی •

دیارە ئافرەت ، وەك جوانی ، خۆی لەخۆیدا شایانی ڕێزگرتـــن و بایەخ پێدانە • بەتایبەتی ئەگەر زانیمان لەنێو هەموو گیانلەبەرانی دیکەی

ئەم گەردونەدا ، نێر لە مێ جوانترە تەنها لە توخمی مرۆڤدا ، بەشێوەیەکی گشتی ، مێ لە نێر ، واتە ژن لە پیاو جوانترە . گۆرانیش کە (قیلەگای ئایینی جوانی‌یە) بەو دڵە پڕ لە هیواو گەشبینی‌و شـــادی خوازەیەوە ، لە هەورامانی جوانییدا ، لەنێو کچە باڵا بەرزو چاو ڕەشـــەکانی جافدا ، لە خۆشی جوانی بێ هاوتا شاگەشکە دەبێ‌و ڕەحمەت دەبارێنێ :

سیا چەمانە ، سیا چەمانە
بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە
ئەوەندەی دارو بەردی هەورامان
ڕەحمەت لەژنی بەژن‌و باڵاجوان(٢٢)

هەروەها لە هەڵبەستی (هەرچەن) دا دەڵێ :

لای من چ جامی نەشئە ؛ چە میحرابی دینی عەشـــق ،
ئەم چاوو ، ئەو برۆی کچـــە کوردێکی جافییە !(٢٣)

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەو ڕاستییەیە کە گـــۆران جـــوانی ئافرەت وەك شتێکی سەربەخۆ (مجرد) وەردەگرێ .... کلیلی جۆری پەیوەندییەکەش لە وشەی [دڵ‌و دڵداریدا] دەدۆزینەوە :

کام تاسە ، کام مەیل کام چاوەنواڕی
نەلیسماوییە وەك هی دلداری

یـــان :

بە ئاهەنگتر ، بە خرۆشتر
بۆ گوێچکەی دل ، دەنگی خۆشتر

کەواتە پەیوەندییە ئینسانییەکە بە ئافرەتەوە پەیوەنـــدی دڵـــە . گوێچکەی دڵە کـــە ئاوازی دەنگی پێی ئافـــرەت لە گشـــت دەنگ‌و ئاوازێکی دیکەی سروشت خۆشتر دەبیسێ‌و دڵداریشە کە خۆشـــیەك بە مرۆڤ دەدا ، لە هیچ جوانییەکی دیکەی سروشتدا دەستگیر نابێ ....

دڵداری بە مانای کۆکردنەوەی ژنو پیاو لەسەر بناغـەی حەز نــــەك خۆشەویستی ••• حەز کردن لە جوانی ئافرەت وەك شتێکی دابڕاو لــە هەستو نەستو سۆزی ناوەوەی ؟ لە بوونو دەورە کۆمـەڵایەتییەکەی •

گومانی نیە حەز ؟ حەزێکی بێ سنوور ، حەزی جینسی بە ئاشکرایی لەوەسفەکانی گۆراندا بەدی دەکەین ••• تەنانەت لە هەندی هۆنراوەدا کە تاقی‌کردنەوەی دڵداری خــــۆی نیشان‌دەدەن ، ئەم رووە بە ڕوونی بەدەردەکەوێ • لەهۆنراوەی [خۆزگەم بەپار]دا ، گـــۆران دوازدە مانگ بۆ دووری یار دەگری و دەناڵێ ••• بەڵام گریانەکەی زیاتر بـــۆ ئەو دەمو ساتانەیە کەلەگەڵ یاردا بەسەری بردووەو ئێستا لەکیســـی چووەو ئاخی بۆ هەڵدەکێشێ :

هەر ڕۆژە عیشوەیەك ، نازێ
هەر خەلوەتە چەشنە ڕازێ
لەو توانج ، لە من نیازێ
بۆ ماچێ نوقورچێ گازێ
هەر بەزمە دەنگێ ، ئاوازێ
بەچاو بینینێ ، دلخوازێ
بلێین بەیار بلێین بەیار ، یاری نازدار
سەد هەزار جار ، خۆزگەم بە پار(٧٤)

لە هۆنراوەی ، بۆ گەورە کچێك ، بۆ خانمێك و ، شــەوێك لــە عبداللەدا ، ئەم هەڵوێستە دووبارە دەبێتەوە • حـــەزی (ئێرۆسی) لــە هۆنراوەی (جلوەی شانۆ)دا ، لە وەسفی زۆر تۆخو خـــەستی لـەشو لاری کچی سەمادا خۆی دەردەخا ••• تەنانەت لەو هۆنراوەیەدا گۆران جوانیو سەماو عیشوەو ناز پڕ بەپێستی ئافرەت دەزانێو ئەویـــــش لەڕێگەی ئەو جوانیو عیشوەو نازەوە ، ڕووناکی خۆشی دەرژێنێتە ناو ژینی مرۆڤەوە • (یان ڕاستتر بلێین ناو ژینی پیاوەوە) •

سەما ، سەمای سنعەت ،
حەیاتی جوانی ، جەمالی بزوتنو ، گیانی
وجودی عیشوەو ناز
لە خواوە بەهرەیەکە پڕ بە پێست بۆ ئافرەت
ئەویش بەسەد ئیعجاز
ضیای سروە ئەڕژێنێتە ژینی ئینسانی !(٢٥)

سەیرکردنی جوانی ئافرەت وەك بابەتێکی ڕۆمانسی سەربەخۆ (مجرد) وای لە گۆران کردوە ، کە لەم هۆنراوانەدا بیر لەبوونی کۆمەڵایەتیو تەنانەت هەندێ جار ، بوونی ئینسانی ئافرەت ، وەکو مرۆڤێکی خاوەن هەستو سۆزو عاتیفە ، نەکاتەوە .. لە هۆنراوەی شەوێك لە عبداللە دا گۆران زۆر بەئاسایییەوە ، تەنانەت بە خۆشییەکی زۆرەوە ، وەسفێکی ڕەنگاو ڕەنگی ئەو ئافرەتانە دەکا ، کەیەك یەك یان دووان دووان بەسەر مێزی دەوڵەمەندەکاندا دابەش بوونو جوانیو لەشی خۆیانیان پێشکەش دەکەن :

ئافرەت چرای کۆڕی ئاهەنگ
لەنجەی جوڵان ، مۆسیقای دەنگ
لەسەر هەر مێزە یەك دوانێ
بۆ چەشنی جوانی نیشانێ
یەکێ قژ زەردیەکێ چاوڕەش
یەکێ لێو وەك گوڵ غونچەی گەش(٢٦)

تەنانەت کاتێ لە نیوەشەودا ، مەلهایەکە بەجێدێڵێ ، داخ بۆ ئەوە دەخوا ، خەو ئەوبە هەشتەی لەدەست داوەو هیچ بیر لەهەستو سۆزو ئەو ئافرەتانە ناکاتەوە کە بەم نیوە شەوە هێشتا لە [نیوەڕۆی ئاهەنگ(٣٦)]دانو خۆش خۆش بێ ووچان هەڵدەپەڕن ، یان هەڵدەپەڕێنرێن ... نە جیاوازی ئەو هۆیە ئابووریو کۆمەڵایەتییانە دەرك پێ دەکا ، کە کۆمەڵی ئافرەتەکانی لە لایەکەوەو ، کۆمەڵی پیاوەکانی لە لایەکیدیکەوە

گەیاندۆتە ئەوشوێنە . گۆران خۆی هەست بەوە دەکا کە پەیوەندی بە ئافرەتەوە ، پەیوەندی یەکی (هەستی ـ حسی)یە .... پەیوەندییەکە لەڕێگەی حەواسەکانەوە ، ئەو حەواسانەی هەردەم ویستوویانە خۆیان تا ئەو پەڕی لەبۆن‌و بەرامەو خۆشی ژن تێرکەن بۆ یەکا کاتێ دوورە کەوێتەوەو دەستی بەدڵدارەکەی ڕاناگا ، بەناچاری پەنا دەباتە بەر حەواسەکانی‌و یەك یەك بانگەوازێکی گەرمیان لێدەکا کە نەهێڵن لەو دووری‌و غوربەتەدا لەڕەنگ وبۆن‌و لەشی دلبەرەکەی بێبەش بن ، یەك لە دوای یەك هاواری ـ چاوو گوێ‌و لووت دەکا کە ڕەنگ‌و دەنگ‌و بۆی یارەکەی بۆ بێنن ـ ئەم هاوارە زۆر خەستترو گەرمترو بەهێزتر دەبێ کاتێ دەگاتە سەر حاسەی دەست لێدان ـ لەمس ـ چونکە ئەمیان بەرپرسیاری تەواوی لەزەتەکەیە :

ئەی لامیسە ! ئەگەرچی نەبوو دەنگ‌و ڕەنگ‌و بۆ\
وەك شێت بەعەقلێ خامەوە ، خۆم حنستە بەختی تۆ\
کواتەماسی لەشی نەرمی\
کوا لەزەتی کۆشی گەرمی\
کوا مەمکی پڕ چنگ\
لیمۆی باخی سنگ\
کوا ماچی لێوی ئاڵ\
جورعەی ئەبەد خەیاڵ ؟ (٢٧)

ئێستا گومانمان لەوەدا نی‌یە کە جینس بەشێکی جەوهەری لە هەڵوێستی گۆران بەرامبەر ئافرەت پێك هێناوە ... هەروەك لە سەرەتاوە گوتمان گۆران تەنها لەو کاتانەدا پەنادەباتە بەر خەیاڵ‌و حوببی مەعنەوی کە چارەو دەسەڵاتی ژووانی ڕاستەو خۆی نامێنێ ... هەر لەم هۆنراوەیەدا کاتێ هیچ یەکێ لەحەواسەکانی فریای ناکەون ، بە ناچاری دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵ بۆ خاتیراتی عومری ڕابردووی‌و تکای

لێدەکا هەرگیز نووستنی لانەبێ و هەمیشە، تاوەختی مردن، وەکو ئاوێنە، وێنەی عەشقی کۆنی یار بنوێنێ . بەڵام ئایا گۆران، بەڕاستی مرۆڤێکی شەهوانی بووەو ئافرەتی تەنها وەك (جینس) سەیر کردووە ؟

ئەگەر وایە، ئەی ڕوانگەی گۆڕان بەرامبەر (جینس) خۆی چۆن بوە ؟!

مرۆڤی شەهوانی نرخی ئافرەت تەنها وەك لەزەت دەزانێو، ئافرەت وەك ژەمە خواردنێك سەیردەکا کە تێری لێ خوارد تووڕی هەڵدەداو بیر لە ژەمێکی‌تر یا ئافرەتێکی‌تر دەکاتەوە ... بە بێ ئەوەی ئافرەتەکە هیچ شوێنێك لە دڵو دەروونو سۆزی ئەودا داگیر کا ... ئەگەر ئێمە جارێکی‌تر بە وەسفەکانی گۆران ـ دا بچینەوە، دەبینین گۆران وسفێکی واقیعی جوانی ئافرەتی کردووە[٢٨]، ئافرەت وەکو هەیە، لە شێوەو ڕەنگو ڕوخساردا ؟ گۆران بەتەواوەتی ئەو وێنە دۆزەخی‌یەی تووڕ هەڵداوە کە شیعری کلاسیکی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەربارەی ئافرەتی پێکهێنابوو ؟ ئافرەتێك پرچەکانی ڕەشمار بنو چاوو برۆکانی تیرو کەوان بنو پەنجەو نینۆکی لە خوێنی عاشقاندا سوور بووبن .. جگە لەمەش ئێمە لەو وەسفانەدا جوانی ڕۆحی ئافرەت هەست پێ دەکەین، ئەو جوانییە ڕۆحییەی ئافرەت لە سروشت باڵاتر دەکا، ئەو جوانییە ڕۆحییەی لەتیشکی نیو نیگاو تامەو مەیلو نازی دڵداریدا ڕەنگ دەداتەوە ... هەتا لەو نموونانەشدا کە زیاتر رواڵەتی جوانی لەشیان پێوە دیارە، گۆران دانەبەزیوەتە ئەو ئاستەی وەسفی (جینسی) بکا ؟ هەر وەك بۆ نموونە شاعیری بۆرژوازیەتی، نزار قبانی، دەیکا[٢٩] .... وەسفەکانی گۆران لە چوار چێوەی سنووری ڕێزگرتنی جوانی ئافرەتدا، وەك مرۆڤ،

نەچوونە دەرەوە ... خۆ ئەگەر گۆران وەك عادەتی زۆربەی شاعیرە ڕۆمانسییەکان ، پەنای نەبردبێتە بەر دادو هاوارو خەون‌و خەیاڵ ، ئەوە ڕوویەکی گەشی واقیعیەتی شیعری ئافرەت لای گۆران نیشـــان دەدا ، واقیعیەت بەمانا سروشتیەکەی نەك بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی ... لێرەوە گۆران توانی جەمسەری ڕۆمانسییەت بە واقیعیەت بگەیەنێ‌و ڕۆمانسیەتی واقیعی یا سروشتی بێنێتە کایەوە . ڕاستە گۆران زۆر جار گرنگی بەسۆزو عاتیفەی ناوەوەی ئافرەت نەداوە ، جا چجا دەورە کۆمەڵایەتی‌یەکەی .. بەڵام ئەگەر شیعرەکانی بەشێوەیەکی مەوزووعی شی‌کەینـــەوە ، دەبینین ڕوانگەی گۆران بۆ ئافرەت ڕوانگەیەکی جینسی تەواو نی‌یە ، گـەرچی وەك دەرمان خست ، ئەم لایەنە بە ئاشکرایی لەزۆر هۆنراوەیدا خـــۆی دەنوێنێ ... بەواتەیەکی‌تر ، جینس وەك ـ جینس ـ ، وەك ئامانجێك خۆی لەخۆیدا ، مەبەستی گۆران نی‌یە .... گۆران جوانی پەرســـتەو هەموو شتێکی جوان‌و دڵگیر بام چڵە شەو بۆیەکی خامۆشی ژێـــــر نووتر کیش بێ، سەرنجی ئەو ڕادەکێشێ.. بەڵام ئەوەی پاڵی پێوەدەنێ وا بە تامەزرۆیی باوەش بە جوانی ئافرەتدا بکا ، هەر پاڵنانە غەریزییەکـــە نیە ، بەڵکو ئەو هیواوئاواتە گەورەیە کە هەر لەمنداڵی‌یەوە لەدڵیا جۆشی خواردووە هیوای بە دەســـت هێنانی ژیانێکی پڕمانا ، ژیانێك هۆشـــی کراوەی ئەو ڕازی‌بکا ئەگەر گۆران ئافرەتی تەنها وەك جینس‌و بەمەبەستی ئارەزووی جینسی سەیر کردبایە ، ئەوا ئافرەت قەت ئەوشوێنە بـــەرزو بەهێزەی لەناو قوڵایی گیان‌و دڵ‌و دەروونیدا داگیر نەدەکـــرد .... ئێمە هەست‌و سۆزی ناوەوەی ئافرەت لە شیعرەکانیدا ، بەدی‌ناکەیـــن ، بەڵام عەکس بوونەوەی ئەو هەست‌و سۆزە ، یا جوانـــی ڕۆحی لای

ئافرەت ، لەو تەئسیرە گەورەیەدا بەدی دەکەین کە ئافرەت لە گۆرانی کردووە •

ژنە کە جیلوەیی حوسنی بە عیشق ئەکا تەعزیز
ژنە کە قووەت نەخاتە خەیالی ڕەقص ئەنگیز
ژنە مووەللیدی عیشق‌و ژنیشە عەشق نەواز
ژنە کە تاری ڕوبابی حەیات ئەکا تەهزیز !

سەمایی واسیعی دڵ گەر لە ژن بکەی خالی
تەجەللیاتی بەدائیع غروب ئەکا ، دەیجور
بە سەر سەمایی تەهی‌دا گوشاد ئەکا باڵی
لە کەوکەبی ئەمەلت ون ئەبێ تەبەسسومی نور !
ژنە کە گەوهەری سەر تاجی ئیحترامە ژنە
بە نوکی نەشتەری ئەلماسی تیژی عیشق‌و غرام ،
خطوطي قدسیەتی حەك کراوی قەلبی منە !
بەسیحری خاریقی ژن پڕ قەریحەمە ئیلهام !
لە کونجی خاطیرەما تا ژنێکی شۆخ نەکا
پەری صیفەت ، بە پەلوپۆی جەمالەوە جلوە ،
لەکوێ لە سەهلی زەمینا ، لە سینەیی فەلەکا ،
ئەبێتە مەنبەعی شیعرم بەدایعی ئەشیا ؟(٣٠)

وا بزانم ئەگەر نموونە هەرە بەرزەکانی شیعری جیهانی دەربارەی ژن کۆ بکەینەوە هیچیان لەم هۆنراوەیە زیاتر نرخیان بۆ ژن‌و جوانی ژن دانەناوە ••• تاری ڕوبابی ژیان بەدەست ئافرەتەوە دەکەوێتە جووڵە ، عیشق لەئافرەتەوە لەدایك دەبێ‌و هەر ئەویشە باوەشی بۆ دەکاتەوە ••• ئەو خەیاڵانەی دەفرن‌و سەما دەکەن هێزی خۆیان لە ئافرەتەوە وەردەگرن ، ئەگەر ئاسمانی دڵ ژنی تێدا نەبێ هەرچی برشنگی جوانی‌و خۆشی تێدایە ئاوادەبێ‌و تاریکایی باڵی بەسەردا دەکێشێ‌و ئەستێرەی هیوای مرۆڤ بە بێ زەردەخەنەی ڕووناکی دەکەوێتە گۆڕێ ••• ئەو گەوهەرەی بەسەر تاجی ڕێزو ئیحترامەوەیە : ژنە •

تەنانەت گۆران لێرەدا دەری دەبڕێ کە سەرچاوەی سەرەکی قەریحەو ئیلهامی ژنەو بەهۆی ئەو جوانییەوە کە ژن دەیڕژێنێتە سەر ڕووی زەوی‌و بۆشایی گەردوون ، هەموو شتەکانی تر جوان دەبن‌و دەبنە چاوگی ئیلهامی شیعری •••• خۆ ئەگەر بە حیسابی متصوفەکان یەکێتی بوون ـ « وحدة الوجود » هەبێ ، ئەوا بەلای گۆرانەوە تەنها پرشنگی جوانی ئافرەتە کە زیندوویەتی‌و جوانی‌و یەکێتی بە بوون دەبەخشێ •

دەوری ئافرەت لەژیانی گۆراندا ، دەگاتە ئاستی دەورێکی سیحری لەهۆنراوەی (نیاز) دا گۆران دەگاتە ئەوپەڕی بێ‌هۆمێدی‌و ، دۆش‌دامان‌و دەست‌لەژیان شتن •

لەشم بێ‌هێز ، گیانم بێزار ، دڵم غەمگین بوو ،
هیوام تاریک ، مەیتی عەشقم تابووتی ژین بوو !
ناهومێد بووم وام‌ئەزانی دەردێکە کاری
بەرەو پیری چون هێناویە دیاری ئێجگاری
ئیتر ئەبێ کونجێ بگرم ، دۆش دابمێنم
لەسەر مەرگی عومری جوانیم ، یاسین بخوێنم(٣١) •

بەڵام بە سیحری زەردەخەنەی ئافرەت سەرلەنوێ سەرچاوەی عومری جوانی دەژێتەوەو باخچەی ژیانی پڕ دەبێتەوە لەنەمامی گوڵ •••

ڕاستییەکەی گۆران ، وەك خۆی دەڵێ : دڵێکی بەپەرۆشی بۆ ئافرەت هەیەو زەبوونی دڵە •• ئەو ناتوانێ بۆ لەحزەیەکیش بێ چاو لە جوانی بتروکێنێ جا چ لە سەرەڕێیەکا بە ئافرەتێك گەیشتبێ ، یان قولنچکێکی عەباکەی لاچووبێ‌و لەش ولاری دیبێ ، یاماوەیەکی دوورو درێژ دڵداری بووبێ ، ئەمانە لەڕووی جوانی پەرستیەوە ، هەمان کاری گەورەیان کردۆتە سەر گۆران‌و هەستی هونەرمەندانەیان هاروژاندوە :

تصادفا كه جوانیت ، جەمالی بێ وێنەت
بەرامبەری نەزەرم ، ناگەهان تەجەسسوەی كرد
لەبەر ئەوەی بەشەرێکم ، زەبوونی دل هەلبەت
هەقم بوو پەردەی شەرمو حەیام درِی لام‌برد
بریمە نەخشی جەمالت ، بەبێ حەزەر لە قسمەت
لە هەردوو چاوەوە ، نووکی بلێسەیی سەودا
لە وردترینی دەمارم وەکو پزیسك پژا
تەحەسسوساتی دلێکی پەرۆش بۆ ئافرات(٣٢)

سەردەمی منالێتی گۆران کارێکی گەورەی لە دروست‌کردنی ئـەم دڵە بۆ ئافرەت پەرۆشەدا بووە گۆران وا دەردەکەوێ ، گەرچـی رِێزی لێ گیراوەو گرنگی بە فێرکردن‌و پێگەیاندنی دراوە ، بەلام ئــــەو خۆشەویستی‌و سۆزە گەرمەی نەدیوە کە منالێك لەناو خیزانەکەیــــدا پێویستێتی ••• نیزامی عەشیرەتگەری ، تەنانەت لەناو چوارچێـــــوەی خێزانیشدا ، لەسەر بناغەی گـــەورەو بچوکی‌و رِێزگرتن‌و فرمـــــان بەجێگەیاندن ، دامەزراوە ••• ئەم حاڵەتەش ، زۆر جار بۆشاییەکــــی گەورە لە نیوان ئاوات‌و تەمای کەسێکی هەلکەوتووی ناو خێزانەکــە ، وەك گۆران • و ئەندامانی دیکەی خێزانەکە دروست دەکا ••• هــــەر چۆنێ بێ چ‌خێزانەکەی‌و چ خەلکی دەورو بەرەکەی نەیانتوانیوە لـــــە گۆران بگەن‌و مافی خۆی بەپێی ئەو تێگەیشتنە بدەنێ •• بەداخـــەوە گۆران هیچ شتێکی دەربارەی ژیانی مندالی‌و پەیوەندی خۆی بە دایك‌و باوك‌و براکانیەوە بۆ بەجێ‌نەهێشتووین تا بیکەینە بەلگەی ئـەم رِایەمان ؟ مەگەر ئەو چەند دێرە نەبێ کە لەسالێ ١٩٢١دا کاتێ لەکەرکـــــوك قوتابی‌بووە • واتە لەتەمەنی ١٦ سالیدا بۆدایکی نووسیوە :

ئەی دایە ! ئەگەر ئەپرسی حالم
نێ ! تۆیش وەکو باقی بێ رِەحم نیت

تۆزقاڵێ ، کەمێ ڕەحم ئەزانیت
ڕاسی شەوو ڕۆژ هەر ئەناڵم

لێرەدا گۆران بە ئاشکرایی دەری دەخا کە تەنها دایکی بـــووە تۆزقاڵێ ڕەحم‌بزانێ ، ئەگینا ئەوانی تر هەموویان بەرامبەر ئەو بێ‌ڕەحم بوون • ڕەنگە ئەمە لایەنێکی ئەو پەرۆشییەمان بۆ ڕوون‌کاتەوە •

لایەنێکی تر بەلای منەوە ، دەگەڕێتـــــەوە بـــۆ هۆی غەریبی‌و دوورکەوتنەوە لە ماڵ‌و شارەکەی ، کە زۆر جار لە ژیانیدا تووشـــی هاتووە ••• گۆران هەر لەسەرەتای گەنجێتی‌یـــەوە ، تەنانـــــەت لە منداڵییەوە ، هۆگری کچان بووەو ، بێ‌گومان ، دڵداریشی لەگەڵـــدا کردوون • بەڵام بەهۆی دوورکەوتنەوە و ئاوارەییەوە ، هەموو جارێك (خۆشەویستییەکەی) پچڕاوەو لەداخ‌و حەسرەت بەولاوە هیچی بـــۆ نەماوەتەوە ••• ئەمەش بۆشاییەکی عاتیفی گەورەی لــــە ژیانیـــدا دروست‌کردوە ، کە زۆر بە زەحمەت توانیویەتی ، یان هـــەر نەیتوانیـــوە ، لەتەمەنی لەوەودوایدا پڕی‌بکاتەوە • هەر لەو چەند دێڕەیشدا بـــۆ دایکی ، ئەو هەستە غەریبییەی دەری دەبڕێ ، بەلای منەوە ، زیاتـــر غوربەتی ناوەوەی دەگەیەنێ :

دەگریم ودەسووتێم هەروەکو مۆم
ئاهم ئەگاتە کۆشی گەردوون ،
مات‌و کزو مەلووڵ‌و مەحزوون ،
بۆ حاڵی غەریب‌و بێکەسی خۆم ! (٣٣)

دەبێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکەین ، کە گۆران ژنی یەکەمـی لە خۆشەویستی‌یەوە نەهێناوە ••• دوای مردنی باوکی‌و کوژرانی محمد بەگی برای ، دایکی ئەوژنەی بۆهێناوە ، کە خزمی خۆی‌بـــووە ••• لەبەر ئەوە ئەو ژن هێنانە ، ئەگەرچی گۆران بەڕواڵەت بەسەرخـــۆی

نەهێنابێ ، بەڵام لەدەروونا ، ڕۆحی ئەوی ڕازی نەکردووە ... ئەمەش وای لێ‌کرد جارێکی تر ژن بێنێتەوە ... جگە لەمەش ، وەك مامۆستا ئەژی گۆران مەعلووماتی دامێ ، گۆران پێش ئەوژن‌هێنانەی کچێکی خۆش ویستووەو زۆرعاشقی‌بووەو بەتەمابووە بیێنە هاوسەری ... بەڵام لەبەر هەندێ هۆ ، بۆی نەبووە[٣٤] .. بێ‌گومان دەبێ ئەمەش کارێکی گەورەی لەژیانی گۆران کردبێ .

بە هەرحاڵ ، ئەم هۆیانەی سەرەوە ، هەموویان بەیێکڕاییی لەگەڵ جیاوازی پلەی گرنگیاندا ، دەوریان هەبووە لە دروست کردنی دڵی تینوو بۆ ئافرەت بەپەرۆشی گۆران ... سەرباری ئەو جوانیپەرستیەی وەکو خۆشەویستییەکی گەورە بۆ ڕووە ڕووناکەکانی ژیان لەناو دەروونیدا کڵپەی سەندووە .

ئەم پەرۆشە بەتینە ڕۆژ بەڕۆژ لەناو دڵی گۆراندا گەورەتر و گەورەتر بووە . گۆران ، لە ماوەیەکی درێژی تەمەنیدا بەرلەوەی تێگەیشتنی جوانی بگوێزێتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی‌و خەباتی میللەت لەپێناو ئازادی‌و بەختیاریدا و خەباتی مرۆڤایەتی لەپێناو ئاشتی‌و برایەتیدا ، ئافرەت لەلای ئەو نموونەی هەرە گەورەی جوانی بووەو بەیوەندی بەو جوانییەوە ، پەیوەندییەکی سۆفیگەرییانەی ئەوەندە بەهێز بووە کە نەیتوانیوە ، بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ ، دەسبەرداری بێ ... یان لەهێزو تینی کەم بکاتەوە ... گۆران هەر بەتەمابووە لەئافرەتدا بەو جوانییە ڕۆحییە بگات کەتەواوی هەستی خۆش‌ویستنی ئەو ، نەك تەنها بۆ ئافرەت ، بەڵکو بۆ تەواوی ژیان ، دابمرکێنێتەوە ... لەهۆنراوەی [کچێکی بێگانە]دا دەڵێ :

له هەچ باخێك گولێكی سوورم دیبێ ،
بۆی چووم هەزار درك لە پێم چەقیبێ
هەر ئەوەندەش گیرۆدەی گولی سوور بووم
ناشارەزاو پەپولەی دوور بەدوور بووم !
ئەمجا ئیتر کەوتوومەتە بەیایی
بۆ جوانیکی تری پێش ئاشنایی ٠
جوانەی تریش هەروەکو ئەم جوانانە
نەیتوانیوە ، دامرکێنێ ئەم گیانە
هەر سەرگەردان ، هەر ئاوارە ، هەر پرسی
[بۆچی ؟] باشە ، پێت بلێم با ، ئەپرسی :
چونکە کاتێ دێنێتەدی خۆزگەی دڵ
جوانی گیانیش ، هاوکاری بێ ، جوانیی گڵ ،
لەش با هەردەی بەهار بێ ئارایشتی
ئاسمانیکی ئەوێ فەڕ با بە گشتی
بۆ کلۆلیم ، ڕەنجەڕۆییم ، بەدبەختیم
تا ئێستا کە هەر نازداری من ناسیم
بەڕواڵەت چەن پرشنگدارو شیك بوو ،
پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریك بوو ؟
کۆشی گەرمو دەروونی ساردو سڕ بوو
زمانی نەرم ، نیهادی ئێجگار دڕ بوو(٣٥)

زیاد لەوەی ئەم هۆنراوەیە بە بێ دوودڵی ، ئەو ڕاستیە ڕوون دەکاتەوە کە پەیوەندی گۆران بە جوانی ئافرەتەوە زۆر بەرزترو باڵاتر بووە لەوەی پەیوەندیەکی جینسی یا بە مەبەستی دابین کردنی ئارەزووی سێکس بێت ٠ زیاد لەمەش ڕوون کردنەوەیەکی تر دەداتە پاڵ ئەو ڕایانەی دەرمان بڕین ٠٠٠ گۆران بەچاوی ڕۆشنبیرو هونەرمەندەوە ڕوانیویەتە ئافرەت ، لەم ڕووەوەو بەهۆی دڵی بۆ ئافرەت بە پەرۆشیەوە ، وێنەیەکی میسالی دەربارەی ئافرەت لە مێشکیدا گەڵاڵە کردووە ٠٠٠ لەم قۆناغەی ژیانو تەمەنو شیعریدا ، وای داناوە کە ئافرەت خۆی لەخۆیدا جەوهەرو مەبەستی ژیان بێ ، بەبێ ئەوەی دەوری ئافرەت لەو ژیانەدا بگرێتە

بەرچاوو ، ئەوڕاستیە دەرك پێبکا کە ئافرەتیش وەك بەشێك لە کۆمەڵ ، ناتەواوی‌و کەم‌وکوڕی‌و دواکەوتویی کۆمەڵەکـە دەیگرێتەوەو سەرمایەی جوانی بەس نی‌یە بۆ ئەوەی بیکا بە ئافرەتێکی میسالی ، بۆیە گۆران کــە ئافرەتە بێگانەکە ، وەك شاعیر قەدری ئەو دەگرێ‌و رێزی هوسـەرەکـەی دەزانێ‌و دیوانێکی (برۆتس)ی پێشکەش دەکا ، بەتەواوی هەســـــتی دەهاروزێ‌و یەکسەر جیاوازی نێوان ئەو کچە بێگانەو هەموو ئەو کچانە هەست پێدەکا کە لەوەپێش دیونی‌و ناسیونی و خۆشی‌ویستوون‌و لە دڵی ناریك‌و دەروونی ساردو ڕواڵەتی جوان بەولاوە هیچی لە لا شـــــك نەبردوون •

ئەم شیعرە ڕۆمانسیانە تەمەنێکی شیعری درێژی گۆران داگیردەکەن(٣٦) • هەتا لەگەڵ هەنگاونانی بەرەو واقیعیەت ، ئەو ڕاستیەتێ‌دەگا کە مەسەلەی ئافرەتیش بەشێکە لە مەسەلەی کۆمەڵ ••• ئافرەت بتێك‌و پەیکەرێکـــی جوانی نیە ، کە لەپێناوی جوانیەکەیدا خەلق کرابێ‌و هیچی تـــر •• جوانی ئافرەت زۆرجار لە ژێرپێی زوڵم‌و ستەمی کۆمەلایەتی‌و نەتەوەییدا دەپلیشێندرێتەوە ••• گۆران لە هۆنراوە ڕۆمانسیە کۆمەلایەتیەکانیـــدا وێنەی ئافرەت لەڕوانگەی ئافرەت خۆیەوە نیشان دەدا ؟ واتە ئێســـــتا ئافرەت لە شیعرەکانیدا هەست‌و سۆزی ناوەوەی خۆی لە پێناوی خۆیدا دەردەبڕی ••• ئێستا ئافرەت خاوەنی هەست‌و خواست‌و ئیرادەیـــە ••• نە نیعمەت‌و نازو سامانی کوشك ؟ نە زوڵم‌و زۆری چینایەتی‌و ستەمکاری ئاغا ناتوانێ خۆشەویستی کچە جووتیارێك بۆ کوڕێکی شـــــوان دوایـــی پێبێنێ •• گۆران لە [بوکێکی ناکام]دا بەسەرهاتی ئـــەم خۆشەویستیە لە سنووری تەسك‌و تایبەتی ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆژانە دەردەکـــــاو بوعدێکی گشتی‌و شموولی پێ دەبەخشێ‌و دەیکا بـــە نموونەیەکی بەرزی

بەهێزی بیرو باوەڕی ئینسان بەرامبەر زوڵمو ستەمکاری زورداران لەهەموو کاتو شوێنێکا ... گەرچی کوڕەی دڵداری کچە جورتیار بەتاوان دەکوژرێ ، بەڵام ئەم تاوانە هەرگیز نابێتە هۆی ئەوەی دڵی کچە جووتیار بگۆڕێ ، یان خۆی بەدەست ئاغای زۆردارەوە بدا بەڵکو :

ئێستا ئەوا هەرچی بلێی نیعمەتێ نازە
هەمووی ئەدا بە یەك دڵۆپ فرمێسکی تازە
لە بەردەرگای چاوی ڕەشا بلەرزێو بلێ
دەستی زۆردار سەد سەرئەکا ناگاتە دڵێ !!(٣٧)

هۆنراوەی [بەردە نووسێك] و [ئەنجامی یاران]یش لەسنووری ئەم ڕوانیە ڕۆمانسییە کۆمەڵایەتیەدان .. بەڵام دوای ئەوەی گۆران بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٥٠ ـ ئایدیالی جوانی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ ناو میللەت و گرنگی بەعەکس کردنەوەی هیواو ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدا ، مەسەلەی ئافرەتیش دەبێتە بەشێکی ئاوێتەبوو ـ و جیا نەبووەوەی تێکڕای مەسەلەی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك بۆ پێکهێنانی ژیانێکی پڕ لەجوانیو ئاشتیو داد پەروەری ... لەئۆپەرێتی [ئەنجامی ئەژدەهاك] دا ، مەسەلەی ڕوانینی گۆران بۆ ئافرەت دەگاتە هەرەبڵەی بەرزیو پێشکەوتنخوازیو شۆڕشگێڕی .. کچان لەو ئۆپەرێتەدا بەوە ڕازی نابن کە ئەوان لەماڵەوە دانیشنو ئەژدەهاکی خوێن ڕێژیش کوڕە لاوەکانی کوردستان سەربڕێ ... ئافرەتانیش خۆیان دەگۆڕنو دێنە کۆڕی خەباتەوەو داوا دەکەن کە ئەوانیش لەمردن لەپێناوی نیشتماندا هاوبەش بن :

کاوە (لەبەرخۆیەوە) :

هۆی ژیانی گەل ژنە
خەنجەر بێچووی ئاسنە

زامی جەرگی ژنو پیاو
هی دەستی یەك دوژمنە ..

کچان (لەڕیزی پشتەوە) :

مێشکی کوڕو کچ لای مار
لای ئەژدەهاکی زۆردار
هەریەکە ... هەریەك بێگومان !
ئیتر بۆ بێبەش بن کچان
لە خەباتو قوربانیدان

بەستەی کچان :

بۆ کچە کورد ژینی دیل ژین نیە ،
بەدەمی دیل هەنگوین ، هیچ شیرین نیە !! (٣٩)

بەڵێ !! ئەوساتەی ئافرەت دیلێتی خۆیو هۆی دیلێتی دەدۆزێتەوە، ئەو ساتەی تەواو هوشیار دەبێتەوەو نرخی ئینسانی خۆی لەناو کۆمەڵو گەلەکەیدا دەزانێ ، ئەو ساتەی کە ئەو باوەڕە پیرۆزە بەدەست دێنێ کە دەبێ لە خەباتی کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتیشدا هاوشانی پیاو بڕواو ، لە زیندانو سێدارەو سەر بڕینیشدا هاوبەش بێ ، ئەوسا مەسەلەیەك نامێنێتەوە پێی بگوترێ مەسەلەی ئافرەت ... بەڵکو تەنها یەك مەسەلە لەگۆڕی دەبێ : ئەویش مەسەلەی ئینسانە ، مەسەلەی سەربەستیو شادیو کەرامەتی ئینسان ، چ ژن بێ ، چ پیاو ...!!

★ ★ ★

دوا وشە :

ئیستا کە بیرێکمان دەربارەی مەسەلەی ئافرەتو جوانی لە شیعرەکانی گۆران ـ دا وەدەست هێنا ، وا چاکە سەرنجێکی خێرلش لەو سەردەمە

بدەین کە ئەم شیعرانەیان تێدا نووسراون بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی تەواو مەوزووعی هەڵیان‌سەنگێنین ●

لەدوای کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم‌و بڵاوبونەوەی دەنگی ئازادی بەنێو گەلانداو دروست بوونی ناکۆکیەکی ئیستعماری گەورە لە نێوان دەسەڵاتی عوسمانی بەسەرچوو ـ و حوکمی ئینگلیزی تازە پەیدابوودا ، کۆمەڵێك ڕووناك بیرو ئەدیبی کوردیش کەوتنە خۆ ●●● زۆربەی ئەو ئەدیب‌و ڕووناك بیرانە لە تورکیای عوسمانی گەڕابوونەوەو زمانی تورکیان باش دەزانی‌و ئەدەبی ڕۆمانسی تورکی بەتایبەتی‌و بیری ڕاپەڕینی بۆرژوازیەتی نیشتمانی تورکی بەگشتی کاری تێ‌کردبوون(٤٠) ئەم ڕۆشنبیرانە توانیان نوێنەرایەتی بیری بۆرژوازی نیشتمانی تازە سەرهەڵداوەی گەلی کورد لە عێراقدا بکەن‌و(٤١) ئەدەب بکەنە مەیدانی کارێکردنی ئەوبیرانە ●●● ڕۆمانسیەتیش لە ئەدەبدا باشترین دەربڕینی زمانی حاڵی بۆرژوازیەتە ●●● ئەوان ڕۆمانسیەتیان بەرامبەر بەبیروباوەڕی کۆنی دەرەبەگایەتی‌و ئەدەبی کلاسیکی لەمیللەت دوورە پەرێز وەستاو ، ڕاست کردەوەو ، زۆر گرنگیان بەلایەنی نەتەوەیی‌دا ●●● حاجی توفیقی پیرە مێرد ، یەکەمین ئەدیبێك بوو کە پێشڕەوایەتی ڕێبازی ڕۆمانسی لەڕووە نەتەوەییە هەرە چاکەکانیدا کرد : مەبەستم زمان‌و گەڕانەوە بۆ کەلەپوری میللی‌یە ●● پیرەمێرد دروشمی نووسینی کوردیی پەتی بەرز کردەوەو ئەم دروشمە بەگورجی لەنێو ڕووناك بیرانی کوردا بڵاوبۆوە ●●● گەڕانەوە بۆ زمانی قسە پێ‌کردنی خەڵك‌و بێزار کردنی لەوشەی بێگانە دەستی پێکرد ●●● نموونەی فولکلۆری کوردی لە گۆرانی‌و بەیت‌و سەرگوزەشتەو حیکایەت‌و داستانی میللی هاتنە مەیدانەوەو ●●● ئەم بزووتنەوەیە بەردەوام بوو تا ئەم تێگەیشتنە نوێیەی

ئەرکی ئەدەب ـ ئەدەبی ڕۆمانسی ـ بەشێوەی تیئۆری ڕاتیکی لـەدوو
کۆمەڵە نووسینی [یادگاری لاوان ١٩٣٣] و [دیاری لاوان ١٩٣٤]دا
بەڕوونی خۆی بەدەرخست •••• بە تایبەتی لەووتاری [شاعیرەکانمان]
لە [یادگاری لاوان]دا کە بە بانگەوازی رۆمانسیەت لە ئەدەبی کوردیـدا
دەژمێردرێ(٤٢) شان بەشانی ئەم گەڕانەوەیە بۆ ڕەسەنێتی ، وەرگرتنی
شێوەی نوێی دەربڕینی شیعری لە شـــاعیرانی تورکو ئەورووپاییو تازە
کردنەوەی ئەدەبی کوردی بەلاسایی کردنەوەی ئەوان ، بەردەوام بوو•••

خـــوالێخۆشبوو ع • و • نووری زووتر ئـــەم شێوەیە نوێیەی
بەکارهێنا ؛ بەڵام بەداخەوە بەردەوام نەبوو ••• لە ئەنجامدا (گۆران)
بوو بەنوێنەری هەرە گەورەی ئەم ڕێبازە نوێیەو پەرەی پێـدا • بێگومان
هۆنراوە ڕۆمانسییەکانی گۆران ، لە چوار چێوەی ڕوانینی بۆرژوازییانەدا
بۆ ئافرەت خۆیان دەنوێنن ؟••• بـــەلام لەو قۆناغە مێژووییەدا ، لەچاو
بـیری دەرەبەگایـەتیو تێگەیشتنی ئـــەدەبی کلاســـیکی ، هـەنگاوێکی
گـــەورە بوون بۆ پێشـــەوە •• جگە لەوەش وەکو گـــوتم دەبێ وەك
بزووتنەوە نوێخوازییەکە هەڵیان بسەنگێنین ••• وەك نوێکردنەوە ؟ وەك
زمان ، وەك گەڕانەوە بۆ وشەو خاكو ئاوو هەواو مۆسـیقای کوردانە ؟
بە مانایەکی تر : ئەو هۆنراوانە لەو سەردەمەدا خۆیان لە خۆیاندا مەبەستو
ئامانج بوون ••• گەرچی ڕۆمانسییەت بۆ ئەدەب ، شێوەو ئوسلوب بوو ؟
بەڵام ڕاستیەکەی هەر لەو کاتەدا ناوەڕۆکی بیری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی
نەتەوایەتی بۆرژوازی ئەوسای گەلی کورد بوو •••• کە ناوەرۆکی ئەو
ناوەرۆکەش پاراستنی زمانو ژیاندنەوەو پێشخستنی نووسینی کوردیو بە
کـــوردی نووسین بوو : ئەو ڕووناك بیرانە دەیانـــەوسیت ژیاندنەوەی
زمانەکەمان بکەنە بەڵگەی شیرینیو پتەوی زمانەکەمانو کۆنیو زیندووییو
خۆڕاگرتنی گەلی کوردمان •

بۆئـــەم مەبەستەش شـــیعرەکانی گـــۆران بوونە گـەورەترین‌و ڕاستگۆترین شایەت ؟ ئەوساش‌و ئێستاش‌و لەمەودواش •••

پەراوێزەکـــان :

(١) بەهەشت‌و یادگار •••• چاپخانـــەی معارف : بەغـــــدا لاپەرە ٤٩ ـ ٥٠ •

(٢) بڕوانە [د • زکریا ابراهیم] مشكلة الحب •

(٣) گۆران (ئاوێتەی هەستیم) سروشت‌و دەروون ١٩٦٨ ل٦٦ •

(٤) گۆران بەسەرهاتی ژیانی خۆی نووسیوەتـەوەو بۆ « حسین علي شانوف »ی ناردووە تا لە نامەی دکتۆراکەیـــدا پشتی پێ ببەستێ • تائێستا هیچ سەرچاوەیەکی لەوە سەرەکی‌ترو بشتر دەربارەی ژیانـــی گۆران نی‌یە • بڕوانە [شعر الشاعـــر الكردی المعاصـــر (عبـــدالله گوران)] ، وەرگێڕ : شەکوور مستەفا ص١١ •

(٥) بڕوانە شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بەرگی دووەم ل١٤٨ـل١٥٠ •

(٦) یەکەمجار ئەم بەخشانەم لای مامۆستا کاکەی فەلاح بەدەســـت کەوت زۆر سوپاسی دەکەم •

(٧) مامۆستا کاکەی فەلاح لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی گـــۆران باسی ئەوەی کردووە کە عەبقەرییەتی گۆران بەهـــــۆی ئەو ئـــازارو ژانەخەستەوە دروست بووە ، کەلە منداڵی‌یـــــەوە نووشی هاتووە ••• بەڵام وەك لەدوایی ڕوونی دەکەینەوە بەپێی قسەی گۆران خۆشی ئازارو ناخۆشی ژیان کاریان نەکردوەتە سەر هیواو ئاواتی گەورەی گۆران •

(٨) هۆنراوەی [تاوێ نەگەڕا] بەهەشت‌و یادگار لاپەڕەی ٧٩ •

(٩) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ـ لاپەڕە ١٤٩ •

(١٠) شعر الشاعر الكردى المعاصر عبدالله گۆران ، ص ١٠ •

(١١) گۆران بۆ مامۆستا ڕەفیق حلمی ـ نەمری ـ گێڕاوەتەوە کە (یەکەم شیعر لە ژیانیا چوار پێنج بەیت بووە کە ئێستا هەرچەند ئەکات دوانیان نەبێ نایەتەوە بیری • ئەوانەش دیارە بۆ نووسین ناشێن • چونکە وەختی خۆی بە زمانێکی بێ شەرمانەی منالی توخن کەوتنی هاوڕێیەکی منالی تیایە) [بڕوانە : شیعرو ئەدەبیاتی کوردی • لاپەرە (١٥٠)] •

(١٢) هۆنراوەی (ئاوێنەی هەستیم) • سروشتو دەروون لاپەرە ـ ٦٦ ـ •

(١٣) هۆنراوەی (تاریکە شەوێ) ••• سروشتو دەروون ل٢٣ • هەروەها بڕوانە شیکردنەوەی تەواوی ئەو هۆنراوەیە لەباسی (سروشتو جوانی لە شیعری گۆراندا ـ نووسەری کورد ـ ژمارە ـ٩ـ)•

(١٤) دێڕە شیعرەکە ئەمەیە :

ئەندامێکی وەك منی بۆ شیعرو ئەدەبزاو ،
تیا نابێتە پارە دزی برسیو ناتەواو !

[هۆنراوەی : لەبەندیخانە ••• سروشتو دەروون لاپەڕە (٤٥)]•

(١٥) هۆنراوەی : جوانی بێ ناو : (بەهەشتو یادگار ل ٥٥ـ٥٦) •

(١٦) بڕوانە (کەمال میراودەلی ـ فەلسەفەی جوانیو هونەر ـ کانت ـ) •

(١٧) (المرأة فى التراث الاشتراكى ـ ترجمة جورج طرابيشى) •

(١٨) بۆتەواوی شیعرەکە بڕوانە : English Velse. Volume IV. Longon. P. 303

(١٩) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لاپەرە ١٦١ ٠

(٢٠) بەھەشتو یادگار لاپەرە ١٧ ـ ١٨ ٠

(٢١) بەھەشتو یادگار لاپەرە ١٩ ـ ٢٠ ٠

(٢٢) فرمێسكو ھونەر لاپەرە ١٣٥ ٠

(٢٣) ھۆنراوەی (ھەرچەن) بەھەشتو یادگار لاپەرە ٧٥ ٠

(٢٤) بەھەشتو یادگار لاپەرە ٢٩ ٠

(٢٥) فرمێسكو ھونەر لاپەرە ١٢٧ ـ ١٢٨ ٠

(٢٦) بەھەشتو یادگار لاپەرە ٦٣ ـ ٦٦ ٠

(٢٧) ھۆنراوەی ئاواتی دووری لا ٢١ـ٢٣ (بەھەشتو یادگار) ٠

(٢٨) مامۆستا د ٠ عزالدین مصطفی رسول دەلێ [گۆران کە ماوەیەکی زۆرلەتەمەنی شیعری بۆ ئافرەتو جوانی ئافرەت تەرخان کردووەو بەرھەمێکی زۆری لەم بارەوە ھەیە لە وەسفەکانیدا لە وێنەیەکی واقیعی جوانی ئافرەت دەرناچێو بە داھێنانەوە ئەمە دەکا ٠٠٠ گۆران کارامەترین کەسێکە کە وەسفێکی واقیعی ئافرەتی کردبێ] ٠

[بڕوانە : الواقعیة فی الادب الکردی ل ١٨٥] ٠

(٢٩) دەبێ ئێمە ئەو ڕاستیە بگرینە بەرچاو کە ئەم ھۆنراوانەی گۆران قۆناغێکی شیعری تایبەتی ئەو پێكدێنن‌و گۆران دوای ئەو قۆناغە نەك ھەر تەنھا تێگەیشتنی بەرامبەر ئافرەت دەگۆڕێ ، بەڵکو ئافرەت وەك مەبەستێکی سەربەخۆ لەلای ئەو رون دەبێو دەبێتە بەشێك لە مەسەلەیەکی گەورەتر کە مەسەلەی ئازادی وبەختەوەری مرۆڤە ٠٠٠ بەڵام (نزار قەبانی) لەو تەمەنە شیعرییە دوورو درێژەیداو ، لەم

سەردەمەی خەباتی نەتەوەی عەرەبو مرۆڤایەتیشمدا ، خۆی بۆ مەسەلەی ئافرەت تەرخان کردووەو بەلایەوە ئافرەت کەرەسەیەکە بۆ ڕابواردنی پیاوو هیچیتر • بڕوانە : (نزار قبانی ؛ الاعمال الشعرية الكاملة ـ الجزء الاول ـ منشورات نزار قباني • بيروت) •

(٣٠) هۆنراوەی [ژن] بەهەشتو یادگار لاپەرە ٨٧ •

(٣١) بەهەشتو یادگار لاپەرە ٥٣ ـ ٥٤ •

(٣٢) هۆنراوەی [سێبەری هیوا] بەهەشتو یادگار لا ٨٦ •

(٣٣) سروشتو دەروون لا ٩٧٠ •

(٣٤) بەپێی قسەکانی کاك ئەزی ـ ئەو ژنە هێشتا ماوەو لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی ناتوانێ ئاشکرای بکا ••• بەپێی رایەکی مامۆستا کاکەی فەلاحیش پەیوەندی گۆران بە دایکییەوە باش نەبووەو خۆشی نەویستووەو ؛ بەڵکو زیاتر لێی ترساوە ، بۆیە ژنی یەکەمی بە قسەی دایکی هێناوە ••• بەڵام من بەڵگەی وام دەستنەکەوت ئەم ڕایەم بۆ ساغ بێتەوە •

(٣٥) هۆنراوەی [بۆ کچێکی بێگانە] بەهەشتو یادگار لاپەرە ٥٧ ـ ٥٩ •

(٣٦) بەپێی قسەی حسين علي شانوف گۆران تا ساڵی (١٩٢٥) خەریکی شیعری غەزەلی تەقلیدی بووە ••• بە هەرحاڵ شیعرەکانی گۆران دەربارەی ئافرەت ، شیعرە رۆمانسیەکانیشی ـ دەکەونە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ ـ ١٩٤٠ • چونکە زۆربەیان لەو ماوەیەدا بڵاوکرانەوە ••• گەرچی دیوانی (بەهەشتو یادگار) و (فرمێسكو هونەر) لە ساڵی ١٩٥٠دا لە چاپخانەی معارف لە بەغدا چاپدراون •

(٣٧) هۆنراوەی [بووكێكی ناكام] لاپەڕە ٦٧ ـ ٦٨ دیوانی بەهەشتو یادگار • ئەم هۆنراوانەو هۆنراوەی (گوڵی خوێناوی) لەلایەن د • عزالدین مصطفی رسول له ـ الواقعیة فی الادب الكردی ـ و حسین علي شانوف له (شعر الشاعر الكردی المعاصر ـ عبدالله گوران)دا بەدرێژی لێیان كۆڵراوەتەوە ••• بۆیە بە پێویستمان نەزانی باسیان بكەین ••• خوێندەواری بەرێز دەتوانێ بۆ ئەو دوو كتێبە بگەڕێتەوە •

(٣٩) ئەنجامی ئەژدەهاك • گۆڤاری بەیان • ژمارە چواری بەرگی دووەمی ـ ئەیاری ١٩٥٩ ـ •

(٤٠) مامۆستای رەحمەتی ڕەمزی قەزاز لە كتێبی [بزووتنەوەی سیاسیو ڕۆشنبیری كورد لە كۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست دەڵێ : [لەدوای تەواوبوونی شەری یەكەمی جیهانی لە ١٩١٩و ١٩٢٠دا جولانەوەی ڕۆشنبیری كورد لە عێراقدا پێشكەوت • ئەو برا كوردانەی لە دەرەوەی عێراق ئەژیانو لە ئەستەمبوڵ بوون هەموو ڕۆشنبیر بوونو لەبەر زۆرداریو ستەمی توركەكان هەموو گەرانەوە بۆ كوردستانو لە دوو شوێنی گرنگدا جێنشین بوون لەسولەیمانیو بەغدا ••• لەسولەیمانی رۆژنامەی پێشكەوتن لە ساڵی ١٩١٩ تا ساڵی ١٩٢٢ دەركرا ، وە بانگی كوردستان ، رۆژی كوردستان ، بانگی حەق ، ئومێدی ئیستیقلال ، ژیان ، زانستی ، ژین •• دەركران]•

[لاپەرە ـ ٥٤]

هەروەها نابێ دەوری رۆژنامەی [تێگەیشتنی راستی] لە بزووتنەوەی رۆشنبیری كوردیدا فرامۆش كەین •

که ئینگلیزەکان لە ماوەی شەری جیهان یەکەمدا لە بەغــــدا دەریان کردووە و (٦٧) ژمارەی لێ دەرچووە •

[تێگەیشتنی ڕاستی] گەلێ خزمەتی بە ژیانی ڕوناکبیری کــورد گەیاندووە ـ زمان و ئەدەب و مێژووی کورد بۆ یەکەمجار بەوجــۆرە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەیەکی کوردی ڕەنگیان داوەتەوە ـ بروانـــە « تێگەیشتنی ڕاستی » و شوێنی لە رۆژنامەنووسـی کوردیـدا •• کەمال مەزهەر ئەحمەد ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغـدا ، ۱۹۷۸ • [بەشی پێنجەم ل ـ ١٤٨ ـ ٢٠٠] •

(٤١) د • عزالدین مصطفی دەربارەی ڕێبازی رۆمانسی لە ئەدەبی کــوردیدا دەڵێ [ئەو دەســتە رۆشنبیرەی لە قوتابخانەکانی نوێــدا پێگەیشتبوون لە دەوری کۆبوونەوە ••• ئـەوانیش ئەدەبی رۆمانســی تورکی و ئەدەبیاتی ئەوروپی لـە رێگای زمانی تورکیــەوە کــاری تێ کردبوون ـ ئەم دەستەیــە لە ڕووناکبـیران نوێنەرایەتیی ئەفکـــاری بورژوازییەنی سەرهەڵداوی ناو بزووتنــەوەی نیشتمانی کوردیـــان کرد •••]

(٤٢) (بروانە ـ وتاری شاعیرەکانمان) • یادگاری لاوان ـ بەغدا ، چاپخانەی کەرخ ـ ۱۹۳۳ ـ لاپەرە ۳۳ ـ ٤٤ •

لە یادگاری لاوانـــدا دوو هۆنراوەی گــۆران بلاوکراوەتەوە :
[هەوری پاییز ، لاپەرە ٢٦ ، و گەشـــتی هەورامان لاپەڕە ٥٧ ـ ٦٠]

لە دیاری لاوانیشدا ئەم هۆنراوانەی بڵاوکراونەتەوە :

١ ـ هەڵبەستی دەروون •

٢ ـ ئافرەت‌و جوانی •

٣ ـ گوڵی خوێناوی •

٤ ـ بەسەرهاتی ئەستێرەیەك • جگە لە پارچە پەخشانێك بە ناوی [لاواندنەوە بۆ برایەکی جوانەمەرگ] •• بێگومان ئەمـــــە دەوری سەرەکی‌و پێشڕەوانەی گـــۆران لە بزوتنەوەی ڕۆمانسی لە ئـــەدەبی کوردیدا نیشان‌دەدا •

دڵداری یەکی نامەزرۆ

جەلال سەرحەت خۆشناو

کچێ شەمێ ، هەستە زووکە
ئێشی چەند ساڵەی دڵداری
دەردی ناسۆری غەمباری
هەمووی ڕووکە :
شەو ڕاشکا ، ڕۆژ درەنگە
کۆڕی دڵداران بێ دەنگە
تۆیان دەوێ
حەزی سۆتو سۆیان دەوێ .

★★★

کچێ شەمێ
هەستە بوخچەی بووکێنیی خۆت
بکەرەوە
ئاوڕێ لە دێوانەی مرۆت
بدەرەوە
کلتوورو کڵو کلچووك دەرکە
چاوان ڕەش کە
خەندە لەسەر لێوان گەش کە

★★★

کچێ شەمێ
هەوکت جوان کەوە بە مێخەك
جۆت جۆت بازن بخە مەچەك
ملوانکەی مۆری سوورو زەرد
بنوێنە سەر سنگی بێ گەرد
با پاسەوانی مەمك بن
لە باوەش سوخمەی تەنك بن !

★★★

کچێ شەمێ
کاتێ ئەڕۆیتە سەر کانی
گۆزە ئەخەیتە سەر شانی
بازنەکانت با شرقەی بێ
تا دڵی عیشقم خورپەی بێ
ناو قەدی شل بچەمێنە
کەمەرەکەت بلەنگێنە
ڕەوتی هەیاسەت خرمەی بێ
شیلانەکانت زرمەی بێ
بەو پەنجەی وەك خسکەئاروو
بم دەرێ بادەی ئارەزوو
هەتا چیدی زوێر نەبم !
متووی دەنگی بلوێر نەبم !
با ئاوی ساردو نەغمەی نەی

وەی شەمێ وەی
سەرخۆشم کاتێ پێکی مەی !

★ ★ ★

کچێ شەمێ
لە پێش قۆدیلەی ئاوێنە
قژی ئاوریشمت داهێنە
کەزی‌و بسکت بهۆنەوە
با شەونم گوڵ بشۆنەوە
پانی بەرزەکەت دەپێ کە
لەنجەی ڕۆیینت بەڕێ کە
با برۆینە ڕێواس چنین
با بچینە مازوو ڕنین
با بچین بەیار بژار کەین
سەیران لە نێوان گولزار کەین
تێر ماچی ڕووی نەوبەهار کەین !

★ ★ ★

کچێ شەمێ
سات درەنگە ، کاتی خەمێ
بەسەرچوە
کار ئەو کارەیە لەڕووە
هەتا زووە
وەرە سەیرانی حەزی من
وەرە ناو قەفی شیعری من

★ ★ ★

کچێ شەمێ
لە هەڵپەرکێی دڵداریما
وەرە دەستم
تێر هەڵبەرین !
لە ئاهەنگی دڵزاریما
بە ئاوازی هەلبەستم
با ڕاپەڕین !
چونکە دێوانەی دڵی من
جەمی دەوێ ،
شەمی دەوێ !!!

هەواری ئەمجارەمان بەرینە لای « ئەدەب »

محەمەد عەلی قەرەداغی

لەم رۆژانەدا لای مامۆستا (جـەمال بابان)ەوە دوو سێ دەفتەری دەسخەتی (مستەفا صائیب)م دەست کەوت • دەفتەرەکان بریتین لە شیعرو دیوانی کۆمەڵێك لە شاعیرانی کورد • یەکێك لەو شاعیرانەی بەرهەمیـان لەم دەفتەرانـەدایە (میصباحو ددیوان ـ ئـەدەب)ە ؟ ئەو شیعرانـەی (ئەدەب)م کە لەم دەسخەتانەدان لەگـەڵ چاپەکانی (دیوانی ئەدەب) بەراورد کرد ، ئەنجام بۆم دەرکەوت چوار پارچە لەم شیعرانە تا ئێستـە چاپ نەکراون • بۆیە لـەم دەرفەتەدا ئـەو شیعرانە دەخەمە بەردەستی خوێندەواران بە هیوای ئەوەی لە داهاتوودا جێگای خۆیان لە دیوانی تازەی ئەدەبدا بگرنەوە •

ئەم دەسخەتەی ئەم شیعرانەی لێ وەردەگرین دەسخەتی مامۆسـتا (مستەفا صائیب)ەو ، ساڵی نووسینەوەی دیاری نەکـردووەو ، (١٩) پارچە شیعری (ئەدەب)ی تێدایە • ئەم چـوارەی ئێرەیان تا ئێستە ـ من بزانم ـ چاپ نەکراون ، دوو پارچـەیشیان لەوانـەن کە دوکتۆر مارف خەزنەدار بڵاوی کردوونەتەوە ، ئەو دواکەی لە چاپەکانی دیوانی ئەدەبدا هەن •

(١)

ئەی قامەتت صنەوبەرو ، وەی طەلعەتت بەهار
کوڵمت وەکوو شەقایق و ڕوخسارە لالە زار
ئەی غونچەیی نەزاکەتی گوڵزاری دولبەری
ئەی گوڵشەنی طەراوەتی فیردەوسی کردگار

ئەی سەروی نازکی[1] لێمە کەنار جۆ
ساتێ وەرە کەنارم کە مردم لە ئینتیظار
لەم فەسڵی گوڵ ، جەمالی گولوستان ، شکۆهی باغ
وەقتی مەحەببەتە بە دڵئازوردەگانی یار
یارت جەفا ئەگەر لەگەڵ ئێمە بە جەبر ئەکرد
ئەمساڵەکەت وەفا بە مە بووبێ بە ئیختیار
خۆشە ستەم لە جانیبی یاران بە عاشقان
ئەمما نە بەو قەرارە لەگەڵ ئەمنی بێ قەرار
بێ ڕوویی تۆ ، بە تایی سەری طورڕەکەت قەسەم !
دایم دڵم وەکوو سەری گیسووتە تابدار
ئەو یەك دەمە نیشاطە بە صەد ڕەنجو دەردیسەر
یەك عالەم ئەم حەیاتی بێ زەحمەتی خومار[2]
باموددەعی لە نەظمی (ئەدەب)دا نیشان بدات :
کامی وەدیعەیە لە کەس‌و ، کامی موستەعار !

(٢)

من لە دونیا غەمزەدەی حاڵی نزاری بولبولم
والەیی ناڵین‌و ناڵەی زار زاری بولبولم
هەردوو هەمدەردین‌و هەردوو کوشتەیی ڕوویی گوڵێك
بۆیە ڕۆژو شەو لە گوڵشەن هەمجیواری بولبولم
ئەو گوڵی چوو ، من دڵم ، ئەو چوو بە باوو من بۆ[3] گوڵ
ئەو بە دەردی من ئەناڵێ من بە زاری بولبولم
یا حەقیقی یا مەجازی عیشقی هەر کەس بادیە
گەر ئەمیش مەستم هەر ئەو مەستی عەتاری بولبولم

تا سەحەر ئەو گوێی لە فەریادی جیهان سۆزی منە
تا شەوێ من هەمدەمی فەریادو زاری بولبولم
ئەو بەناڵەی زارەوە ڕۆژانە دەمسازی منە
من بە ئاهی سەردەوە شەو غەمگوساری بولبولم
گەر چی یەك دەرسە (ئەدەب) سەودایی ئەمن و عەندەلیب
تابگە[٤] ، ئەمما ئەمن ئامۆزگاری بولبولم

(٣)

ئەی غونچەیی نەزاکەتی صەحنی حەصاری من
ئەی گوڵشەنی سەیاحەتی حاڵی نزاری من
ئەی لالەزاری ساحەتی گوڵزاری عەیشەکەم
ئەی ماهی چاردە شەوی دەیجووری تاری من
ئەی شەمعی تابناکی شەبستانی تیرەکەم
ئەی ماهی چاردە شەوی دەیجووری تاری من[٥]
ئەی بادەیی صەبوحیی‌یو جامی نیشاطەکەم
ئەی نەشئەیی مەدامی حاڵەتی خماری من[٦]
سەروی قەدت کە زیبی گولستانی ئێمە بوو
بۆ بوو بە تەرزی خاك لە بەختی هەزاری من ؟!
شەرت و قەرارم بە جودایی بە تۆ ، چ بوو
شەرتت نەبردە ئاخرو بردت قەراری من
دوێنێ کە نەوبەهاری ئەمن بوو[٧] جەمالی تۆ
ئەمڕۆکە خاکی توربەتی تۆیە بەهاری من
خۆزگە وەکوو گوزاری منە سەرمەزاری تۆ
ئەمڕۆکە ڕەهگوزاری تۆ بوایە[٨] مەزاری من

تۆ بووی صەنەم ! بە ڕۆژو بە شەو غەمڕەوێنی من
[ویستاکە کێ بو لە بی تو غەمگوساری من(٩)]
بێ قامەنی سەهیت کەوا فەرشی ئەڵحەدە(١٠)
سەر هەڵبڕەو بزانە چییە ڕۆزگاری من ؟
بێ ڕوویی تۆ مەحاڵە (ئەدەب) زیندەگی بکا
ڕەحمێ بکا بە حاڵی مەگەر کردگاری من

(٤)

ئەرێ تەرسا بەچە ، گورجی ڕموش ، مەزهەب مەسیحایی(١١)
فەرەنگی خو ، مەجووسی طینەتی ، میللەت نەصارایی ،
ئەرێ ئەی ئەرمەنی زادەی، (حەسەب مەئمەن (١٢))، مەزەب تەرسا
ئەرێ ئەی لوعبەتی سادا ، موغ ئادابی کلیسایی
جەفا وەرزی ، وەغا پیشە ، ئەلەم بەخشی ، بەلا بالا ،
خەطاکاری ، دڵئازاری ، جەفاکرداری هەر جایی
هەتا کەی من لە دەستانت لە بەندی میحنەتو غەمدا ؟
هەتا کەی من لە هیجرانت لە قەیدی ناشەکیبایی ؟
هەتا کەی کیبرو نازی تۆ بە یادی ڕازو بازی تۆ
بە دۆشی بوردەباری خۆم بکێشم من بە خۆڕایی ؟
هەتا کەی ئەی شەهی خووبان دەگەڵ زوەرەی غولامانت
بەو ئەندازە کە بێلوطفی ئەوەندە بێ موحابایی
نە ئاخر دولبەرا جارێ(١٣) بە دەردی بێ عیلاجی من
شیفا دەستێکی عیسایی موداواییێکی سینایی
هەتا تابو تەوانا بوو لە باری غەم نەبوو ماڵم
لە دیدارت ـ کە چی دەیکەم ـ نەما تابو تەوانایی
هەتا ئەو گەنجی زیبایی دوصەد(١٤) ئەووەڵ بەجێ بێنە
کە هەر پێنجو دو ڕۆژێکە دەوامی گەنجی زیبایی
هەتا کەی گولعوزاری من لە هیجرەت ڕۆزگاری من
وەکوو زولفی پەرێشانت پەرێشان بێتو سەودایی
(ئەدەب) ! چی دی نەیە ناڵەت لە تاراجی دڵو دینت
کە ئەمڕۆ ناڵە بێ وەجهە لە لای تورکانی یەغمایی

پارچەی :

« ئەی بادی صوبحدەم کە بکەی بەو گوزەرە گوزەر »

کە د • مارف خەزنەدار بڵاوی کردوەتەوە دەسخەتەکەی مستەفا صائیب ئەم شیعرەی لێرەدا لە چاپەکە زیاترە :

« عومرێکە من بە سایەیی ئەو نەخلی قامەتەم
نەمدی قەتم لە سەروی قەدی پڕ ثەمەر ، ثەمەر »(١٥) •

پەراوێزەکان :

(١) لە دەسخەتەکەدا (لێمە ذایم)بوو (دایم)ەکەم بە زیاذ زانی •

(٢) ئەم نیوە شیعرە نازانم چۆنە ، لە دەسخەتەکەدا ئاوا نووسراوە :
« یك عالم ئەم حیاتی ببی زحمتی خمار » •

(٣) (بۆ) ئەگەر بە بێ ڕاستە •

(٤) لە دەسخەتەکەدا بەم شێوە (تابکە) نووسراوە بەڵام نازانم مەبەستی چیە •

(٥) ئەم نیوە شیعرە بەم ڕەنگە دوو جار نووسراوە ، رەنگە هەڵەی نووسەر بێ •

(٦) (مەدامی حالەتی خماری من) ئەگەر مەدامەیی حالی خوماری من بێ ئەوسا کێشەکەی ڕەوان دەبێ •

(٧) (بوو) لە دەسخەتەکەدا نەبوو ، ڕەنگە نووسەر لە بیری چووبێ •

(٨) (بوایە) ئەگەر بایە بێ باشترە •

(٩) ئەم نیوە شیعرەیش نازانم چۆنە •

(١٠) لە مانای شیعرەکانەوە بە ڕوونی دیارە ئەم پارچە بۆ لاواندنەوەو شیوەن گوتراوە ، بەڵام بۆ کێیە ؟ نازانم !

(١١) سەرەتای ئەم پارچە وەك پارچەیەکی دیوانە چاپەکانە بەڵام ئەم شیعرەی سەرەتاو شیعرێکی کەیان لە یەك دەچێو ، شیعرەکانی کەیان زۆر جیاوازن •

(١٢) (حەسەب مەئمەن) نازانم مەبەستی چیە •

(١٣) له دەسخەتەکەدا (رحمی جاری = رەحمیٚ ، جاریٚ) نووسراوە بەڵام یەکێکیان زیادەو ، رەنگە نووسەر (نوسخەی دووهەم)ی هێنابێ ·

(١٤) (دوصەد ئەووەڵ) ئەمەیش نازانم مانای چۆنە ·

(١٥) دەمەوێ لێرەدا سەرنجم بە کورتی بۆ کارەکەی د · مارف دەرببڕم :

١ ـ د · مارف دەبوو ژمارەی دەسنووسەکەی بەگوێرەی ئەو جێگەی کە تیایەتی دیاری بکردایە ·

٢ ـ دەبوو وێنەی چەند لاپەڕەیەکی دەسنووسەکەی بە زەنگ بگرتایەو لە چاپەکەدا پێشچاوی بخستایە ·

٣ ـ چونکە ئەو دەسخەتەی د · مارف شیعرەکانی لەبەر نووسیوەتەوە دەسخەتی شاعیر خۆی ـ واتە ئەدەب ـ بووە ، ئەو دەسخەتە لە مەیدانی لێکۆڵینەوەدا نرخێکی تایبەتی هەیەو پێش هەموو سەرچاوەیەکی کە دەخرێت · بۆیە باش وابوو د · مارف کە هاتو نامیلکەیەکی بۆ ئەو کارە تەرخان کرد بەوەندەوە نەوەستایە کە هەر شیعرە بڵاونەکراوەکانی بنووسێتەوە ، بەڵکو چاك وابوو هەموو دەسخەتەکەی ـ بڵاوکراوەو بڵاونەکراوە ـ چاپ بکردایە ، ئەوکاتە نرخی کارەکەی گەلێ زیاتر دەبوو · خۆ ئەگەر پارچە بڵاوکراوەکانی دەسخەتەکەی لەگەل چاپەکاندا بەراورد بکردایەو جیاوازیو کەمو کووڕییەکانی دیاری بکردایە ئەوسا کارەکەی زانستییانەتر دەبوو ·

٤ ـ دوا سەرنجم دەڵێم : د · مارف هەرچەند دەسخەتی شاعیر خۆی ـ واتە نوسخەی دانەری ـ لە بەردەستدا بووە هێشتا هەڵە لە ئیشەکەیدا هەیە ، بۆ نموونە سەیری نیوەی دووەمی شیعری دووەمی پارچەی(١١) بکە کە ئاوای نووسیوە :

« عەرزی بکە نەماوە ، بێ ئەسەر ئەسەر »

بەڵام لام وایە ـ وەك مامۆستا صائیب نووسیویە ـ ئاوا بێ :

« عەرزی بکە : نەماوە لە مەی بێ ئەسەر ، ئەسەر » ·

هەروەها سەیری نیوەی دووەمی شیعری حەوتەم بکە کە نووسیویە :

« ئەمن‌و جەلایی ... » ئەمە لێرەدا دیـــارە نەیزانیـــوە دەسخەتەکە بخوێنێتەوەو (جدایی = جودایی) لێبووە بـە (جەلایی) .
دووبارە لە لێکدانەوەی مانای شـیعرەکانیشدا هەندێ جێگەی باش نەپێکاوەو بە هەڵەدا چـــووە وەك مانای شیعری (٦)ی ئەم پارچەیە کە باسی لێ دەکەین . د . مارف ماناکــــەی ئاوا نووسیوە :
« **واتە قەدەر خۆش نیە کە لە هەموو کاتێکدا هەر بێتەدی** » .
لێرەدا د . مارف بۆ ئەوە چووە کە (قەدەر) لە قـــەزەری (قەزاوقەدەر)ە ، بەڵام وا نیەو (قەدەر) لێرەدا بە مانـــا (کەمێك و تۆزێك و نەختێك)و ئەوانەیە واتە : بەمانـــا (کەم) . زۆر باوە لە سەر زمانی خەڵك کە دەڵێن : (برۆ قەدرێکی‌تر بێرەوە) ،یان (قەدەرێکە لێرە دانیشتووم) .
ئەو کاتە مانای شیعرەکە ڕوونەو ئاوا دەبێ :
(جەوری بتان بۆ ئێمەی عاشقان ، بە حوکمی قەزا ، خۆشە ، بەڵام نەك هەمیشەو هەموو کاتێ ، بەڵکو کەمە کەمەو قــەدەر قەدەر) ئەم شیعرە ســـــنعەتی (تەورییە)ی تێدایـــە : (قەدەر) بۆ دوو مانا بەکار دێت : (قەدەرێك) کە لــە قەزاو قەدەردایە . لێرەدا ئەم مانایە مانای یەکەمەو لەفزەکـە دەلالەتی لە سەر دەکات ، بەڵام شاعیر ئەم مانای مەبەســـت نیەو ، مانای دووەمی مەبەستە کە هەندێك دوورەو دۆزینەوەی وریایی دەوێ‌و ، دۆزینەوەی تام‌و چێژێکی خۆش بە هەست‌و بیری خوێنەر دەدات ؛ ئەو مانایشـــــە ئەوەیە کە (قـــــەدەر) لێـــــرەدا بـــــە مانا (کـــــەمێك) یان (تۆزێـــــك) بێت وەك باسم کرد .

سەرچاوەکانی ئەم باسە :

(١) دەسخەتی مستەفا صائیب .
(٢) دیوانی ئەدەب ، چاپی سێیەمین ، چاپخانەی هەولێر ، هەولێر ، ٢٥٧٨ی کوردی ١٩٦٦زا .
(٣) عەبدوڵلا بەگی میسباح - دیوان شاعیری گەورەی خاکــــی موکریان ، لێکۆلینەوەو بلاوکردنـــەوە ، دوکتۆر مــــــارف خەزنەدار ، بەغدا ، چاپخانەی ئیرشاد ، ١٩٧٠ .

شیعرە هەورەکان

لەتیف هەلمەت

چونکە شیعرم

چونکە شیعرم تینووی چەمی
خۆری تازەی دەم کەلە
چونکە شیعرم بەستەی دەمی
هەموو منالآنی گەلە
چونکە شیعرم چەقۆی ژەهراوی ناو زامی
داگیرکەرە
چونکە شیعرم ڕەشمالّی هەزاران هەزار
دەرکراوو دەربەدەرە ...
چونکە شیعرم بە دەس هەموو
مافخوراوانی زەوی‌یەوە خەنجەرە ...
لەبەر ئەوە ... رقیان لێمەو
شیعرەکانم رەجم دەکەن
چی ... ناپاکو هەلپەرستو
درۆزنو نۆکەرە ...!

ئامۆژگاری ژمارە ـ١ـ

گەر دەتەوێ
نیوە شەوێ
کەولەکەت نەکەن بە مەشکە ...

مووی لەشت نەکەن بە ڕەشکە
دەمت نەکەن : بە کوانووی ئاگر
مەبە بە شاعیر ...!

زەبرو زەنگ

زەبرو زەنگ :
لاڵ فێر دەکا چۆن بێتە دەنگ
زەبرو زەنگ
پێ دەبەخشێ بە بەردو سەنگ
منالی بێشکەش فێر دەکا ...
چۆن دەس بداتە زەبرو زەنگ ...!

دڵی شاعیر

کە ژێی کەمانێك دەپچڕن
چەند ئاوازی تیا دەکوژن
کە جەنگەڵێك دەبڕنو
دەیکەن بەکەپری زۆرداری
چەند باڵداری دەم پڕ خەندەی ئاگری لێ دەرەنجێنن ...
کە ئاسمانێك دەرووخێنن
چەند ئەستێرە لە ناولەپیا
وەك گوڵە جۆ دەوەرێنن ...
ئەی کە شاعیرێك دەکوژن
چەندین هەزار شیعری ئاگر
لە دڵیدا دەپرووکێنن ...؟

مرواری

مراوری‌یه‌ك له تاجی شایه‌ك ترازا
وكو بالداری بریندار
بلوه‌شی به‌زه‌وی‌دا كرد ...
كۆیله‌یه‌ك بۆی نووشتایه‌وه
هه‌لیبگرێ‌و بیداته‌وه
له تاجی شای « پایه‌دار »
مرواری بێ دەم‌و زمان
چاوی له كۆیله قووچان
له عه‌زره‌تا كه‌وته دووان
هاواری كرد : بێزار بووم تاجی شام لێ‌بووه به‌كۆت
بۆ نامدزی‌و بۆ نامكه‌یته عه‌شقبه‌ندێ
بۆ گه‌ردنی ژنه‌كه‌ی خۆت ...؟

جیهانی نوێ

له دەستی زۆرداره‌كاندا ... چه‌قۆی گرو
له زه‌وی‌دا ... زیندان ده‌ڕوێ
له‌دلماندا په‌نجه‌ره‌ی نوێ ...

. . .

له‌زه‌وی‌دا ... پۆلیس ده‌ڕوێ
له‌سه‌ر له‌شماندا لیس ده‌ڕوێ
له‌ملماندا گوریس ده‌ڕوێ
له‌گیانماندا جیهانی نوێ ...!

جانتـــا

جانتای دەستی برژواکان
پارەو گەدەی برسی تیایە
جانتای شاعیر
خۆشەویستیو گوڵە وشەو
شیعری ئاگر ...
. . .
ناخی دڵی برژواکان
کچۆڵەی ڕووت ڕووتی تیایە
بەڵام دڵی هەژارەکان
هەرنیشتمانو نیشتمانو نیشتمان ...!

نیشتمان گەورەترین وڵاتە

هەزاران هەزار زینداتتان هەیەو
منیش یەك خۆرێ
هەمووی ناتوانێ
تاقە خۆرەکەم بشارێتەوە
. . .
هەزاران هەزار شمشێرتان هەیەو
منیش هەر دوو دەس
هەمووی ناتوانێ
ئەم دوو دەستەم لێ بسێنێتەوە
. . .

ئەوەندەی دەنگی سەد هەزار هەنار
نیشتمان لەسەر رووی زەویدایە
بەڵام ئەمن لەم ولاتە نەبێ
هەڵناکەم بە هیچ هەتاوو بایە

ســەرنج

کە هێشووی ڕووناکی دەڕژێتە ناوچاوم
ئاسمانی کپ دەڵێ : ئەها ئەو شاعیرە
تەماشای بێ دەنگی من دەکا ...
مەل دەڵی : ئەها ئەو شاعیرە
تەماشای شاباڵی ڕەنگ ڕەنگی من دەکا ...
باخ دەڵێ : نەوەڵا سەرنجی داری تۆ خەنەیی من دەدا ...
چەم دەڵێ : وا نیی‌یە سەرنجی شەپۆلی پەمەیی من دەدا
کچ دەڵێ : وا نیی‌یە درۆ کەن ... وا نیی‌یە ... ئەزانم
ئەو تەنیا هەر سەیری من ئەکا ... ئەزانم ...
بەڵام من بە جوانی وڵاتدا دەڕوانم
ئەوانیش هەموویان
بەشێکن لە جوانی نیشتمان ...

نامەی شاعیرێکی فەلەستینی هاوڕێ

لای سەربازێك
لێرە ... داپاچینی سەرێك

له قنجك كردنى پيازێك
ئاسانتره
...
لێره برینی دهستێك
لهبرینی چڵهدارێك
ئاسانتره ...
سهر .. دهس .. قاچ .. چاو .. گوێ .. دهم .. هتد
لێره وهکو : تووتن .. خهنه .. تلیاك .. بۆمبا ..
وهك گشت شتێکی قاچاخ
پۆلیس مافی ئهوهی ههیه
له ههر کهسێ زهوتی بکا ...

شهڕی سێیهمی جیهانی

دارستانه قژ سهوزهکه ... شهو به بێ دهنگ
رهگهکانی خۆی ههڵرنیو ... داميّنی خۆی ...
کرد ... بهچهمی ئاگری زهنگ ...
کاتێ زانی
کهبهیانی
دارهکانی
دهبرن و دهیکهن بهقۆناخه تفهنگ
بۆ سێیهم جهنگ ...!

شەوی نەورۆز

لە تاریکی ژوورە بێ دەلاقەکەیدا
زامەکانی پڕ لە لیسکی خوێنی سوور بوو
چاوی نوقمی بەفرو گڕی چیای دوور بوو
دڵیشی پڕ : گۆرانیو حەیرانی بەسۆز ...
سەرنجی دا ...
بە هەر چوار لای ژوورەکەیدا
سەرنجیدا ...
تەنیا هەر تەڵێ شقارتەو بەتانییە شڕی هەبوو ...
تەڵە شقارتەکەی داگیرسان
بەتانییە شڕەکەیی پێسووتان ...
شەوە زەنگی ناو زووری شەوی زیندان ...
شەوی پیرۆز ...
شەوی پیرۆزی نەورۆز ...
بوو بە بەیان ...
هەر ئەو شەوە ...
لە زووری ئەو زیندانەوە
گواستیانەوە
بۆ گۆڕستان ...
. . .

بۆ حاجی قادری کۆیی

فیرت کردم

چۆن وشە بکەم بە بارووت
چۆن پڕ ئەوین کەم هەڵبەستم
چۆن دارو بەردو ئاوی
کوردستانم بپەرستم ...
منیش منالآن فێر دەکەم
چۆن شیعری تۆ لەبەر کەن
چۆن تامی‌کەن وەکو هەنگوین
چۆن شیعری تۆ بنووسنەوە لەسەر هەموو
دەنکە گەنمێکی قەراچو
گشت تاشە بەردێکی هەندرێن
تۆ دەزانی ... ئێستاکە چەندین ملیۆن کورد
بە بیری ناو شیعرەکانی تۆ دەژین ...
تۆ دەزانی
چەندین ملیۆن منالی ئەم کوردستانە ...
شیعرت دەکەن بەگۆرانی ...

بۆ ئەحمەد موختار جافی شاعیر

هاوڕێم هێشتا : شین‌و ناڵین‌و گریان
نەبڕاوە لە کوردستان
هەتا ئێستاش [سکەی ئاسن]
نەگەیشتۆتە هەورامان
هەنائێستاش شاعیرەکان

باسی پرچو مەمکی نوقمی گوڵاو دەکەن •••
باسی ماچو هەڵمژینو رەشیىو شینی چاو دەکەن •••
شاعیرەکان هەر زمانن •••
پاڵەوانی بارەکانن
لە هیچ چەکێ نازانن
بەڵام هەر زۆر زۆر شارەزای
پێك هەڵدانو
رووتکردنەوەی ••• بارە ژنو
کچی جوانن •••
شاعیر چیە •••
گەر دڵداری نیشتمانو وڵات نەبێت
شیعر چیەو بۆچی دەشێت
گەر لە ژێر پێی داگیرکەردا
وەکو لوغم نەتەقێت •••؟

ئەفسانەی ڕێگای هاتو نەهات

ڕەئووف بێگەرد

وەك باوکم بۆی باس کردبووم ، زۆر جار کاروانی گوندەکەمان نەگەڕابوونەوە ، بەتایبەتی لە مانگی ڕێبەنداندا کە جۆشی ســـەرماو بەفرو بەستەڵەك بوو . هەموو جارێك پێی ئەوتـم : گەلێك کەڵە پیاوو دنیادیدەمان لە کیس چوو ، ئەو زیانە سەختە ئێمەی لەم کونجە تەریکەدا فڕێداو دەرەو چیای کردە هاوەڵمان بووە مایەی نەهاتیو ڕۆژ ڕەشی ، وەك سروشت خۆی بۆ ئەو ڕۆژانە نابێتەوە هەر کە کاروان لـە شارەوە بەرەو ئێرە ئەگەڕایەوە ، لە نیوەی ڕێگادا لێی ئەگۆڕیـن ، ئەی کردە کڕێوە ، بەفر ڕێگای ئەبەست ، لەو دەشتە هەتەرو چیا سەختانـــەدا بەرەواژە ئەبوون ، دەنگیان بە کەس نەئەگەیشت ، پاش چـەند ڕۆژێك کە دنیا هێور ئەبووەوە ئەکەوتینە کێومالّ ، هەندێك لاشەمان لـــە دەرەو چنوردەکاندا ئەدۆزییەوە، ئەوەیش کە بەردەستمان نەئەکەوت لە وەرزی بەهاردا لە ناو کلیلە بەفری تواوەدا دەرمان دەهێنان . باوکیشم لە باپیری بیستبوو ، گوایە لە ناو گوندەکەی ئێمـــەداو لەتەمەنی منداڵی ئـــەودا ، پیاوێکی گەلێك زیرو لێهاتوو هەڵئەکەوێت .

بۆ ئەوەی تەلیسمی ئەو نەگەڕانەوەیە بشکێنێت لە گەڵ هـەندێـك پیاوی بەهێزی ناوچەکەدا ئەکەونە ڕێ ، لە گەڕانەوەدا توێشەبەرە لەپشت ئەکەنو کاڵەو پێتاوێکی مەردانە ئەبەستن ، ناوڕانو سەرسنگەو سکیان ئەگرنە پارچە لبادو خوری ، کە ئەگەنە ناوەڕاستی چیا بەفرینەکە هەست

بە گۆڕانی هەوا دەکەن ، ئەزانن وەیشومەکەیەو زوو نەکەونە خۆیان تیا نەچن ، ئەچنە ئەشکەوتێکەوە چەند ڕۆژێکی تیا ئەژین ، خواردنیان تەواو دەبێتو سەرمایش تەنگیان پێ هەڵدەچنێت ، کە سەردەکێشنەدەرەوە ، ڕێگای ڕزگاری‌یان بەبەستراوی دەبینن ، پێ لەهەرکوێ‌یەکدا دابنێن هەڵدەدێرێنە ناو ڕەنووە بەفرەوەو دەخنکێن ، ناچار دەخزێنەوە ژووری تا یەك بەدوای یەکدا ڕەق هەڵدێن .

پاش ئەم کارەساتە کاروان قەدەغە ئەکرێت ، چیرۆکی ئەم ڕیگایەیش پشتاوپشت ئەکەوێتە سەر زمانی خەڵکی .

کە گەیشتینە هەڕەتی لاوی ، ئەم مۆتەکەی ترسە چۆکی لە سەر سنگی هەموومان دادابوو، نهێنی‌یەکی گەورە لە چاوی هەرلاوێکدا دەبینرا کە ئەوان لەماڵی یەکتر کۆدەبوونەوە ، پاش یاری‌و مەزاتی لاوی تاریکایەکمان بەسەردا دەهاتو لە جێگای خۆمان وشك دەبووین ' کلیلی زمانمان نەئەچەرخا ، سەیری یەکتریمان دەکرد ، وەك هەریەکە بەوی‌تر بڵێت : ئەری ئێمە دیلین ؟ خزاوینەتە چوارچێوەی ئەم گوندە تەریکەوەو ژیانێکی پڕ لە مەینەتی بەسەر ئەبەین !، زۆر جار بێ ئازووقەیی هەراسانمان دەکاتو ماڵو منداڵانمان بەسەرا دەگرینێ ، بەڵام کارەساتەکانمان هێند لێ‌نزیك بوو کەس پرکێشی ئەوەی نەدەکرد بێتە سەر ڕەوی کاروانو ترسی ڕێگاکە بشکێنێت ، سامی مردنو نەگەڕانەوە بوبووە جانەوەرێکی چنگ‌و پەل تیژو بەناوخوێن‌و دەمارەکانماندا دەگەڕا ، ئەگەرچی زۆرمان لەوە بیستبوو کە دوور لەئێمەیش لەچەند ناوچەیەکی‌تردا هەمان کارەسات رووی داوە ، بەڵام ئێستا لای ئەوان کۆن بووەو دیاردەی وەها ڕێگایەکیان لا نەماوە .

★ ★ ★

که موراد گەیشتە گوندەکەمان سەرەتای بەهارێکی تەڕبوو •

تەمی زستانە سەختەکەی ئەو ساڵەمان ڕەوی بووەوەو لە بزاوتی ژیانێکی نوێدا بووین ، بەڵام‌تارا بەفرینەکەی چیای کڵاو قوت هێشتا ئاوی چاوی ئەبرد •

– موراد – پیاوێکی باڵا بەرزی کامڵ بوو ، وەك خۆی ئەی ووت : لە هەندەرانەوە هاتووەو گەلێك ووڵات‌و خەڵکی سەیری دیوە ، چیای سەختی زۆر بریوەو گەلێك ڕێگای ترسناکی تاقی‌کردۆتەوە ، بەتایبەتیش هاتۆتە ئێرە تا لە ژیانی دانیشتوانی‌و نهێنی‌یەکانی ناوچەکە شارەزا بێت،خەڵکی لای ئێمەیش کە میوان یان ڕەوتەنی یەکیان ئەبینی وایان ئەزانی لە ئاسمانەوە کەوتۆتە خوارێ ، کێ دێتە جێگایەکی چەپەکی وەك ئێرە تا خەمی خەڵکەکەیشی بە کۆڵدا بدات ؟! کە باسی مانەوەی خۆی کرد پێی شاد بووین ، شەوان لەدەوری کۆ دەبووینەوە ، ئەویش لە ساردو گەرمی ژیانی خۆی‌و دنیا بەرینەکەی دەرەوەی ئێمە ئەدوا ، لەسەرخۆ دەرگای هەموو باسێکی لێ‌ئەکردینەوە • هەواڵی کارو ژیانمانی ئەپرسی ، نەبوو لە ناوچەکەدا ناوی موراد نەزانێت • بە تایبەتی لاوەکان تەواو بوبووینە هۆگری‌و لە هەموو لایەکەوە بۆ گوێ لێ گرتن‌و فێربوونی دەهاتن ، بووە تاقە پیاوی ئەو ناوە کە جێگای راوێژی گەورەو بچووك بێت •

لە کۆتایی پاییزی ئەو ساڵەدا خێزانێکی گوندەکەمان نەمابوو – موراد – ڕۆژە جووتێکی بۆ نەکردبێت ، شان‌و قۆڵی لە زەویەکەیدا نەکوتا بێت • بەسەر ماڵەکاندا ئەگەڕاو بەزۆری خۆی ڕۆژێکی دیاری ئەکرد ، ئەگەرچی خەڵکەکە زۆریان لا ناخۆش بوو ، بەڵام لە بەردەم خۆشەویستی مورادو ئارەزووەکەیدا دەستەوستان ئەمان ، کاممان گەلێك

شارەزای زەوی‌و کشت‌وکاڵ بووین ، بەنیوەی مـــورادمان نـەدەزانی ، دوور بەدوور لەبرشتی زەوی‌و پیزی خەلە ئەدوا ، کە جووتە گاکـــەی دەدایە بەرو خەتی زەوی ئەکێشا ، هەستت دەکرد لە باوو باپیرانی‌یـەوە بۆی ماوەتەوەو کوڕە جوتێرێکی تەواو قاڵە ، سـادەیی ژیان‌و کارامەییشی ئەوەندەی‌تر لەوە دڵنیای کردبووین کە لەگەڵ یەکێکی وەك خۆمانـدا دەژین‌و هەست بە نامـــۆیی کارو گوفتاری ناکەین • ئەمەندەیشـــمان دڵ دابوویەو بڕوامان دابووە دەستی ، فرمانی چ کارێکی گەورەی پێ بکردینایە بێ‌سێ‌و دوو بەجێمان دێنا • تا ئەو ڕۆژەی بانگەوازی بەناو گوندەکـــەدا گردو هەموو لاوەکانی کۆکردەوە ، سەرەتای مانگی ڕێبەندان بوو، پاش تەواوبوونی قسەکانی وەك هەر یەکە کوتەکێکت بەســەریدا کێشـــابێت بەکاسی بەرەو ماڵبووەوە ، شەو بەلێکدانەوەو بیرکردنەوەوە سەرماکـــەی بەڕێ‌کرد ، کە تیشکە نەرمەکەی خۆریش هالاوی سەر لە بەیانی لـــە ناوچەکە بەرزکردەوە ، هەموو لەپشت مورادەوە بەرەو شار کەوتبوونــە ڕێ • کاروانێکی نوێ بەســـەفەری ـ حەوت شـــەوو حەوت ڕۆژە ـ جارێکی تر ڕێگای هات‌و نەهاتی بەسەر ئەکردەوە •

★ ★ ★

به دوای یەکدا ڕێچکەیان بەستبوو، لە جوولاندا شەپۆلی دەریایەکی مەزن بوون ، هەورە هێمن‌و نیشتووەکەی سەریان تائەهات خـــەست تر ئەبوو ، موراد لەپێشەوە هـــەنگاوی دەنا ، سامی ڕێگاو ترسی هـــەورە مۆنەکەی بەجێ دەهێشت، هەموو جارێك ئاوڕی دەدایەوەو بە دڵنیایی‌یەوە ئەی ووت : ((من تەمەنێکی درێژم لەگەڵ کاروان بەڕێ کردندا بەســـەر بردووە ، بەنەو هەڵەشەیی ناوێت ، گرنگ ئەوەیە لە پێشدا ڕێگاکـــەت زانی بێت ئەوسا بیگریتە بەر)) •

ـ کاردۆ ـ ی لاو خۆی بۆ دابین نەدەکرا ، وەك ماسی‌یەکی لە ئاو دەرهاتوو بە هەموو لایەکدا بازرەقەی دەبەست ، نە ترسی لە سەرا مابوو نەچـــیرۆکەکانی باوکی دەهاتەوە یاد ، هـــەوای پێش‌کەوتن دەماخی پڕ کردبوو ، بە خۆی ووت : (من لاوێکی بەتوانام ، ئەم هەورازو سەهۆڵە ڕێگایەی ، لە ئێمەیان کردبووە کۆڵی شێر ناتوانن شـەکەتم بکەن ، پێش ئەوەیش دابکات‌و سەرما لە گـــۆم بخات ئەبێت مزگێنی گـــەڕانەوەمان بگەیەنم) •

بە هەنگاوێك خۆی لەکاروانەکە دابڕی، بەشێکی جامانەکەی سەری بە ملی‌یەوە ئالاندو تەنیایی کردە هاوەڵی ، پێی لە دەشتە بەرینەکـــە داگرت‌و بەهەمان ڕێگای کۆندا تێی کێشا ، مـــوراد هاواری لێ‌کـــرد : (هێشتا ڕێگامان زۆری ماوە ، تەنیـــا ڕۆیشتن کاری شـــێتانەیە • تۆیش منداڵیت‌و شارەزای هەڵەت‌و پێچ‌و پەنا نیت) •

ـ کاردۆ ـ هەنگاوی خێراتری نا ، لە پێچێکا لە چاو وون بوو ، کە بۆ سەرەوەی ڕوانی هەستی کرد پەڵە هـــەورەکان زیاتر لێی نزیـــك ئەکەونەوە •

وەستاو پشتێنەکەی توندتر لە خۆیەوە ئالاند ، پووزەوانەکـــەی هەڵکێشا ، هەواکە تا ئەهات سارد تر ئەبوو ، کڵاو قوتیش بەفری لەوەپێش ڕەشایی کەمتر تیا هێشتبوو ، سەری کردە ئالاو پێی لە هەورازا داگرت ، لە پێچی دووەمـــدا هـــەستی بە کورتی هـــەنگاوەکانی کرد ، دەستی بەکەمەریەوە گرت ، هەوا ساردەکە خۆی لە ناو سنگ‌و بەرۆکی کـوتاو وەك دەرزی بە ڕوومەتە گەرمەکەیدا چزا ، لە بن دارە بـــەنێکا وەستا ، سەیری شوێنەواری کووچەڵە قوڕینەکانی کـرد کە هێشتا بەقەدەکەیەوە مابوونەوە ، ئاوڕی دایەوە ، وەك بیەوێت ئەندازەی هاتنەکـــەی بزانێت ،

چاوی بە توولە ڕێگاکەدا شۆڕکردەوە ، بەڵام زۆری بڕ نەکرد ، تەم بوبووە دارستانێکی چڕو ناوچەکەی لە ئامێز گرتبوو ، گەواڵە هەورە سپی‌یەکانیش زیاتر تەکیان ئەدایە یەکو چڕتر ئەبوون ، کە کەوتەوە ڕۆیشتن کزە باکە سەرو سنگی بڕ کرد لە وردە بەفر ، هەورەکە گەڵێك نزیك بەسەر سەریەوە لەنگەری گرتبوو ، گوڕی دایە خۆی‌و هەنگاوی فراوانتر کرد ، چاوی لە بەر پێ‌ی ، رووی هەڵپێکاو کاڵەو پێتاوەکەی جارێکی‌تر بەسەرکردەوە ، جێگای خەنجەرەکەی بەر پشتێنی خۆش کرد ، لە گەڵ هەر هەنگاوێکیدا کلوو بەفر بەلەشیا دەئالا ، لە گەرمەی ڕۆیشتندا تووشی دووڕیانێك بوو ، وەستاو دەستی بەسەرو چاویا هێنا ، ڕێگایەك بەلای ڕاستاو ئەوی تریان بۆ چەپ ، نەی زانی شوێن کامیان بکەوێت ، بە خۆی ووت : (گیر خواردن لە دووڕیانێکی چۆڵدا ستەمە ، کەس ناتوانێت بەهەلەق مەلەق بیدۆزێتەوە) .

ملی ڕێگای لای ڕاستی گرت ، چەند هەنگاوێك ڕۆیشت ، وەستا ، گومان بۆ دواوەی گێڕایەوە ، بەلای چەپدا تێ‌ی کێشا ، زۆر نەڕۆیشت ، جارێکی تریش گەڕایەوە ، لە سەر جەمسەری هەردوو ڕێگاکە وەستاو بەفرەکەی لە خۆی تەکاند ، دەستی هەڵگلۆفت ، ترسی وێڵ بوون چۆکی لە سەر سنگی دادا ، کەوتەوە بیر کردنەوە :

(بەهەلەق مەلەق نادۆزرێتەوە ، هەڵوێرو نەگەڕانەوەی لە دوایە ، وەستانیش مردنێکی بەردەوامە) .

دەنگی پێ‌یەك بیرو ڕامانەکەی شڵەقاند ، کاردۆ دەستی نایە سەر خەنجەرەکەی‌و ئامادە بوو ، لەوە ترسا دڕندەیەك بێت ، کە نزیك کەوتەوە دەروێشێکی کوڵکنەی لاواز بوو ، سڵاوی کردو وەستا ، کاردۆ لێ‌ی پرسی :

(خاڵەی دەروێش ئەمەوێت بگەمە هەوارە بەرزە ، کام ڕێگایان بگرمە بەر ؟) دەروێش دەستە چڵکنەکەی بەڕیشە بۆزەکەیدا هێناو وەڵامی دایەوە : (ڕێگای لای چەپ بگرەو بەری مەدە ، کە گەیشتی‌یە دووڕیانێکی تر هەر بەلای چەپدا تێ‌کێشە) •

ناونیشانی پیرە دەروێش گەیاندی‌یە دەرەو هەڵەنگوتێکی ترسناك بە هەر چوار لایدا بێجگە لە سامێکی گەورە هەستی بە هیچ نەئەکرد ، وەستایەوە ، کلوو بەفرەکان هێمن ئەهاتنە خوارێو بازنگی بێ دەنگیان لەگەردنی چیا ئەکرد •

ئەڵێن لە تەنگانەدا مرۆڤ پەنا بۆ زۆر بیری سەیر ئەبات ، کە لە باری ئاساییدا هەر بڕوای پێ‌یان نی‌یە ، وەك ئەو نیوە خنکاوەی دەست بۆ تەلە پووشێك ئەکێشێت ، ئاخۆ نازانێت کە ڕزگاری ناکات ! ئەی بۆ دەسێ بۆ ئەبات ؟ ئەمە نهێنی‌یەکی ناوەوەی مرۆڤەو تا ئێستا سەری لێ دەر نەکراوە•

کاردۆیش لە گەڵ بیرکردنەوەو چاوگێڕاندا بە خۆی ووت :

(کە منداڵ بووم دایکم ئەی ووت هەموو کلوو بەفرێك فریشتەیەکی لە گەڵدایە ، ئەشێ فریشتە هەرەس بە توانام بێنێت ؟ چیرۆکی کوڕی سەیادیشم لە بیرە ، ئەگەر دایکم ویستبێتی بەویان بمخەڵەتێنێت ، بەمیان ڕێگای تاقی کردنەوەی بۆ خۆش کردووم ، هەر کە زانیم تەواو لەڕێگا دابڕاوم ، بەردێکی قورس بەکۆڵەوە ئەگرمەو لە گەڵ خۆمدا ئەیگێڕم) •

بە هەر چوار لای خۆیدا سووڕی ئەخوارد ، ڕێگا وون بوو ، ویستی بگەڕێتەوە دواوە ، دەنگێکی‌تر هەستی ڕاگرت ، تەزوویەکی شادی بەلەشیا هات ، لە ڕۆژێکی وادا چی لە هاوەڵی مرۆڤێك خۆشترە ؟ ، ئەی

کێ وەك وێڵێك هەست بەخەمی گیرخواردوویەکی ڕێ دەرنەکــــردوو ئەکات ؟ •

کە گەیشتە نزیکی تەپلە بەسەرێکی چوارشانەبوو ، کەشکۆڵێکــی خۆڵەمیشی لە کۆڵدا بوو ، کاردۆ هەواڵی ڕێگاکەی لێ پرسی‌و باســی دەروێشەکەی بۆگێڕایەوە ، بــەدەم سەر لەقاندنــەوە وەڵامی دایەوە : (ئەو دەروێشە ملۆزمە مـــەدانی وەك تۆی ئاوارەی دەرەو چــۆڵەوانی کردووە • خۆش‌باوەڕی‌و سادەیی لەڕۆژی وادا سەر گەردانی لەدوایە)• خستی‌یە دوای خۆی ، گەیاندی‌یە ســـەر ڕێگایەك ، بەدڵنەواییەوە پێی وت :

(لەمەو دوا ڕێگاکەی خۆشە ، زۆرت نەماوە بگەیتە هەوار • کــە گەیشتی‌یە دووڕیانێك بەلای ڕاســـتا بچەرخێ ، پاشان ڕێگاکە تەختــەو هیچی‌تری لێ جیا نابێتەوە) •

کە جیابوونەوە کاردۆ هەنگاوەکانی چالاك تر نا ، لەوە ترسا شەوی بەسەرا بێت ، بەڵام ڕێگاکە بواری نەئەدا ، چەندە هەنگاوەکانی فراوانتر ئەکرد ئەمەندە سەختی‌و قۆرتی ڕێگاکە بۆیان کورت ئەکردەوە •

درەختەکان چەتری بەفریان بەسەرخۆیاندا هەڵدابوو ، لە بنــارەوە بۆ لووتکە تارایەکی سپی هەموو تاشەبەردو کەلەبەرەکانی ڕێك خستبوو، تەنیا ڕێچکەی ڕێگاکە بوو هەندێك جار ڕەشایی تێ دەکەوت •

کاردۆ گەیشتە دووڕیانەکە ، دڵی بە ناونیشانەکە خۆش بــوو ، ڕێگای لای ڕاستی گرت‌و بە لاشانێکدا پێچی خوارد ، بە خۆی وت :

(تەنیا ڕۆیشتنە چاری کەوتن‌و لەشی سست ئەکات) •

ویستی زیاتر پەرە بە بیرو لێکدانەکانی بدات ، بەڵام زۆری نەبرد ڕێگاکە شوێنەواری نەما ، بووە لاشەیەکی سەر قرتاو ، چاوی بـــووە کۆتری لانەوازەو بەگشت لایەکدا سووڕا ، وەستاو خۆی خواردەوە • نەفرەتی لە دەرویش‌و کابرای تەپلە بەسەر کـــرد ، ڕق بووە ئەسپێکی سەرکێش‌و هەڵی گرت ، شەقی لە بەفرو بەردی ئـــەم لاولای خـــۆی هەڵدەداو لەبەر خۆیەوە ئەدوا ، لەشی کەوتە سەرئارەقەو هەناسە بڕکێی پێ کەوت ، ویستی بگەڕێتەوە ، چی لە گەڕانەوە دەست دەکەوێت ؟ ئەی ئەگەر بڕوات ؟ باشتر هەر ئەمەیانە •

هەنگاوێکی بۆ پێشی‌یەوە نا ، لەنگەری لەشی لە دەست داو هەڵدێراە بەردە لووت تیژەکان سەریان دەرهێناو لەشیان کردە گۆشتی کوتراو ، پەنجەی لە بەفرەکە گیر ئەکردو ئەی‌ویست خۆی بگرێتەوە •

بەڵام ماسی‌یەکی خزبوو ، بەسەر دەوەن‌و تاشەبەردەکاندا هـات ، تا لەشی کرمۆڵە بووی لەپاڵ درەختێکا گیرســـایەوە ، هەرچەندە برین‌و ئازارەکانی ویستیان چاوی پێ‌هەڵنەبڕن ، هەر چۆنێك بوو بە لارە لارە خۆی ڕاست کردەوە ، نەی زانی لە کوێدایەو ڕێگا لە کام لاوە دەست پێ دەکات ، شەلالی‌و بێ هێزی کاریان لێ کردبوو ، زانی توانای چوونەوە سەر ڕێگای نی‌یە ، دەستی بەخوێنی سەروچاوو سنگیا هێنا ، بەفرو کزە با ساردەکەیش زیاتر لە هێرش هێناندا بوون ، سەری بەرز کردەوە ، لە هـــەورەکەی ڕوانی ، وەك بێ‌ی بڵێت : (مرۆڤ کـە کەوت گەڵێك پێ لەقەی تری پێ دەدرێت ، تۆیش ڕۆژتە ، چی‌ترت لە دەست دێت بیکە)•

هەر چۆنێك بوو خـــۆی بەسەر تاشــــە بەردێکەوە گرت ، قـــەلە ڕەشەکان بەســـــەر سەریەوە ئـــەیان قیڕاند ، وەك داوای لێ بکەن زوو بمرێت تا بکەونە کەوڵی ، بەخۆی ووت : (ئەوەی تەنیا بەهێزی لاوێتی

بنازێت ئەمە چارەنووسیەتی ، ئەگەر لە کاروان دانەبڕامایە وام بەسەر نەئەهات ، ڕاستە ئەڵێن وەستانی هەندێك جار لەڕۆیشتنی پەلە چاکترە) .

دەنگێك هەستی ڕاگرت ، بە خۆی ووت : (وا دیارە جانەوەرەکانی ئەم ڕێگایە نەزانن هێشتا نەمردووم ، ئەیانەوێت لەمە بەلاتر چیم بەسەر بێنن ؟ ، یان ئەشێت من نەفـــرەت لێکراوێکی ســەرزەوی بم تا چەپۆکی هەموو کەسم بەر بکەوێت !) .

سەری داخستو نەیویست گوێ لە ڕێنمایەکیتر بگرێت ، بەلام لە ڕووبەڕوو بوونی مردنداو لەو جیهانە سامناکەدا بینینی مرۆڤێك هـەر دڵخۆشکەرە ، کە گەیشتە بەر دەمی تاشە بەردەکە ، کاردۆ بزەیـــەکی شادی کەوتە سەرلێوی ، چاوە نیشتووەکانی بەئومێـــدەوە تێ بڕی ، بۆ ماوەیەکی کورت ئازارەکانی لەیاد کرد ، کاردۆ پێی ووت : (چـــۆن گەیشتییە فریام ؟ زۆرم نەما بوو هیوا لەژیان ببڕم) .

موراد وەلامی دایەوە : (پێم نەوتیت سەرچڵی نات گەیەنێتە هەوار ، ئەم ڕێگا کۆنەی تۆ لەبەرت گرت ســەری باوو باپیرانیشتی تیا بردووە ، زانیم وات بەسەر دێت ، بەلام من بە ڕێگایەکی تردا شوێنت کەوتم) .

کاردۆ وتی (لەوە گەیشتم تەنیایی هەڵدێرو کەوتنی زۆری تیایـە ئەمەیان دوا تاقیکردنەوەی ژیانی خۆمە) .

موراد دەستی گرتو لە تاشە بەردە کەی هێنایە خـوارێ ، کاردۆ پێی ووت : (توانای ڕۆیشتنم یەکجار کەمە ، ناتوانم بەم ڕێگا سەختەدا بچمەوە) .

کەمێك سەری خست ، دەستی بە دەستییەوە گرتبوو ، بەلاشانەکەی ڕووکاری ئەو دیودا دای گیرا ، کەوتنە لێژی ، ڕێگاکــە بێ گــرێو

ساتمەبوو، کاردۆ هەستی بەحەسانەوە کرد ، دەستی بۆ زامێکی سەرسنگی برد کە خوێن بەسەری‌یەوە قەتماغەی بەســـتبوو ، موراد پێی وت : (گەلێك لەم ڕێگایەدا مردوون‌و سەریان نەبردۆتەوە دواوە،تۆ بەختەوەریت، زۆریش نابات برینەکانت ساڕێژ ئەبن‌و گوڕی جارانت تێ‌دێتەوە) •

بەفرەکە تا دەهات قورستر دای دەکرد ، تەم‌ومژ ئەی‌ویست ڕێگاکەیان لێ‌بگۆڕێت ، موراد وەك لە هـــەرەتی لاویدا بێت هەنگاوی دەناو ڕێچکەی دەشکاند ، کاردۆ چەند تەکانی دەدایە خۆی پێی نەدەگەیشت بە جـێ پێکانی ئەودا هەنگاوی دەنا •

کە پێ‌یان لە دەشتەکە توندکرد دەستێکی ئارام خۆی لـە دەروونی کاردۆ وەردا ، هەناسەیەکی شادی هەڵکێشا ، چاوی بەدەشتە بەرینەکەدا گێڕا ، موراد دەستی گرتەوەو پێی ووت : (تاقی‌کردنەوەی ئەمجارەت هەنگاوی پەلەو بێ‌جـــەسەرت پێ نانێت) • کاردۆ وەڵامی دایــەوە : (هەر چەندە ئەم وێڵی‌و هەڵدێرانە گەلێك لەتواناو کاتی لەناو دام ، ئەوەی فێرکردم کە لەپێش هەنگاو ناندا بیر لە جێ‌پێ بکەمەوە) •

کاروان هێشتا چاوەڕوان بوو ، بێ موراد هەنگاویان هەڵنەگرتبـوو کاردۆ لەریزەکەدا وەستایەوەو بووەوە پێشەنگ، یەکەم هەنگاوی نوێ‌یان لەهەورازەکەدا گرت ، هەورە سپی‌یـــەکە لێ‌یان نزیك‌کەوتەوە کلوو بەفرەکانیش وەك پەپوولە بەلەشیانەوە ئەنیشتنەوە ، موراد ڕێگا نوێ‌یەکەی لەبەر گرت ، کە هێشتا خەڵکی ناوچەکە یا تێ‌نەبەری بوون ، ئەوان وایان زانیبوو ئەویان تاقەڕێگای نزیکە ، یان هەروا ڕاهاتبوون کەدەست بەپشتێنی مەرگەوە بگرن‌و نەیش‌زانن بۆکوێ دەچن ، تـەم‌و مژەکە نـــەی توانی ڕێچکە ڕێگا کەیان لێ وون بکات ، بە لاشانەکەدا سەر کەوتن‌و زوو کەوتنە ڕووکاری ئەم دیو ، گوندەکەیان لێ دەرکەوت ، ناوچەکـــەیش وەك

فەرشێکی شین‌دوور بەدووو خــۆی دەنوانــد ، لووتکەی کلاّوقوتیش لەدوایانەوە بوبووە سەرو گەردنی مامــزو چاوی تێ‌بڕیبوون ، کاروان کەوتە شادی ، یەکەمجاریان بوو خۆیان لە باوکو باپیرانیان بە گەورەتر بزانــــن •

موراد کاروانەکەی ڕاگرتو پێی‌وتن : (ئێستا تەواو لــــەم ڕێگایە شارەزان ، جارێکی تر هەڵەی ناکەن ، منیش لەناوچەیەکی تری وەك ئێرە چاوەڕوانمن ، بۆیە بەجێتان دێلم) •

بەڕیزی کاروانەکەدا بــەرەو دواگەڕایــەوە ، بەهــەمان ڕێگادا سەرکەوتەوە ، کاروانەکە هەر وەســتابوون‌و چاویان لێ نەئەترووکاند ، ووردە ووردە دوور کەوتەوە ، تا بووە تارماییەکو یەکەم پێچی چیاکــە لێی وون کردن •

★ ★ ★

پاش ئەوە چیرۆکی ڕێگای هات‌و نەهات بووە ئەفسانەیەکی خۆش ، لە گوێ ئاگردانی شەوانی زستاندا داپیرە منداڵانیان پێ دەکردە خــەو ؛ لەسەرەتای مانگی ڕێبەندانی هەموو ساڵێکیشدا ، ناوچەکە ئاهەنگی شادی‌و بەزمی تیادەگیراو یادی ـ موراد ـ ی جوامێری تیا بەڕێ دەکرا •

کانوونی یەکەمی ١٩٧٧

سۆراخی خەیاڵ

شێرکۆ محەمەد رەشید

« خەیاڵ : زەمینەیەکی یەکجار فراوانی هــەیە بــە هەمــــو

لایەکدا ئەکشێت . »

ئەو جگەرەیەی ناتە سەر لێوت و
بە ئامێکی دوورو درێژ
کەدات گیرسان
دووکەڵی کردەوە
لە ناو دڵی منا
چاوی منی پێ کرایەوە
کاتێك لە ناو ئاوی چاوما
مەلەت ئەکرد
پێیان وتم : کە باوکت مرد

★ ★ ★

باوکت مرد
تۆ چیت کرد
لە دەنکە شقارتە
تابوتێکت بۆ دروست کرد
لە ئاغزە جگەرە
کفنێکت بۆ دروست کرد
باوکت مرد
تۆ چیت کرد ..
لە ناو دووکەڵی جگەرە کێشانا
شاردتەوە
لە ناو هەناسەی
ساردی قووڵی سیەکانتا شاردتەوە
شاردتەوەو ، شاردتەوەو ، شاردتەوە ..
کاتێك لە گۆرستانی دڵتا
لە ناشتنی گەراپتەوە
یەك لە دوای یەك
جگەرەی خۆت دا ئەگیرسان
هەر ئەتپرسی
باوکت خۆی مرد
یاخۆ کوشتیان !!

که زەردەخەنە کۆچ ئەکا

حەمە سەعید حەسەن

* بۆ گیانی نەمری نێرۆداو هەموو
شەهیدانی سانتیاگۆ .

شەوانە بە خەیاڵی ئەو شاعیرەوە
خەو لە چاوانم ئەتۆرێ
کە لە سۆراخی ووشەیەکی یاخی‌یا
هەموو جیهان ئەپشکنێ‌و شیعری لەبیر ناچێتەوە
لە هەر شوێنێ قارچکی خەمێ هەڵتۆقێ ،
ئەکەوێتە ناو گێژاوی پەژارەوە
بەڵام نائومێد نابێت‌و
خەم ئەکاتە مەشخەڵی ڕێگەی نەهاتی‌و
دەنگی خۆی ئەدۆزێتەوە

★ ★ ★

شەوانە بە خەیاڵی ئەو لاوانەوە
خەو لە چاوانم ئەتۆرێ
کە لەسەر ئەوەی دڵدار بوون
شەیدای پەرچەمی شۆڕەبی‌و
باڵای بەرزی هەزاران سوورە چنار بوون
هەڵچوونی داخی دەروون‌و بڵێسەی ڕقی هەژار بوون
هەر زەردەواڵە بوو چزا بە قووڵایی دڵیانەوە

هەر چەند مەرگیان بۆ نەنووسراو ژیانەوە
لە هۆنراوەی شاعیرە قاچاغەکانا ژیانەوە ..

★ ★ ★

شەوانە بە خەیاڵی ئەو ڕووبارەوە ،
خەو لە چاوانم ئەتۆرێ
نیو سەدەیە ، بۆ باوەشی دەریایەکی هێمن ئەکشێ و
لەو کاتەوە نووچی داوە
لە جێگەی خۆی نەبزواوە
نیو سەدەیە بۆ دانانی سروودێ لە خەڵوەتایەو
لەو کاتەوە نووچی داوە
دێڕێکی بۆ نەووتراوە ...

★ ★ ★

هەموو شەوێ خەوم نایە
هەموو شەوێ شارێکی وورووژاوی تر ،
زەردەواڵە ،
لە ناخی کاسەی سەرمایە
هەموو شەوێ لەگۆڕەپانی سینەما ،
نەمامی ـ ڕقێکی پیرۆز ـ هەڵ ئەچێت و
ئاگری جەنگێکی ڕەوا هەڵ ئەگیرسێ و
جەنگیش تا بە ئەنجام نەگا ، دوایی نایە .

★ ★ ★

ئەگەر « یوسف » تەنیا هەر بۆ تەنیا شەوێ

بێت بەئاگا بێتەوە
ئەو هەست ئەکا ، بۆ فریشتەی خەو لەچاوانم تۆراوە ،
ئەو هەست ئەکا ، بۆچی شارە زەردەواڵە
لەناو سەرما وورووژاوە
ئەو هەست ئەکا زەردەخەنە ، لەو هەرێمە بۆ کۆچی کرد
ئەو هەست ئەکاو دەست ئەخاتە بینی ئەوانەی کەخەویان ،
لە چاوەکانی من تۆران ..
ئەوهەست ئەکاو پەنجەی ڕق ئەکا بەچاوی ئەوانەدا
ڕێبوارەکانی کاروانی دێرینەیان لە خشتەبرد
ئەو هەست ئەکاو
دیسان ئامێز ئەگرێتەوە بۆ پەژارە ،
دیسان ڕێبازی دێرینەی ئەگرێتەوەو
سڵ ناکا لەزووری تەنگی بەندیخانەو
ئەڵقە چەورەکەی سێدارە
ئەو هەست ئەکاو نای داتە دەست ،
ڕۆژگارێکی وەها نووتەك
چارەنووسی چەوساوەکانی ئەو شارە !؟

گفتوگۆیەك لەگەڵ نووسەری ناسراوی کورد مامۆستا سەعید ناکام

مومتاز حەیدەری

ئامادەی کردووە

شەوی ٥ی مایسی ١٩٧٨ مامۆستا سەعید ناکام بە هۆی نەخۆشی دڵەوە ، بۆ ماوەی (١٥) رۆژ لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێردا خرایە ژێر چاوەدێری دوکتورە پسپۆرەکان ... منیش ئەوەم بە هەل زانی هەر چۆنێك بێ گفتوگۆیێکی تایبەتی سەربێیی لەگەڵدا بکەم ، بەڵکو پارچەیێك لە لایەنە شاراوەکانی ژیانی مامۆستا ـ کە زۆربەی ژیانی شاراوەیە ـ بپچرم ، جا ئەگەر بۆم بڵاو بکریتەوەو بتوانم بەنەوەی نوێی رابگەیێنم ، دەبێتە هۆی شادیو دڵخۆشیم ، چونکە دەمێکە بەو ئاواتەوە بووم کە لە گەڵ مامۆستا ناکامدا لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیدا ، هەندێ لە یادداشتەکانی تۆمار بکەم ، بەلام رازی نەدەبوو ... تا کاتی بەسترانەوەی بە دەزگای (ئی . سی ، جی)ی نەخۆشخانەی هەولێر ، ئەم دەرگا بچکۆلانەم بۆ کرایەوە ، ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تریشەوە، هەر چەند مامۆستا ناکام خۆی نووسەرێکی رۆژنامەی عیراقەو لە نووسینگەی رۆژنامەکەدا هاوکارین ، لەوانەیە ئەم گفتوگۆیە کردارێکی ئاسایی رۆژنامەگەری نەبێ ، بەلام مانەوەی لە نەخۆشخانەدا بۆ چەند رۆژێك هیچ دوو دڵی بۆ نەهێشتمەوەو نەمتوانی ئەم دەرفەتە بچکۆلانەیە لە کیسی خۆم بدەم . لام وایە ئەم گفتوگۆیە سەرەتایێکی باشە بۆ تۆمار کردنی تافی کردنەوەو رازو گلەییو دەرخستنی سامانێکی شاراوەی

ڕۆشنبیریتی کورد لە دو توێی ژیانی مامۆستادا •

ئەوی ڕاست بێ لە سەرتاپای ژیانو ڕەوتی تاقیکردنەوەی ڕۆشنبیریتیو هەڵوێستی سیاسیو نەتەوەییو کورد پەروەری مامۆستا ناکامدا ، زۆر شتی شاراوەی گرنگ پەنگی خوار دۆتەوە کە تا ئێستا ئەو دەرفەتە پێویستە نەرەخساوە بۆ تۆمار کردنیان ، جا چ لە لایەن خۆیەوە وەك یادداشتێکی تایبەتی نووسرابێتەوەو چ لە لایەن دەزگاکانی ڕۆژنامە ـ گەریی کوردی لێی کۆلرابێتەوە •

لە بەرکولی ئەو پرۆژە فراوانە ، واتا تۆمار کردنی یادداشتەکانی مامۆستا ناکام ، ئەم گفتوگۆ سەرپێیی یە پێشکەشی خوێندەوارزان دەکەمو هیوادارم جارێکی تر بە دوورو درێژی پێك بگەینەوە ••

١١ ـ ٥ ـ ١٩٧٨

دەقی پرسیارەکانم :

پ١ : بیستمان ڕۆژی ٢٢–٤–١٩٧٨ بە بۆنەی یادی هەشتا ساڵەی ڕۆژنامە گەریی کوردی یەوە ، لە مەڵبەندی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلەیمانیدا کۆرت پێکهێناوەو بۆ دانیشتوانی ئەوێ دواوی ، بەلام هیچ دەنگوباسێکی ئەو کۆڕە لە چاپەمەنی یەکاندا نەنووسرا ••! چاتکایە ئەگەر دەکرێ ـ هەرچەندە نەخۆشیشن ـ باسی چۆنێتی کۆرەکەو هۆی ئەم بێدەنگی یەمان پێ بڵێ ••؟

پ٢ : وازانراوە کە تۆ یەکێکی لەنووسەرە ناسراوەکانی کورد ، بەلام نە هیچ بەرهەمێکی چاپکراوتمان دیوەو نەنووسینت لە چاپەمەنی ئەمرۆماندا دەبینین ••؟! دەستەی لاوە ڕۆشنبیرەکانی ئەمرۆ یا هەر هیچت لێ نازانن یا زۆر کەمیان لێ بیستووی ، هۆی ئەمە چی یە ••؟!

ب٣ : ئەمرۆ دەرفەت هەیەو دەرگا لـە سەرپشتە هـەر کـەسی نووسەر بێت‌و شتێکی لە بارابێت لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامـەکان نووسین بڵاو بکاتەوەو لە پرۆگرامەکانی رادیۆی کوردیدا بەشـداری بکا ، کە چی تۆ ناوت نی‌یە ، ئایا بەرهەڵستیکت لە ڕێدایە ، یاخـود وات پێ باشە ؟!

ئەمەش دەقی وەڵامەکانی مامۆستا (ناکام)ە :

وەڵامی ئەو سێ پرسیارەی کاك مومتاز حەیدەری لە نەخۆشخانەی هەولێر لێ‌ی کردم •

وەڵامی پرسیاری یەکەم :

بەستنی کۆڕەکەم لە سلەیمانی‌و بە نەخۆشی چونم بۆ ئەوێ تەنیا لەبەر ئەوە بو کە زور ترینی لاوەکان‌و خوێندکارانی زانکۆی ئـەوێ بێن‌و ببیسن‌و ئەگەر پرسیاریکیان بو ، بتوانم بـەرەو ڕو وەڵامیـان بدەمەوە • بەڵام بەداخەوە چەند قۆرتێك کە بیری لێ نەکرا بۆوە بونـە هۆی سەرنەگرتنی مەبەستەکەم‌و هەرچەندە ریسەکەم نەبۆوە بە خوری بەڵام باشیش نەرێسرا : ئێوارەی ڕۆژی ٢٠-٤-٩٧٨ کـە من گەیشتمە سلەیمانی‌و سەری بارەگای یەکێتیمدا ، تازە بیریان کەوتبۆوە کە شتێکی وایان بەدەستەوەیە ، بۆ یە هەر لەوێ سێ پارچە کارتۆنی ٣٠ × ٤٠سم‌یان هێناو لێ‌یان نوسین « ڕۆژی شەمو سەعات ٤ کۆڕێکمان هـەیە بۆ یادی حەفتا (!!) ساڵەی ڕۆژنامـەگەری‌ی کوردی « کێ تاقەتی گوێگرتنی هەیە ، بابێ » ویستیان ئەم ئاگاداری‌یانە لە بەردەم کتێبخانەکاندا هەڵواسن بەڵام دەرکەوت کە بەیانی هەینی‌یەو زوربەی کتێبخانەکان دادەخرێن • ڕۆژی هەینی ٤/٢١ کە بەناو شارا گـەرام‌و هـەندێ برادەری

نوسەرو ئەدەبدۆستی خۆمم چاو پێکەوت ، دیاربو کەسیان هەواڵی ئـــەو کۆڕەیان نەبیستوە •

ڕۆژی ٢٢-٤-٩٧٨ گەواڵە هەورێك بەری ئاسمانی گرت ، جارێ سفتو تاوێ تەنك لێڵو ڕونی دەکردو لە پریکا ڕێژنەیێکی بەهـــاری دادەپرزاند ، بۆ نزیکی ســـەعات چـــوار کـــە کاتی دەســـت پێکردنی کۆڕەکەیە ، هەورە ڕەشەکان ڕەویبونەوە بەڵام تاکو تەرا پارچـــەی خەستو بۆر هێشتا مابوونو بە ئاسپایی پیاسەیان دەکرد ، هەر لـــەو کاتەشدا هەندێ لەو ڕۆڵە کوردانەی خـــۆیان بۆ تەڕبوونو گوێگرتن ئامادە کردبو ، دو دوو سێ سێ دەرکەوتن • ڕێکخستنو کار پێکـردنی میکرۆفۆنی پەك کەوتوش ماوەیێکی خایاند •

خـــەڵکەکە دانیشتبونو چاوەڕوان بون بزانن چ شـــەکرێکیان بۆ دەشکێنرێ کە برادەرانی کارگێڕی یـــەکێتی بەگـــوێیاندا چرپاندم پێویستە چەند بابەتێکی گوتارەکەم بخەمە پشت گوێ یا بیانکەم بـــە ژێـــر لێوەوە ، چارم نەبو ، (بان چاو) یکم گوتو چومە سەر ئەو کورسی یەی بۆم دیاری کرابوو دەستم پێکرد •

ئا بەم چەشنەو لەو بارەدا دەستم بە خوێندنەوەی ئەو گوتارە کرد کە بە ناوی (بیرەوەری ی چل ساڵەی ڕۆژنامە نوسیم) بو باسی مەینەتی و قەلفری خۆمو وشە خنکاوەکانی کـــوردیو شوێن پێ کەوتنی ڕیچکە شکێنە نەمرەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەملاو ئەولام تێدا کردبو ••

هێشتا لە ناوەڕاستی باسەکەمدا بوم باران دایکرد ، هەتادەمرم هەســـتو کوردایەتی ی ئەو لاوە خوێن گەرمانەم لە بیر ناچی کە ڕێژنەی گەواڵەی بەهاری قژی شانەکراوو پانتۆڵە وتودراوەکانیانی دەشەمزاند ، کـــەچی بانگیان دەکرد « •••• ئەگەر دەتوانی جارێ ئەم برگەیەمان بۆ تەواوکە ،

جا دەچینە ژوورەوە • ، بەڵێ هەر کەسە کورسی خۆمانمان هەڵگرتو لە ناو داڵانو ژورێکی بچوکدا بەسەریەکا ترشاین ، تا لێبومەوە •

ئەمە وەمی ئەو پرسیارەت کە بۆچیو چۆن ئەو کۆڕەم لە سلەیمانی بەست • بەڵام هۆی ئەوەی ئەم رەنجو گوتارەی من دەنگی نەدایەوەو نە لە پێشیاو نە لە دوایدا باسی نەکرا ، پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێ کەیەکێتی لقی سلەیمانی کارامەییو شارەزاییێکی تەواوی لە پێکهێنانو رازاندنەوەو خەملاندنی کۆرەکانی خۆیدا هەیە ، هەر شتێکیان بۆ بچێ ، لیژنەی رۆشنبیری هەڵیدەسەنگێنێو هەقی خۆی دەداتێ ، ئەوان باشتر دەزانن کامە کۆڕ هەڵدەگرێ ماوەیێك پێش دەست پێکردنی چاوڕاوی بۆ بکرێو لە باشتریشدا بوختەی ناوەرۆکی بە کوردیو بەعەرەبی بۆ گۆوارو رۆژنامەکان بنێردرێ تا خوێنەران لێی بکۆڵنەوە ، هیواشیان بۆ دێ شیاوی ئەوەیە بەبێ سێو دو فرێ بدرێتە تەنەکەی ژێر مێزەکەیانەوە •

وا دیارە شتەکەی من لەبابەتی دووەم بوەو لەبەر خاتری پیریو ناسیاویم لە ڕوو داماونو ئەم قیروسیایەیان کردوە • منیش بەیارمەتی لیژنەی رۆشنبیریو داوای لێبوردنیان دەڵێم هەر چەندە هیچ لارێیم لە رایەکەیان نییە ، بەڵام گوایا ژوشك گوتویەتی : « لە دنیادا بێچوی کەس لە بێچولەی من نەرمو نۆڵتر نییە ! » بۆیە بە هەر بارێکا بۆم بلوێ بە تەمام ئەم نوسراوە هەڵەق مەڵەقەی خۆم بە شێوەیێك لەچاپ بدەمو بڵاوی بکەمەوە •

وەڵامی پرسیاری دومم :

ئەمە راستە کە من زۆر لە مێژە دەستم داوەتە قەڵەمو بە ناوی نوسەرو رۆژنامە نوسەوە قاقەز رەش دەکەمەوە ، بەڵام تازە لەوە تێەڕیوم بە

شوێن کلێنەی ناوی خۆمدا بگەڕێم لە ناو گۆوارو ڕۆژنامەکانـدا ، نوسراوی بە کەڵك و رازاوەو سود بەخش هی خۆم بێ یا هی هـەر نوسەرێك بێ وەکو یەك دڵم شاد دەکاو نەشـەم دەبزوێنێ ، ئەو بابەتەی حەزی لێدەکەم پێم خۆشە نوسەرێك بە شێوەی تایبەتی خۆی لێی بدوێ و من بیمە خوێنەری ، هـەندێ جار گوشـراوی بیری خۆم بـە نـاوی (وەرگێڕراو) یا (لاسایی) ئەدەبی بێگانە لە قەڵەم داوە ، چونکو ئاواتی من بڵاوبونەوەی بیرو ئەندێشەکەیە نەك ناوی دامێنی گوتار .

تەمەنی درێژی ڕۆژنامە نوسیم پێی سەلماندوم کە دەست بە کڵاوەوە گرتن و پشتەو با رویشتن ، ئەگەر شانازیش نەبێ سەر سەلامـەتی یە ، کەچی هەر فێر نابم ، ئەوەبو ساڵی ٩٦٢ سەر گوتارێکم بۆ ژمارە (٣٧)ی گۆواری هیوا نوسی لە ژێر ناوی « هەر ئەبێ بنوسین »دا ، ئەو گوتارە بو بەهۆی بڵاو نەبونەوەی گۆوار بە تـەواوی و لەناو چـونی زوربـەی ژمارەکانی و گەلێك چەرمەسەرێ بۆ خۆم ، کـە چی ئێستاش ناوەرۆکی ئەو وتارە ئۆرینەم لە زوربەی نوسراوە بێ قرەکانی خۆم پێ بە تامترە .

بۆ ئەوەی شتەکەت پتر بۆ رون بێتەوە دەڵێم من قەلەمەکەی خۆمم قـنج داچەقاندوە ، هەر کاتێ بمەوێ ملی خۆم لە رادەیێکی دیارکراو زیاتـر شۆڕ کەمەوە ، نوکەکەی لە چاوم هـەڵدەچەقێ و ناچارم دەکا سـەرم هێت کەمەوە . من نوسینی زۆرم هەیە کە کەمیـان لێ چاپکراوەو زۆریان ماون ، دڵم تەنیا بەوە خۆشە ئەگـەر بێتو نوسینی ٣٠-٤٠ سـاڵ پێش ئەمڕۆم و هی ئێستاکەم یەك بگرێت و جگە لە شێوەی نوسین کـە گۆڕانی بەسەر داهاتوە ناوەرۆکیان بکرێتە پەرگالی بەرزو نزم بونەوەی ناو چەوانم، جیاوازی یێکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نابیندرێ .

هەر وەرزە جۆرە کاڵایێك پێویستی ڕۆژانەیەتی • مەکینەی سەهۆڵ زستانان دەخەوێ‌و سوبەی ئاگر هاوینان بێ‌قەدرە ، ئەوکەسە وریاو ئازایە لە لێدانی (پیك)و (مایێك)دا وەستابێ •

یەکێك لەو لاوانەی گوایا شیعر دەنوسێ‌و من نەمدیوەو نایناسم ، گوتویەتی : « فلانکەس ـ واتا من ـ نوسەری سەردەمێکی تایبەتی بوەو ئەمڕۆ باوی نوسینی نەماوەو بەسەرچوە ! » قسەی ئەو کاکەیە ڕاستە ، بەڵام بەو مانایە نا کە ئەو مەبەستی بوە ، باو نەمانەکەم ڕۆژنەمانەکەمە ، ئەو کاکەیە نازانێ من چەند تاسەدارو ئارەزو باری ئەوەم قەڵەم بگرم بەدەستەوەو چی لە دڵدایە بۆ ڕۆڵە لاوەکانمی دەربڕم ، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ، بیڵێم • ئەم نەتوانین‌و نەزانینەم تازە نی‌یە ، لە چلەکاندا دەمویست هەندێ شت بنوسم نەیانهێشت ، لە پەنجاکاندا بابەتی نوسین زۆر بون دەیاندڕین‌و لە سەر دڵما دەبونە گرێ ، لە ساڵەکانی شەستا بابەتی نوسین‌و دەربڕین بەجارێ لەدەرونمدا کەڵەکەی کردو بەتۆپەوانەی (ئاشێ) بەری گیراو تائێستاش هەروا ماوەتەوە • دەڵێن پەنمان‌و ئاوسان تەقینەوەی لەدوایە ، ئەگەر پزیشکەکان باشی بۆ چوبن‌و لولەکانی دڵم بەلخیان گرتبێ ، لە جێی خۆیدایەو دەبوایە لە دەمێکەوە ئەم بڵقە بتەقایە • ئەوەی لێیاندەوێم نەیزانم‌و ئەوەی دەیڵێم نەشێ ، دیارە دەبمە ئامێرێکی ژەنگن ، ئەو کەسانەی دەیان ناسیم لە بیریان دەچمەوەو ئەوانەی نەشیان دیوم ناوەکەشمیان بەلاوە سەیرە ! جگە لەو هۆ سەرەکی‌یانەی باسم کردن هۆیێکی لا بەلاش هەیە پاڵی بەربونم پێوە دەنێ کە بریتی‌یە لە هەڵپەی ئەوانەی ڕێبازی نوسین‌و بیرکردنەوەم پێچەوانەیانە ، ئەوانیش بە سانایی هەلیان دەست کەوتوە •

وەلامی پرسیاری سێیەم :

کاکە مومتاز ، لە وەڵامی ئەم پرسیارەتا گوێ بگرە با سەرگورشتەیێکی کوردەواریت بۆ بگێڕمەوە : دەڵێن دو ئەستێرەناس لە شارێکدا دەژیان کە زوربەی پێشگوتنەکانیان لە مەڕ مانگ گیران و باران و سەرماو گەرما راست دەردەچو ، بۆیە خەڵك زۆر ڕێزیان لێدەنان •

ڕۆژێك ئەو دو زانایە بە دانیشتوانی شاریان راگەیاند کە بەم زوانە بارانێك دەبارێ هەر کەس لێی بخواتەوە شێت دەبێ ، خەڵك سەرەرای هەمو بڕواو ڕێزیان ئەم قسەیەیان نەچوە مێشکەوەو بەراستیان وەرنەگرت ، ئەستێرەناسەکانیش هەر چەندی کوپەو گۆزەو سەتڵ و مەنجەڵیان بو پڕ ئاویان کردو بە چاوەڕوانی بارانی نەگریس دانیشتن • بارانەکە باری و چەند ڕۆژێك بێ وچان رەهێلەی هەڵ نەبرونگاند • خەڵکی شار کەوردو درشتیان لەو ئاوەیان خواردبۆوە کەس هەستی بە گۆڕانێك نە دەکرد ، ئەوەندە نەبێ کە هەڵس و کەوتی دوئەستێرەناسەکەیان نا ئاسایی دەهاتە بەر چاوو خەفەتیان بۆ دەخواردن ، بەلای هەرکەسا بڕۆیشتنایە یا پێیان پێدەکەنین یاسەری بەزەییان بۆ دەلەقاندن • پاشا ئەو دوانەش چاریان نەما ، بڕیاریاندا یا لە ئاوی بارانەکە بخۆنەوە بێنە ریزی خەلك ، یا سەری خۆیان هەڵگرن و بچنە ولاتێ کەس نەیان ناسێ •

کوردی نوسین بە شێوەی ئەمڕۆ بۆ پیرە مێردێکی وەکو من کە لەگەڵ بیرێکی کلاسیکی و دارشتنێکی تایبەتیدا راهاتوم و خوم پێوە گرتوە ، لەمڕۆژەدا پەسند نیەو جێی خۆی ناکاتەوە ، ئەو هێزو پێزەشم نەماوە

بتوانم یەکسەر لە (چەپێ)و (سێ‌پێ‌یی) یەوە بیگۆڕمە سەر (چا چا)و (رۆك ئەندرۆل) • جا چۆن من خۆم لە مەیدانی وەشاندنی ئەمڕۆدا بە ئاوەکی‌و بێ‌برەو دەزانم ، گومانم نی‌یە کە چاپەمەنی‌و بەرنامەکانیش بە هەمان چاو دەڕواننە نوسینەکانی من ••• بۆیە نەماندو بونی نوسینی کرپیار دەدەمە بەرخۆم‌و نەڕەنجی (ببورە)و (بەداخەوە) دەخەمە بەر ئەو کاربەدەستانە •

ئەم قسەیە لە خۆمەوە ناکەم ، چەند جارێك تەقەلام داوە شتێ بنوسم بلاوبکرێتەوەو سەرنەکەوتوم ، بۆیە خۆم مات کردوەو لە لوتکەی سەرسوڕمانەوە بەم دنیایەدا هەڵدەڕوانم •

ئەی ئەستێرەکان

فرووغی فەرڕوخزاد
نەژاد عزیز سورەمێ
لەفارسییەوە کردوویە
بە کوردی

ئەی ئەستێرەکان کە لە بەرزی ئاسماندا
بە نیگای خۆتانەوە چاو بڕ دانیشتوون ..
ئەی ئەستێرەکانی پشت هەور ،
کە بە دیار دونیای تیمەوە دانیشتوون ..
ئا ، ئەوە منم کە لە دڵی بێ دەنگی شەوا
نامەی دڵداری ئەدڕێنم ..
ئەستێرەکان گەر دەهانام بێن
لەخەمی ئەو کۆشم بڕ ئەستێرە دەکەم

★

بە دڵێ کە بۆنی وەفای نەکردوە
جەورو ستەمی بێ کۆتایی‌و بەهانە خۆشترە !
عیشوەو نازی زیرەکانە
لەتەك ئەو هاوڕێ خۆپەسندانە خۆشترە !

★

ئەی ئەستێرەکان چی بوو کە لە نیگای‌مندا
ئەو خوێن گەرمی‌و گۆرانی‌و ئاوازە مرد ؟
ئاخر چی‌بوو ئەستێرەکان لە لێوەکانی ئەودا
ئەو ئاخە گەرمانەی دڵداری مرد ؟

جامی بادەم سەرنگون‌و پێخەفم بەتاڵ

سەرم بە ڕووی نامەکانی ئەو کردوە ..
سەرم پێ‌کردوە ، لە نێوان ئەو دێرانەدا
بۆ شوێنەواری وەفای ئەو بگەڕێم ..

★

ئەی ئەستێرەکان مەگەر ئێوەش
لە دوو ڕوویی‌و جەفای دانیشتووانی خاك ئاگادارن
کە بەم جەشنە لە دڵی ئاسمانیدا ،
ئەستێرەکان ، ئەستێرەکانی گەش‌و پاك ؟

★

من کە ئەوەی هەیەو نیەم دایە بەرشەق
تا کامی ئەو لە عیشقی خۆمدا حەڵاڵ کەم ..
لەعنەتی خودا لە من بێت ئەگەر بێجگە لە جەفا
لەوە زیاتر وەفام بۆ عاشقان هەبێت !!

ئەستێرەکان ئێوە دڵۆپی فرمێسك ئاسا
سەرتان ناوەتە دامێنی ڕەشی شەوەوە
ئەی ئەو ئەستێرانەی کە لە جیهانی نەمریدا
کڵاورۆژنەیەکتان کردۆتە ئەم جیهانە ..
ڕۆیشت‌و خۆشەویستیشی لە دڵما هەر ناڕوا
ئەستێرەکان ئاخۆ چی بوو منی نەویست
ئەی ئەستێران ، ئەستێرەکان ، ئەستێرەکان ؟
ماڵی ئاوای وێران نەبووی دڵدارە نەمرەکان لەکوێوەیە

---

* ئەم شیعرەی فرووغ لە لاپەرە (٣٦)ی کتێبی « برگزیدە اشعار فروغ فرخزاد»دا بڵاوکراوەتەوە بەناوی (ای ستارها)وە .
* وەرگێڕ *

تارمایی

ڕابندرانات تاگوور

ئەحمەد عەزیز ئەقلی
کردوویە بە کوردی

دوا ڕۆژی پیرەمێرد نزیك بۆوە ... دێیەکە هەموو کەوتنە شیوەن‌و قوڕپێوان ، هاوار ئەکەن ئەڵێن : چۆن لەدوای تۆ ئێمە ئەژین ئەی پێشەوا ؟ چۆن بێ تۆ هەڵئەکەین ئەی پێشەوا ؟ تاکە ڕابەرو تاکە پێشڕەومان هەر تۆیٚ ئەی پێشەوا !

پیرەمێردی نەخۆش‌و پەشۆکاوو گەمارۆدراو سەرنج ئەدات‌و ئەڵێ : داخم ناچێ کێ لەدوای من سەرپەرشتیی ئەمانە ئەکات ؟ کێ لە پاش من سەر کردەیان ئەبێ ؟ کێ لەپاش من لە بەڵاو نەگبەتی ئەیانپارێزێت ؟ زەردەخەنەیەکی شانازی‌و شکۆداری دەم‌و چاوی ڕوون ئەکاتەوە .

نزای نوێژکەران‌و نۆکەرانی دڵسۆز لای یەزدانی میهرەبان‌و بەبەزەیی گیرابوو .. لەپاش کۆچی بێوادەی پیرەمێرد ، تارمایی‌یەکی ئەوی هێشتەوە . لادێیی‌یەکان بەم تارمایی‌یە ئاسوودە بوونەوە ! دەستەو کڕنووش‌بەرانیش دەست بەدوعاوە هەموو ڕۆژێ بەگوێی خەڵك‌و خواکەدا ئەیانچرپاند : ڕۆژانی ڕابوردوو جارێکی کە دێتەوە ! پیرە مێردیش بەم زوانە هەر ئەگەڕێتەوە !

تۆ کە بیر لە پاشەڕۆژ ئەکەیتەوە تووشی مەراق‌و سەر ئێشەیەکی بێ ئەندازە ئەبیت . کە ڕابووردوو ئەهێنیتەوە بەر چاوی خۆت ، لە هەموو مەراقێك سەرفەراز ئەبیت . چونکی ئەتوانی هەموو گوناو

سووچێ بخەیتە ئۆباڵی ڕابوردووە ، تەنانەت ئەو ڕابووردووەش تارمایی بۆ خستووینەوە •

زۆر کەس هەن ڕابوردوویان کردووەتە ڕابەری خۆیان ، لەو ئەشکەوتە پڕ لەدەعباو ڕەهزەنە نایانەوێ بێنە دەرێ • ئەمیش وەك خێوێ سواری بۆقەتەی ملیان بووە • ئەوانە ڕزگار بوونیان زەحمەتە !

پیاوانی ئەم دێیە بە چاوی بەستراوەوەو بەعەقڵی ناکامەوە بوونەتە دیلی تارمایی پیرە مێردی کۆچ کردوو • پیرەمێرد دەمێکە کۆچی کردووە ، کەچی تارمایی‌یەکەی هێشتا زۆرکاریگەرە • بەردەبارەکان ئەڵێن : ئەم جۆرە ژیانە ڕەوشتی نەتەوەی چاکانە لە کامەرانیدا •• « ئەمیبا » کە دەعبایەکی کوێرە لە بنیاتی ژیانیەوە تا ئێستا وەك خۆی ماوەتەوە • درەختیش هەزاران ساڵ لەمەوپێش چۆن بوون وانە • هیچ ! دەروێشانی تارمایی کە ئەمەیان بیست زۆر پێی خۆشحاڵ بوون ، چونکی خۆشیان وەك ئەوان لەسەر ڕەفتاری کۆنی باوكو باپیریان ماونەتەوە ، هیچ نەگۆڕاون •

وڵاتی تارمایی بە چوار دیواری سەخت شوورە کێشراوە • ئەو دیوارانە بە چاو نابینرێن • کەسیش ناتوانێ لێیانەوە دەرباز بێت : تارمایی خۆی لێرە نی‌یە ، خوای لێرەیە • گشت نیشتمانە شاخاوی‌یەکەی کردووە بە قۆڵو بە سوڵتان بۆ خۆی ، وەك پێوە ندێك چۆتە پێی پیاوەکانیەوە ، وەك تەوقێ لە گەردنی نەتەوە ئالاوە ، دەستی بەسەر گیانی ڕزگاری‌و سەربەستیدا زاڵە • لە مەترسیی ئەو هەموو مات‌و خامۆشن • ئەگەرچی وڵاتی تارمایی خاوەن کانی زیوو ئالتوونی ڕەشە ، بەڵام کەم خۆراك و بێ بەرگە ، هێزو تەندروستی تیا نی‌یە • زنجیری نەریتی ئەم وڵاتە بووەتە بۆنەی دژواری‌و ستەم

بۆیان • حوکمی تارمایی لە هیچ وڵاتێکیتردا نەحەویوەتەوە • بۆیە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنیان هەر خولاوەتەوە • لە ناویانا تاقێ نەبوو تنۆکێ خوێنی خۆی لە پێناوی کۆنەپەرستیدا ڕژاندبێت • هەمیشە بەتەقەلاو مەردایەتی ژیانێکی سەربەستو ئازادیان بۆ خۆیان هێناوەتە بەرهەم •

ئەڵحەد بەدەستو بەر دەبارەکان پاش ڕاوێژ کردنی نامە کۆنەکانیان بڕیاریان دا نە سەرزەنشتی خۆیان بکەن نە هیی‌تارمایی • هەموو گوناهێکیان خستە ئۆباڵی ئەژواری بە تەنیا ، وتیان ڕەوا نی‌یە ئەژواری ئەوەندە زووو زوو سەرمان لێ بداتەوە • پیاوەکان ئەمەیان وتو پێی ئاسوودە بوونەوە •

کەواتە گوناهباری لە کێ‌وەیە ؟ نی‌یە بتوانێ بەربەستی ئەژواری بکات هاتو پەیتا پەیتا دەستی کرد بەهێرش •••

زۆر لەمێژ نی‌یە بێگانە لەدوورەوە لە پشت دەریاوە هورووژمی هێناوەتە سەر وڵاتەکەمان : وەك کوولەی برسی بەسەرمانا داباری : سەوزاییو شینایی‌مان سووتاو پاکتۆ درا • زەوی‌و زار ڕووتو قووت بەجێ هێڵرا ، سەرچاوەکان بە خۆڵەمیش وشك هەڵگەڕان ، گومان لەوەدا نی‌یە ئەو بێگانانە زۆر بەچەنگ بوون • دووربین‌و چوستو چالاك بوون • دەروێشانی تارمایی هیچ گوێیان نەدایە ، هۆشیشیان لای فرمانی خۆیان نەبوو ، دووره پەرێز وەستان ، خۆیان لەکێشمەکێش لادا ، باوەڕیان وابوو : « خوا کەریمە ، ڕۆژێ پیرە مێردە کۆچ کردووەکە هەر ئەگەڕێتەوە ! » •

پەردەبارەکان بە باوەڕنامەی ساڵ خواردووی خۆیانا چوونەوە « خۆشنود ئەوانەن خولیای ماڵی دنیاو ئارایشتیان لەدڵدا نی‌یە » •••

پیاوەکان ئەمانەیان زانی گەلێ دڵشاد بوون ... ئەمەش هیچ دەرمانێکی ئەو ئەژواری‌یەی نەکرد . هەر دەردەسەری‌یان بۆ مایەوە ... چۆن موڵکانە بدەن . هێشتا هیچ لە زەوی هەڵنەگیراوە ؟ زەویی چی ؟ هەمووی خاشاك‌و خۆڵی سووتاوە !

دەنگی پێکەنینی مردووەکان لە سەرقەبرانەوە بایەك بەگێژ هێنای :

موڵکانە لە گیانی خۆتان !

لە شەرەفتان ..!

لە خوێنی جگەرتان بدەن !..

ئەژواری ڕووی کردە هەر وڵاتێ ، ئیتر هەر دوا بەدوایا دێت !

پرسیارێك لە پڕ بەرز بووەوە :

ئایا حوکمی تارمایی تاکەی ئەمێنێت ؟

بەم پرسیارە گشت نێرو مێ‌و پیرو کۆماوە ترسیان لێ نیشت . وتیان : بەبیرەوەریی ئێمە ئەمە نەبیستراوە ئەمە واتەی چی‌یە ؟... « گۆڕان شایانی ژیری نی‌یە ! » بەڵام لاوی خوێن گەرم‌و شوڕش‌خواز هەر لە تەلاشدا بوون !

لە سەرەتادا ئاسوودەو هێمن بوون .. بەرە بەرە گوستاغی‌و ڕووهەڵماڵراوی‌یان زیاتر بوو . ئەیانویست بە هەچ کلۆجێ بێت لەتارمایی ڕزگاربن ، دەستەو بەرەی تارمایی گاڵتەیان پێ دەکردن ، بەتەوسەوە ئەیانوت :

ئازان خۆتان تاقیی بکەنەوە . بزانن ئەتوانن ئەم چوار دیوارە نهێنی‌یە بڕووخێنن ؟

ڕاستت ئەوێ پێشین هەمووی نە تەواو مردووە ، نە تەواو زیندووشە • تەواو وەك خێوێ وایە ، هیچ کەڵکێ نابەخشێ بە میللەت ، یارمەتیی نادا بۆ پێشکەوتن و سەرفەرازی •

دوو پیاو لەترسی بەرپابوونی شۆڕشی لاوان بەدرێژایی ڕۆژگار بێ دەنگ مانەوە ، ورتەیان لەدەم نەهاتە دەرەوە • پاشان کەوتنە مەراق • شەوێ لەشەوان هەستان چوون تارمایی یان دۆزی یەوە • یەکێکیان پێی وت :

ئەرێ وەختی کوچت نەهاتووە ؟

تارمایی لە وەڵامدا وتی :

ئەی بەستەزمان ! من لەودیو کەنارو دەریاوە بە یارمەتیی دۆستان و هەواخوایان هەر کە نزیکی مەرگ ئەبمەوە ئەمژێننەوە •• چۆن بەجێتان ئەهێڵم تا خواستم لێ نەکەن ؟

پیاوێکیان بەدەم لەرزەوە وتی : زۆر لەلای ئێمە لە کۆچی تۆ ترساون !

تارمایی لەوەڵامدا وتی :

ئەوترسەی حوکمی من بەسەر ئێوەوە هەر بەرپایانە !

بەردەبار : حەکیم •

ئەژواری : مشاکل •

خوشنوود : پیرۆز •

خانووی ژماره (٨)

کورتـــه چـــیروك

ئـەمینی مـیرزا کـەریم

بووینه دراوسێی ماڵه فەلەستینییەك ، یەکـــەم رۆژ کـــە خانووەکەمان ئاوەدان کردەوە ، بەگەورەو بچووکیانەوە دەستیان بـــە پەرژینە کون ـ کوناوییەکەیانـــەوە گرتبـــوو ، گلێنـــە پـــڕ پرسیارەکانیان لەگەڵ هەنگاوە قوورسەکانمانا بەرەو خانووی ژمـارە (٨) ئەگێڕا ، هەر ئافرەتە قژ خوورماییەکەیان مایەوەو جیا نەبۆوەو سەیـری ئەکردین ، جۆرەها شت لە بیرما سەری کرد .. (بەچیمان ئەزانـن ؟! خۆکلك و شاخمان لێ نەڕواوە ؟ جگە لە زمان ئیتر هەموو شتێکمان وەك یەك وایە ، ڕەنگە دووراو دوور ناوی کوردیان بیستبێ ، ئەکەوینـــە هاموشۆیان ...) لێی چوومە پێشەوە ..

ـ گسکێکمان ئەوێ ..؟

ـ بەخێر بێن ..

ڕۆیشتە ژوورەوە ، لە چاوە گەشەکانیا فرمێسك قەتیس مابوو .. (بۆ گریاوە ؟ هیچ ئیشارەتێکمان پێوە نییە کەببێتە هۆی گریانی ...) .

ـ فەرموو ..

ـ سوپاس ..

ـ پێویستییەکی تر ؟

ـ هەر بژین ...

لە سەر لێواری پەرژینەکەوە گسکەکەم لێ وەرگرت ، بە ئەلقەکەی پەنجەیدا بۆم دەرکەوت شووی کردووە ، بەرێگا تەنگە بەرەکەی نێوان هەردوو لامانا تێپەڕ بووم هەر لێم ورد ئەبۆوە ، کە هاتن بۆ لامان زانیم

مێردەکەی فیدائی بووەو شەهید کراوە ، بەخۆیو کۆشی منالەوە بە سەرباوکیا کەوتووە ، کزۆلە دانیشتبوو جارو بار ورتەیەکی لێوە ئەهات . هەر دایکو باوکی کەوتبوونە پرسیار ، ئەو چاوی لە ناو چاوما بوو ... (ـ ئاخۆ چەند هەزار لە بابەتی ئەم ئافرەتە هەبن...)

ـ خانم بۆ قسە ناکەیت ؟

چاوەڕوانی ئەم پرسیارە نەبوو ، بەنیمچە شلەژانێکەوەو زەردە خەنەیەکی سەر لێو سەیری دایکو باوکی کردو ئەو پرسیارەی لێ کردمەوە کە یەکەم جار باوکی لێی کردین ..

ـ ئەلێم لە کوێوە هاتوون ؟

ـ لە ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانەوە ..

ـ ئەم ناوەم لەمێردەکەم بیستبوو ..

کات زمێرەکە دەجار لە سەریەک لێیدا هوشیاری کردن کە شەو درەنگ بوو ...

نۆرەی چوونەوەی هات .. هەر بێوە ژنەکە هەڵسوورا کە ئەگەیشتە لای من بۆ دواوە بەرز ئەی ڕوانیو سەیری ئەکردمەوە ، سەرنجی راکێشام ، ئاورم دایەوە وێنەیەك بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو ، چاوم پڕی نە ئەکرد تەواو بینم ، بە چرپەش نەبوایە تێ نەئەگەیشتن ، کە چی منالەکانم یەك بەدوای یەکا دەمیان ئەخستە بەنا گوێم ..

ـ وێنەی تۆیان هەڵواسیوە ...

ئەم چرپانە ئەوانی گوێ قووڵاغ کرد وا بۆی چوون کە شتیان ئەوێ ، مات بووەمو کەوتمە بیرکردنەوە ... وێنەی من لێرە چی ئەکا ؟! یەکەم جارە ئێمە ئەوانو ئەوان ئێمە ئەبینن ، منالەکانم یەکێکیان درۆ ، دوانیان ؟! ، باوکی بێوە ژنەکە خۆی پێ نەگیرا ..

- چیان ئەوێ ؟

- هیچ ... هەروان .

منالەکان لە بەردەمی وێنەکەدا گرد بوونەوە ، هەستام کە بلاوەیان پێ بکەمو دایان نیشێنم ، کە نزیك بوومەوە سەیری وێنەکەم کرد .. (منم .. من نیم .. منم .. من نیم ؟! باش بۆی چوون ..) دەمی پرسیارم کردە هەموویان ..

- ئەم وێنەیە کێیە ؟

بێوە ژنەکە هاتە شانمەوەو بەدەنگێکی نزمی ناسك هەرئەوەندەی وت .

- مێردەکەمە ...

وردبوونەوەکەی‌و ئەسرینە پەنگ خواردووەکەی ناو چاوی ئەو رۆژە مێردەکەی هێناوەتە بیر کە کت‌و مت لە من ئەچوو ....، دوو میلەکەی کات ژمێری ناو تەلەفزیۆنەکە لە سەر ژمارە دوانزە جووت بوون .

- دەنگ‌و باس ..

- وس بن ..

- ئەمرۆ دوو فیدائی فەلەستینی لە خاکی داگیر کراوا شەهید بوون ...

بێوە ژنەکە سەری نایەوە ، مانەوەی من لە لای ئەوەندەی تر دلگیری ئەکرد ، لە بەر ئەوە پەلەم کرد بۆ ئەوەی بەرەو خانووی ژمارە (٨) بڕۆینەوەو گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە تاکو دراوسێی یەك بین ئەو بێوە ژنە هەموو ڕۆژێ برینی ئەکوولێتەوە .. دایکی منالەکانم لەتەکما ئەرۆیشت‌و لەبەر خۆیەوە ئەی وت ..

کۆنگرەی پێنجەمی
یەکێتیی نووسەرانی کورد

سەرەتا :

وەك هەمووسان ئاگادارین ، پاش کۆنگرەی چوارەمـــی یەکێتی نووسەرانی کورد زۆری نەخایاند باری کوردســـــتان ئاڵۆز بووەوەو بەوبۆنەیەوە زوربەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری هـــەڵبژێرراوی یەکێتی‌یش لە جێی خۆیان نەمان . بەوجۆرە مەڵبەندی گشتیی یەکیەتی لەکارکەوت‌و ، پاش ساڵێکیش کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبە دڵسۆزەکان کەوتنەوە کار بۆ گیان بەبەراکردنەوەی یەکیەتی ، هەرچەنـد میری‌یش لە سەرەتادا ڕێی‌دا کۆمەڵێك دابنرێ بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری یەکیەتی ، بەڵام بەهۆی کۆسپ‌و تەگەرەی هەندێ کەسی بـــۆ خـــۆ کارکردووی دوور لە پێویستی‌یەکانی ژیانی گەلی کـــوردو کولتووری کوردەوە ، نەتوانرا مەڵبەندی گشتی بژێنرێتەوە ، هەرچەند کە لقەکانی سلێمانی‌و هەولێر تارادەیەك هەڵسووڕانیان مابوو پەرەیان پێ‌ئەدا ..

لە ناوەڕاستی ساڵی ۱۹۷۸دا کاربەدەستانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی وایان بەباش‌زانی‌و هاتنە سەر ئەو ڕایە کە ئەبێ یەکێتیی نووسەرانی کـــورد بژێنرێتەوەو گیانی بکرێتەوە بەبەرا . هاتن بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەکـــی ئامادەکاریان پێکەوە نا کە ئەندامانی یەکێتی بانگ‌کا بۆ کۆبوونەوە لـــە هەولێرو بۆ هەڵبژاردنی دەستەیەکی بەڕێوەبەر بۆ یەکێتی .

لەگەڵ ئەوەشدا کە بەپێی قانوونی کۆمەڵەکـــان (قانون الجمعيات) ئەبوو کۆبوونەوەکە لە بەغدا بوایەو ئەبوو ئەندامە ماوەکانی دەســـتەی بەڕێوەبەری هەڵبژێرداوی کۆنگرەی چوارەم بانگەکـــەیان بکردایەو ،

هەرچەندیش هەندێ لە ئەندامانی ئەم دەستەی ئامادەکارە ئەندامـــی یەکێتی نەبوون ، زوربەی زۆری ئەدیبە کـوردەکان لەگەڵ ســوپاسی کاربەدەستانی ئەمینداریتی گشتیی کولتوورو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا، بەدەم بانگەکەوە چـــوون‌و لە ڕۆژانی ١٠-١٤/٩/١٩٧٨ دا لە هەولێر کۆبوونەوەو لە دۆخ‌و بارێکی بەڕاستی دیموکراتیدا کۆنگرەی پێنجەمیان گرت‌و دەستەی بەڕێوەبـــەری نوێ‌یان هەڵبژاردو کۆمـــەڵێ بڕیارو ڕاسپێری‌یان دەرکردو چەند دەسکاری‌یەکی پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی‌یان کـــرد •

کۆبوونەوەکە لە بەیانیی ڕۆژی ١٠/٩دا دەستی پێ‌کـرد لە هۆڵی (ابن المستوفی)و میوانێکی زۆری بۆ هاتبوو • لەم کۆبوونەوەیـــەدا لەلایەن نوێنەری سەرکردایەتیی لقی باکووری پارتیی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب‌و وەزیری هاوئاوازی لەگەڵ دەزگاکانـــی ئۆتۆنۆمـــی مامۆستا خالید عەبد عوسمان‌و ئەمینداری گشتیی کولتوورو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی مامۆستا عەبدولغەففار صائیغ‌و نوێنەری دەستەی ئامادەکار کاك جەمال عەلی خدرەوە وتار خوێنرایەوە • هەروا سڵاوی پارتی‌یە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکان‌و کۆمەڵەو ڕێکخراوە ئەدەبی‌و هونەری‌یەکان‌و چەند کەسێکی ڕۆشـــنبیری دیاری‌یش خوێنرایـــەوە • تەلگرافێکیش خوێنرایەوە کە دەستەی ئامادەکار ئامادەی کردبوو بۆ جەنابی سەرکۆمار ئێکۆشەر أحمـــد حسن البکرو بۆ جێ‌نشینی ســـەرۆکی ئەنجومـــەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هاوڕێ صدام حسین • بەوجۆرە کۆبوونەوەی یەکەم دوایی هات •

لە کۆبوونەوەی دووهەمدا کە پاش نیوەڕۆ دەستی پێ‌کرد ، ئەندامانی کۆنگرە داوایان کرد کە تەماشای لیستەی ناوی ئەندامان بکرێ‌و ئەوانـــە

دیاری بکرێن کە مافی بەشداربوونی کۆنگرەیان هەیەو ، پاش جێبەجێکردنی ئەمە لەناو خۆیاندا دەستەیەکی بەڕێوەبەریان بۆ کۆنگرەکە هەڵبژارد بە سەرکردایەتیی مامۆستا عیززەددین فەیزیو ئەندامەتیی چەند برادەرێك • ئەنجا ئەندامەکان بوون بە چەند بەشەوەو هەر بەشێکیان دەستیان کرد بە کۆبوونەوە بەجیا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆنگرەو ئامادەکردنی ڕاسپێریو بڕیارو دەسکاری کردنەکانی پێڕەوی ناوخۆ •

لە ڕۆژی ۱۳/۹دا ڕاسپێرییو بڕیارو دەسکاری کردنەکانی پێڕەوی ناوخۆ خرانە بەردەستی ئەندامان بۆ دەنگ لەسەردانیان • لە پتر لە ۱۲۰ ئەندامی بەشدار لە کۆنگرەدا تەنها ٨ کەسی مافی دەنگدان دارو ۲ کەسی بە بێماف دەنگدەر ڕایان وابوو مەڵبەندی یەکێتی بگوێزرێتەوە بۆ هەولێر کە ئەم مەسەلەیە گفتوگۆو لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لەبارەوە کرا • هەروەها کۆنگرە رای نەدا کە تەمەنی داواکەری ئەندامەتی لە ١٨ ساڵانەوە زیاد بکرێ • تێکڕایش ئەندامانی کۆنگرە داکۆکییان لە پێڕەوی ناوخۆ ئەکردو مایل نەبوون بخرێتە پشت گوێو هەنگاوێوا بنرێ کە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆ بێ • ئەم بابەتە خولگەی هەموو لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرە بوو •

لە ڕۆژی ١٤/٩دا کە ڕۆژی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر بوو ، مامۆستایان عەبدولغەففار صائیغ ئەمینداری گشتیی کولتوورو لاوانی ناوچەی نوتۆنۆمیو کاك موحەممەد ئەمین موحەممەد ئەحمەد ئەمینداری گشتیی ناوخۆیش حازر بوون • هەروەها نوێنەرانی ئەو دەزگایانەش هاتبوون کە بەپێی قانوون پێویستە بێن •

مامۆستا ئەحمەد حامید قادر ئەندامی یەکێتیو ئەمینداری گواستنەوە

لیستەیەکی خوێندەوەو وتی ئەمە لیستەی هاودەنگیی هێزە نیشتمانپەروەرەکانەو داوای هەڵبژاردنی لیستەکەی کرد ، بەڵام زوربەی ئەندامانی کۆنگرە سوور بوون لەسەر ئەوە کە مافی ئەوەیان هەیە لە دەرەوەی لیستەکەش ئارەزوویان لە هەڵبژاردنی هەرکەس هەبێ ، هەڵی بژێرن . حاکمیش پشتی داواکەی گرت‌و وتی داوایەکی قانوونی یە.

بەم چەشنە دەست کرا بە خوێند نە وەی ناوی ئەندامانی کۆنگرە کە مافی دەنگ‌دانیان هەبوو ژمارەیان ١٣٢ کەس بوو . دەرکەوت ١٦١ کەسیان لەوێ بوون . جا لیژنەیەك هەڵبژێررا بۆ سەر پە رشتی کردنی دەنگ‌دان‌و قاقەزی سپی بەسەر ئەندامەکانا دابەش‌کرا . پاش تەواوبوونی دەنگ‌دان‌و دەنگ خوێندنەوە ، دەرکەوت ئەنجامی دەنگ‌دان بەم‌جۆرە بووە .

(١) موحەممەدی مەلا کەریم ٨٩ دەنگ .

(٢) دوکتۆر عیززەددین موستەفا ڕەسوول ٨٦ دەنگ .

(٣) مامۆستا عیززەددین فەیضی عەبدوڵڵا ٦٧ دەنگ .

(٤) شێرکۆ فایق بێکەس ٦٦ دەنگ .

(٥) موحەممەد نووری جاسم بەدری ٦١ دەنگ .

(٦) لەتیف مەحموود بەرزنجەیی (لەتیف هەڵمەت) ٥٤ دەنگ .

(٧) مومتاز حەیدەر عاسم حەیدەری ٤٦ دەنگ .

(٨) ئەحمەد عەبدوڵڵا موستەفا ٤٢ دەنگ .

(٩) عەلی عەبدوڵڵا شەونم ٤١ دەنگ .

(١٠) ئەنوەر قادر موحەممەد ٤٠ دەنگ .

(١١) کەمال مەمەند میراودەلی ٤٠ دەنگ .

(١٢) ئەحمەد حامید قادر ٣٩ دەنگ .

(١٣) کەریم موحەممەد ساڵح زەند ٣٧ دەنگ •

(١٤) موستەفا ساڵح کەریم ٣٧ دەنگ •

بەم جۆرە ١١ کەسی پێشوو بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرو ٣ کەسی دوایی بوون بە ئەندامی تەنگانە •

ئێوارەی هەمان ڕۆژیش ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر کۆبوونەوەو کاریان بەمجۆرە لەناو خۆیاندا دابەش کرد :

(١) دوکتۆر عیززەددین موستەفا ڕەسووڵ : سەرۆك •

(٢) مامۆستا عیززەددین فەیضی : جێنشینی سەرۆك •

(٣) شێرکۆ بێکەس : سکرتێری کولتووری •

(٤) موحەممەدی مەلا کەریم : سکرتێری بەڕێوەبەرێتی •

(٥) موحەممەد بەدری : ژمارەدار •

ئەندامەکانی تریش ئەندامی بێئەرك بن •

دوابەیانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد

لە دوارۆژی کۆنگرەداو پێش هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری نوێی یەکێتی کاك موحەممەدی مەلا کەریم بڕیاردەری لیژنەی داڕشتنی بڕیارو ڕاسپێرییەکانی کۆنگرە ئەم دوا بەیانەی بەسەر ئەندامانی کۆنگرەدا خوێندەوەو بەیانەکە لەلایەن هەموانەوە پەسەند کرا :

پاش لە بەرچاو ونبوونێکی دوورو درێژ کە لەئەنجامی دۆخو بارێکی سەختەوە ڕووی داو ە دوابەدوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری

دڵسۆزانەی ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە بەغداو لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا، بە یارمەتی‌یەکی پیاوانەی دەزگاکانی هەردوو دەسەڵاتی قانوون‌دانەرو قانوون جێ‌بەجێ‌کەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی داری کوردستان‌و لەپێشی هەموویانەوە وەزیری دەوڵەت بۆ هاوئاوازی لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی مامۆستا خالید عەبد عوثمان‌و ئەمینداری گشتیی کولتوورو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی مامۆستا عەبدولغەففار سائیغ‌و ئەمینداری گشتیی ناوخۆ ئەمینداری گشتیی پێشووی کولتوورو لاوان مامۆستا موحەممەد ئەمین موحەممەد ئەحمەدو، بە چاودێریی سەرکردایەتیی سیاسیی حیزب‌و شۆڕش، لە ڕۆژانی ١٠-١٤/٩/١٩٧٨دا کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر لەژێر دروشمی «با هەموو قەڵەمە پاکەکانی کورد یەک بگرن بۆ پشت گرتنی ڕەوتی شۆڕش‌و پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانی‌و ئۆتۆنۆمیی کوردستان»دا بەسترا. مامۆستا خالید عەبد عوثمان وەزیری دەوڵەت بۆ هاوئاوازی لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی کۆنگرەکەی بە وتارێك کردەوە. هەروەها نوێنەری سەرکردایەتیی لقی باکووری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب‌و مامۆستا عەبدولغەففار سائیغی ئەمینداری گشتیی کولتوورو لاوانیش سەرو وتاریان خوێندەوە. هەروا گەلێ نامەو سلاویش خوێنرایەوە کە کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یە نیشتمان پەروەرەکان‌و ڕێکخراوە کولتووری‌و هونەری‌یەکان‌و یەکێتیی‌یەکانی ئەدیبانی عێراق‌و تورکمان‌و چەند کەسی ناودارو ڕووی کولتووری‌و ئەدەبی‌و هونەری ناردبوویان بۆ کۆنگرە.

کاروباری کۆنگرە لە بارو دۆخێکی دیموکراسی‌داو بە دەمەتەقێی برایانەو بێ‌پێچ‌وپەناو ئاڵ‌وگۆڕ کردنی بیروڕاوە بەسەربرا. لەئەنجامی ئەم گفتوگوو دەمەتەقێیانەدا چەند دەسکاری‌یەکی پێڕەوی ناوخۆی

یەکێتی کراو چەند بڕیارێك دراو چەند ڕاسپێرییەك کرا کە لەپاش لێکۆڵینەوەو دان پیانانیان لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هەموویان لەشێوەی دوایی یاندا بەسەر بەشدارانی کۆنگرەدا خوێنرانەوە •

لە دوادواییی کاری کۆنگرەداو بەر لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر ، کۆنگرە ئەم بڕیارانەی دا :

● کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد سڵاوی خۆی ئەنێرێ بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی حیزبو شۆڕش بە سەرۆکایەتیی جەنابی سەرکۆمار تێکۆشەر احمد حسن البکرو هاوڕێ جێنشینی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش جەنابی صدام حسین ، بەرابەر بەو چاودێرییە بەخشندانەی چاودێریی دەزگا کولتوورییە ڕەسەنیو میللییەکانی کوردی پێ ئەکەن ، بەتایبەتی هیی یەکێتیی نووسەرانی کورد • کۆنگرە هیوای وایە ئەم چاودێرییە بەخشندانەیە چەند قات ببێتەوەو هەموو سەرێکی هەڵسووڕانی کولتووریی کورد بگرێتەوە ، بەجۆرێ کە بتوانێ بێهیچ جۆرە کەندو کۆسپێك خەریکی کاروباری خۆی بێو ڕۆشنبیری کورد ببینێ کەوا باری کولتووریی نەتەوەیی یەکەی زۆر باشەو لە سایەی شۆڕشو لە کۆشی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیو لە چوارچێوەی دیموکراسیدا کە هەموو مەودایەکی داهێنانو هەڵسووڕانی داهێنەرانەی هەموو گەلی عێراق بە عەرەبو کوردو کەمایەتی یەکانیەوە بگرێتەوە ، هەمیشە هەر گەشە ئەکاو بەرەو پێشەوە ئەچێ • ئەدیبە کوردەکان هەمیشە هەر سوور بوونو ئێستاش هەر سوورن لەسەر ئەوە کە دەسکەوتە پێشکەوتن خوازانەکانی گەلەکەیان بپارێزنو لە ڕووی هەموو پیلانێکا بوەستن کە بە مەبەستی دەس بۆ بردنی ئەم دەسکەوتانە بێ •

● کۆنگرە سلاوی خۆی ئەنێرێ بۆ هەموو ئەوانەی هەوڵو نەقەلای پیاوچاکانەی خۆیانیان دا بۆ ژیاندنەوەی مەڵبەندی گشتیی یەکێتیی نووسەرانی کوردو لقەکانی ، بەتایبەتی لەناو ئەمانەدا سلاوی خۆی ئەنێرێ بۆ دەزگاکانی دەسەڵاتی قانوون‌دانەرو قانوون جێبەجێکەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌داری کوردستان ، هەروا بۆ مامۆستا خالید عەبد عوثمان وەزیری دەوڵەت بۆ هاوئاوازی لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌و ، بۆ مامۆستا عەبدولغەففار صائیغ ئەمینداری گشتیی کولتوور لاوان‌و بۆ ئەمینداری گشتیی پێشووی کولتوورو لاوان ، ئەمینداری گشتیی ناوخۆ مامۆستا موحەممەد ئەمین موحەممەد ئەحمەدو بۆ هەموو کاربەدەستانی‌تر کە دەستێکی باشیان لەم مەسەلەیەدا بووە • کۆنگرە هیوای‌وایە ئەمانە لەمەوپاشیش هەروا پشتی یەکیەتی بگرن‌و یارمەتی‌یان پایەدار بێ بۆ سوودی ئۆتۆنۆمی‌و کولتووری کوردو ڕەوتی پێشکەوتخوازانەی تێکڕای وڵاتەکەمان •

● کۆنگرە سلاوی خۆی ئەنێرێ بۆ ڕەوتی شۆڕشخوازانەی گەلی عێراق لەژێر سێبەری شۆڕشی ١٧ی تەمووزداو بۆ ئەو دەسکەوتە پێشکەوتخوازانەی وەدەست هێنراون‌و داوای گەشەپێدانی ئەم دەسکەوتانە ئەکات • هەروا داوای بەتین‌کردنی یەکێتیی نیشتمانی‌و پتەوکردنی ڕیزەکانی ئەو حیزب‌و هێزە پێشکەوتخوازانە ئەکا کە لەناو بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەییی پێشکەوتخوازدا کۆبوونەتەوە ، لەپێناوی سوودی نیشتمان‌و بەختەوەریی گەلی عێراقدا بە عەرەب‌و کوردو کەمایەتی‌یەکانیەوە ، هەروا بۆ وەستان بەتوندی لەڕووی پیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی‌دا کە ئەیانەوێ دەسکەوتەکانی گەلەکەمان‌و هەموو گەلانی عەرەب زەوت بکەن‌و لێیان بسەنن •

● کۆنگرە داوای بەتین‌کردنـــی ئۆتۆنۆمی‌و جێ‌گیرکردنـــی بنەماکانی‌و قووڵ‌کردنەوەی ناوەڕۆکی ئەکا بەجۆرێ کە ئەوەمان بـــۆ مسۆگەر بکا کە قانوونەکەی بەشێوەیەکی داهێنەرانەو زیندوو جێ‌بەجێ بکرێ‌و گەلی کـــورد بەتەواوی لەو مافـــە نەتەوەیی‌و بەڕێوەبەریتی‌و کولتووری‌یانەی بەهرەمەند بێ کە دانیان پیـــا نراوەو ، ناوچـــەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆپێشەوە ببرێ •

● کۆنگرە پیرۆزبایی لەو هەڵمەتە نیشتمانی‌یـــــە سەرجەم‌گیرە ئەکا کە بۆ لەناوبردنی نـەخوێندەواری ئـــەبرێ‌و ، هەمـــوو ئەندامانی یەکێتی‌و ڕۆشنبیرانی‌تری کورد بانگ‌ئەکا بۆ بەشداربوون بـــە سەربەرزی‌یەوە لە هێنانەدیی ئەم ئەرکەدا کـــە ئەرکێکی شارستانەتی‌یانەی گەورەیە ئەگەر بێتو جێ‌بەجێ بکرێ ، قەڵەمبازێکی گەورە ئەبێ جۆری ژیانی گەلەکەمان ئەگۆڕێ‌و ڕێی بۆ خۆش‌ئـــەکا لـــە ژیانی ســـەدە ڕابوردووەکانەوە بگوێزێتەوە بۆ چەرخی زانست‌و ڕووناکی •

● کۆنگرە بەگەرم سڵاو لە خەباتی بەهەقی گـــەلی عـــەرەبی فەلەستین ئەکا لەدژی ئەمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و پیلانەکانی کۆنەپەرستی کە ئەیانەوێ بەربەرەکانێی فەلەستین پاکـــۆ بکەن‌و ڕێگـــای خۆبەدەستەوەدانی بەسەردا بسەپێنن • کۆنگرە نارەزایی خـــۆی لـەو ڕێبازە خیانەتکارانەیە دەرئەبڕێ کە سیستێمی میسر بـــە سەرکردایەتیی سادات‌و ناقسەکەی لەسەری ئەڕوا • هەروەها داوای بەتین‌کردنی ڕیزی هێزە پێشکەوتخوازەکانی عەرەب ئەکا بۆ یارمـەتی‌دانی گـــەلی فەلەستین بۆ سەندنەوەی وڵاتە داگیرکراوەکەی‌و بۆ دیـــاری کردنی چارەنووسی بەسەر خاکی وڵاتەکەی خۆیەوە •

● کۆنگرە بەتوندی ناڕەزاییی خۆی لە پرۆژەکانی ئەمپریالیزمی ئەمەریکاو دەوڵەتە ئەمپریالیستییەکانیتر دەرئەبڕێ کە ئەیانەوێ گیانی خۆ چەکدار کردنو بڵاوکردنەوەی چەکی سەرجەمکوژ بڵاوبکەنەوەو باری نێو دەوڵەتان ئاڵۆز بکەنو بەئاشکراو نهێنی دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتە ئازادبووەکان وەرئەدەن بۆئەوەی سەربەخۆییان زەدە بکەنو دەسکەوتە نیشتمانییەکانیان لێ بسەننەوە • کۆنگرە بەئاشکرا پشتگیریی خۆی دەرئەبڕێ بۆ گەلانی خەباتکەر لەپێناوی ئازادیو سەربەخۆییدا ، نەخوازەلا گەلانی ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی ••

راسپێرییەکانی لیژنەی کولتووری کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد

(١) گێرانی میهرەجانێکی ساڵانە بۆ شیعر لە یەکێ لە پارێزگاکانی کوردستان •

(٢) گێرانی کۆڕێك بۆ چیرۆکی کوردی کە سەرانسەری وڵات بگرێتەوە لە یەکێ لە پارێزگاکانی کوردستان •

(٣) بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدیبە لاوەکان لە هەموو مەیدانێکدا •

(٤) داواکردن لە ڕۆژنامەکانی عێراق کە بایەخ بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی کورد بدەن بەشێوەیەکی بەدەرەتانو ڕێکوپێکو ، لەم مەیدانەدا هاوکاری لەگەڵ یەکێتیی نووسەرانی کورد بکەن •

(٥) وەرگێڕانی دوو کۆمەڵە شیعرو چیرۆك لە باشترین بەرهەمی شیعرو چیرۆکی کوردی بۆ سەر عەرەبی هەموو ساڵێك ، لەلایەن لیژنەیەك پسپۆڕەوەو هەوڵدان بۆبلاوکردنەوەیان •

(٦) هەوڵدان بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی بۆ کاروباری کولتووری گشتی لەلایەن یەکێ لە دەزگا کولتووری‌یەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەوە •

(٧) داواکردن لە یەکێتیی نووسەرانی عێراق‌و دەزگا کولتووری‌یە عێراقی‌یەکانی‌تر کەوا یەکێتیی نووسەرانی کورد هاوبەش بکەن لە میهرەجانە ئەدەبی‌و کولتووری‌یەکانیاندا لە عێراق‌و لە دەرەوە •

(٨) داواکردن لە یەکێتیی نووسەرانی عێراق کەوا لە وەرزە کولتووری‌یەکانیدا چەند کۆڕێکیش بۆ ئەدەبی کورد تەرخان بکا •

(٩) هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی فایلێکی تایبەتی بۆ بەرهەمی ئەدەبی کوردو ناردنی بۆ گۆڤاری (لوتس) کە یەکێتیی نووسەرانی ئاسیاو ئەفەریقا لە قاهیرە بلاوی ئەکاتەوە •

(١٠) هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پێوەند لەگەڵ گۆڤارەکانی (الاقلام وآفاق عربية والطليعة الادبية والاديب المعاصر) بۆ بلاوکردنەوەی ئەدەبی کورد لەو گۆڤارانەدا •

(١١) تەرخانکردنی بەرنامەی هەفتەیی لە ئێسگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی بەغداو کەرکوك‌و مووسڵەوە کە یەکێتی‌و لقەکانی ئامادەی بکەن‌و پێشکەشی بکەن •

(١٢) هەوڵدان بۆئەوە کە پرۆگرامێکی تەواوی کوردۆلۆژی بخرێتە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداو سولەیمانی‌یەوە •

(١٣) دامەزراندنی کتێبخانەیەکی گەورە بۆ مەڵبەندی یەکێتی‌و لقەکانی کە سەرچاوە پێویستەکانی ئەدەبی کوردی تیابێ‌و هەمیشەیش دەوڵەمەندتر بکرێ •

(١٤) داوا لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بکرێ کەوا لقێکی بەرزی کوردۆلۆژی خوێندن دابمەزرێنێ •

(١٥) هەوڵدان بۆ یەکخستنی نووسینی کوردی لە هەموو مەودا ڕەسمی‌یەکاندا •

(١٦) چەسپاندن‌و بەرەوپێش‌بردنی خوێندنی کوردی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە هەموولایەکی کوردستانی عێراقداو وتنەوەی کوردی لە هەموو قوتابخانەکانی عێراقدا •

(١٧) دەرکردنەوەی گۆڤاری (ئەستێرە)ی مناڵان‌و دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە کوردی بۆ مناڵان نە چەشنی ڕۆژنامەی (المزمار) •

(١٨) هەوڵدان لای ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کەوا تەنها ئەو جۆرە ڕەخنانە بڵاوکەنەوە کە بیناکەرو مەوزووعین‌و کۆڕی ڕۆژنامەنووسی لە ڕەخنەی بڕووخێن‌و نازانستی‌و بەسووك تەماشاکردنی خەڵك‌و تانووت لێدانیان خاوێن کەنەوەو ، لەم‌ڕووەوە هاوکاری لەگەڵ یەکێتی ئەدیبان بکەن •

(١٩) داواکردنی وتنەوەی دەرزی مێژووی کوردو کوردستان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بە مەبەستی بەتین‌کردنی برایەتیی کوردو عەرەب‌و چەسپاندنی لەیەك‌گەیشتنی تەواوی هەردوو گەلی عەرەب‌و کورد •

(٢٠) داوای دەست‌پی‌کردنەوەی دەرزوتنەوە بە کوردی لە قوتابخانەکانی ناوچەی بادینان لە پارێزگای دهۆك •

(٢١) هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی کۆڕی زانیاری کوردو دانانی کادری کاریگەر بۆ ئەم کۆڕە کە مەرجەکانی کاری ئەکادیمیایی یانەیان تیابێ‌و زۆرکردنی بوودجەی کۆڕ بەجۆرێ کە بتوانێ ئەرکی خۆی بە باشی جێبەجێ بکا •

(٢٢) هەوڵدان بۆ پێکەوەنانی ئەنیستیتوتێك بۆ خوێندنی زمانەوانی‌و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی •

ڕاسپێری یەکانی لیژنەی دانان‌و وەرگێڕان‌و بڵاوکردنەوەی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد

(١) پێکەوەنانی چەند لیژنەیەکی لێهاتووی چالاك لە مەڵبەندی یەکێتی‌و لە لقەکانیدا بۆ دانان‌و وەرگێڕان‌و بڵاوکردنەوەو ، یارمەتی‌دانی ئەدیبە لاوەکان لەلایەن ئەم لیژنانەوە بۆ پاکژکردنی بەرهەمیان‌و ڕاستکردنەوەو ڕاچوونەی لەبارەی زمانەوانی‌و ئەدەبی‌یەوە •

(٢) هەوڵدان لای دەزگا کولتووری‌یە ڕەسمی‌یەکان بۆ زۆرکردنی ئەو کتێبە ئەدەبی‌و کولتووری‌یە کوردی‌یانەی ئەو دەزگایانە لەسەر حیسابی خۆیان لەچاپیان ئەدەن •

(٣) هەوڵدان لای دەزگا کولتووری‌یە ڕەسمی‌یەکان بۆ زۆر کردنی بارەی یارمەتی‌دانی چاپ کە بە دانەرو وەرگێڕەکانیان ئەدەن بۆ لەچاپدانی بەرهەمەکانیان بەجۆرێ کە هیچ نەبێ ٧٥٪ی ئەرکی لەچاپدانەکە بگرێتەوە •

(٤) دانانی خەلاتێکی ساڵانە بۆ باشترین بەرهەمی کوردی لە ساڵدا چ دانراو بێ و چ وەرگێڕراو •

(٥) گیان بەبەراکردنەوەی گۆڤاری (نووسەری کورد)و دانانی دەستەیەکی نووسەرانی چالاك و هەڵسووڕاو بۆی لەناو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرو نووسەرە لێهاتووەکانی تردا بۆ سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی •

(٦) دەرکردنی ژمارەی تایبەتیی ساڵانە لە گۆڤاری نووسەری کورد کە تەرخان بێ تەنها بۆ شیعر یا چیرۆك یا لێکۆڵینەوەی ئەدەبی یا زمانەوانی •

(٧) وەرگێڕانی هەڵبژاردەی بەرهەمی ئەدیبە کوردەکان بۆ سەر عەرەبی ساڵانە یا وەرزاو وەرزو ، بڵاوکردنەوەی لە شێوەی پاشبەندی گۆڤارەکەدا یا بە شێوەی کتێبی تایبەتی •

(٨) هەوڵدان لای دەزگا کولتووری و پەروەردەکاری یە کوردی یەکان بۆئەوەی ژمارەیەکی باش لە هەر بەرهەمێکی هەرکام لە ئەندامانی یەکێتی بکڕن •

(٩) دانانی هەموو ئەندامێکی یەکێتی بە ئابوونە لە گۆڤاری یەکێتیدا •

(١٠) تەرخان کردنی گۆشەیەك بۆ منالان لە هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی یەکاندا کە لەژێر چاودێریی یەکێتیدا بنووسرێ •

(١١) هەوڵدان لای دەزگا کولتووری یە کوردی یەکان بۆئەوەی بسپۆرەکانیان کە کتێب هەڵئەسەنگێنن بۆئەوەی لەچاپیان بدەن یا یارمەتیی لەچاپ دانیان بدەن ، لە ئەندامە لێهاتووەکانی یەکێتی هەڵبژێرن •

(١٢) داوا له دەزگا کولتووری‌یە کوردی‌یەکان بکرێ کە چاپخانەی تایبەتی بۆ خۆیان پێکەوە بنێن بۆ چاپکردنی چاپەمەنی‌یەکانی خۆیان و هی ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کوردیش .

(١٣) دۆزینەوەی شێوەیەکی یەکگرتوو بۆ وەرگێرانی زاراوە زانستی‌یەکان بۆ سەر کوردی ، بەمەرجێ هەموو لا کولتووری‌یە رەسمی‌یەکان لەسەری برۆن .

(١٤) پێکەوەنانی لیژنەیەك بۆ بلاوکردنەوەی دیوانە بلاونەکراوەکان و لەچاپدانەوەی دیوانە بلاوکراوەکانی ئەدیبە کوردە کۆچکردووەکان .

(١٥) هەولدان لای دەزگای کولتوورو بلاوکردنەوەی کوردی بۆ لەچاپدانەوەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یە نەماوەکان .

راسپێری‌یەکانی لیژنەی فۆلکلۆرو کەلەپووری میللیی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد

(١) کۆکردنەوەو نووسینەوەی تێکستی فۆلکلۆری لەسەر شریت و لەسەر کاغەز بە مەبەستی رێخۆش‌کردن بۆ راستکردنەوەو لێکۆلینەوەو لەچاپدانیان ، لە سەرانسەری کوردستانی عێراقداو ، داوا کردن لە ئەندامانی یەکێتی کە لە ناوچەکانی کوردستان ئەژین و لە هەموو رۆشنبیرانی‌ترو لە مامۆستایانی کورد کە هەرکەس بەش‌بەحالی خۆی دەوری خۆی لەم مەیدانەدا ببینێ .

(٢) بلاوکردنەوەی هوشیاریی فۆلکلۆری و بایەخدان بە فۆلکلۆرو قەدرزانینی لەناو هەموو کۆرە کولتووری‌یەکاندا .

(٣) بەشوێندا گەڕانی ئەو بەرهەمانەی نە فۆلکلۆر ئەدوێن جا یا وەك کتێب بڵاوبکرێنەوە یا وەك وتار یا لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە ڕابگەیەنرێن٠

(٤) بانگ کردنی سازمانە کولتووری‌یە ڕەسمی‌یەکان بۆئەوەی کـە بایەخی زیاتر بە فۆلکلۆری کورد بدەن ٠

(٥) بڵاوکردنەوەی کاری تۆژەرەوە کوردەکان لەسـەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (نووسەری کورد) ٠

(٦) داوا لە دەزگای لەچاپ‌دان‌و بڵاوکردنەوەی کولتووری کورد بکرێ کە گۆڤارێکی فۆلکلۆری بە کوردی دەربکا ٠

(٧) داوا لە دەزگای ڕادیۆو تەلەفزیۆن بکرێ کـەوا بەرنامـــەی هەفتەیی دانێ بۆ فۆلکلۆر لەژێر چاودێریی یەکێتیی نووسەرانی کوردو لقەکانیدا ٠

(٨) داوا لە تیپە مۆسیقازەنـەکان‌و مۆسـیقارە کـوردەکان‌و لە گۆرانی‌بێژە کوردەکان بکرێ کـــە دەس‌بەرداری لاســایی کردنەوەی مۆسیقاو گۆرانیی بێگانە بن‌و ئاوازەکانیان لە سەرچاوەی ڕوون‌و ڕەسەنی نەتەوەیی مۆسیقاو گۆرانیی کوردی هەلگۆزن بۆئەوەی هونەری کوردی بپارێزن لە فەوتان‌و چەشی کورد بە هەستی هونەریی نەتەوەیی پەروەردە بکەن ، لەگەڵ ئەوەشا بایەخ بە مۆسیقای جیهانی بدەن‌و هـەوڵ‌بدەن بـۆ بەرەوپێش‌بردنی مۆسیقای کـــوردی لەســـەر بناغەی زانستی‌و هونەریی هاوچەرخ ٠

(٩) تێکستی فۆلکلوریی کوردی وەرگێڕنە سەر زمانە بێگانەکان‌و ، تێکستە کوردی‌یە فۆلکلۆری‌یە بڵاو کراوەکان کە لە وڵاتەکانی ئەورووپادا

بڵاو کراونەتەوە یا وەرگێڕراونەتە سەر زمانە بێگانەکان سەرلەنوێ بە کوردی بڵاو بکرێنەوە •

(١٠) داوا لە ئەمینداریێتیی گشتیی کولتوورو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بکرێ کە بەڕێوەبەریێتی یەکی تایبەتی بۆ کەلەپووری فۆلکلۆریی کورد لە سلێمانی دابنرێ •

(١١) یارمەتیدانی ئەندامە فۆلکلۆری یەکانی یەکێتی بۆ لەچاپدانی بەرهەمەکانیان •

(١٢) دەسکاری نەکردنی دیالێکت بە هیچ جۆرێ لەکاتی نووسینەوەی هەر تێکستێکی فۆلکلۆریدا •

(١٣) پسپۆڕە کوردەکان لە ئەندامانی یەکێتیو ئەوانیکە خەریکی لێکۆڵینەوەی تێکستە فۆلکلۆری یەکان بن‌و چاکو خراپیان لەیەك جوێ‌بکەنەوەو هەوڵ‌بدەن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تێکستانەی بەهایەکی هونەری‌و ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوویان هەیە ، بە کتێب یا بە وتار یا بە باس •

(١٤) فرەکردنی ڕیکۆردی پێویست لە بارەگاکانی یەکێتیدا بۆ تۆمارکردنی هەر تێکستێکی فۆلکلۆری کە هەل بۆ تۆمارکردنی هەڵکەوێ •

(١٥) داوا لە ئەمینداریێتیی گشتیی کولتوورو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بکرێ کە موزەخانەی فۆلکلۆری لە هەموو پارێزگاکانی کوردستانا دروست‌بکا •

(١٦) داوا بکرێ کە ئەنیستیتووتێکی فۆلکلۆری لە هەولێر بکرێتەوە •

ڕاسپێری یەکانی لیژنەی کۆمەڵایەتیی
کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد

(١) بیناکردنی بارەگای تایبەتی بۆ یەکێتی‌و بۆ هەموو لقەکانی ، کە شایانی پابەو پلەی یەکێتی بێ‌و کۆڕو کۆمەڵ‌و کۆبوونەوەکان لەو بارەگایەدا بکرێن‌و بەشێکیشی بکرێ بە یانە بۆ ئەندامانی یەکێتی •

(٢) ڕێکخستنی گەشت بۆ ئەندامانی یەکێتی لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات بە کرێیەکی کەم. وەك ئەندامانی نەقابەی مامۆستایان •

ڕاسپێری یەکانی لیژنەی داکۆکی
لە مافەکانی ئەندامانی
کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد

(١) ناردنی ئەندامی نەخۆش بۆ دەرەوەی عێراق بۆ تیمارکردن لەلایەن دەوڵەتەوە •

(٢) کەمکردنەوەی کرێی تیمارکردنی ئەندام‌و ماڵ‌و منداڵی لە نەخۆشخانە پلە یەکەکان‌و بەشە تایبەتی‌یەکانی نەخۆشخانە دەوڵەتی‌و ئەهلی‌یەکاندا •

(٣) پێوەندی پەیداکردن لەگەڵ لایەنە ڕەسمی‌یەکان بۆ دانانی قانوونێك بۆ خانەنشین کردنی ئەندامانی یەکێتی کە بەر قانوونەکانی‌تری خانەنشینی ناکەون ، لەگەڵ ژماردنی ماوەی بەئەدەبەوە خەریك‌بوونەدا بە خزمەت بۆ مەبەستی مانگانە زیادکردن‌و خانەنشین کردن ، ئەگەر ئەو

ناوەیە بەر کارێکی‌تر نەکەوتبێ کە خانەنشین مانگانـــەی خانەنشینیی لەسەر وەربگرێ • ئەندامە مردووەکانی یەکیەتیش بەر ئەم قانـــوونە بکەون‌و مانگانەی خانەنشینی بۆ ئەو میرات‌گرانەیان تەرخان بکرێ کـە بەپێی قانوون موستەحەقی مانگانەی خانەنشینین •

(٤) پارمـــەتی‌دانی ئەندامانی یـــەکێتی لە پەیداکردنی خانـووی شایاندا بۆیان •

(٥) داکۆکی‌کردن لە ئەنداماتی یەکێتی ئەگەر تووشی هــــەر ئازارو چەرمەسەرەیەك بوون بەهۆی شتێکی‌واوە کە پێوەندی بە ئازادیــی بیرو باوەڕەوە ببێ •

(٦) بەشدارکردنی ئەندامانی یەکێتی لـــەو کۆنگرەو میهرجان‌و کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبی‌یانەدا کـــە لــــە دەرەوەو ناوەوەی وڵات ئەبەسترێن •

(٧) تەرخان‌کردنی چەند زەمالەو ئیجازەی خوێندن هـەموو ساڵێ بۆ ئەندامانی یەکێتی لەوانەی مەرجە قانوونی‌یەکانیان تیا دێتـــەدی ، هەریەك بەپێی پسپۆڕیی خۆی •

(٨) دانانی پەیکەر بۆ ئەدیب‌و خاوەن‌بیرە کۆچ‌کردووەکانـــی کوردستان ، بەپێی مەرجە هونەری‌و زانســتی‌یە نوێکان‌و ناولێنانـــی شەقام‌و مەیدان‌و قوتابخانەو دەزگــا کولتووری‌یەکانی شارەکـــان‌و ناوچەکانی کوردەواری بە نـــاوی ئەوانەوە بـــۆ بەزیندووڕاگرتنی ناوو بیرەوەری‌یان •

(٩) داوا لە لا پێوەندی دارەکان بکرێ کەوا چاو بەو بڕیارانەدا بگێڕنەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا دەریان کردووە لەبارەی هەندێ چاپەمەنیی کوردیو پێوەندیدار بە کوردەوەو ، کتێبخانەکانو لا تایبەتی یەکان ئاگادار بکەن لە ناوی ئەو کتێبو چاپەمەنی یانەی کە لیژنەیەکی تایبەتی قەدەغەیی یان لەسەر هەڵگرتن •

(١٠) کەم کردنەوەی کرێی هاتوچوو بە ئاسمانو ناو ئاوو بە وشکانا بۆ ئەندامانی یەکێتی ، لە بڕگەی دەوڵەتیدا ، وەك چۆن بۆ ڕۆژنامەنووسەکانو هونەرمەندەکان کراوە •

(١١) داوا لە دائیرەکانی حیساباتی دەوڵەت بکرێ پاداشی ئەندامانی یەکیەتی بەرابەر بە قسەکردنی سەر ڕادیۆو تەلەفزیۆنو نووسینی وتارو بلاوکردنەوەی کتێبو شتیوا ، بە پۆستە یا بەهۆی بانقەوە بنێررێ بۆیان نەك داوا لە خۆیان بکرێ بێن وەری بگرن •

(١٢) ئەو ئەندامانەی یەکێتی کە بانگ ئەکرێن بۆ کۆنگرەیەك یا میهرەجانێك یا کۆڕێك یا دیدارێکی ئەدەبی یا کولتووری یا شتێکیوا یا ئەنێررێن بۆ بەشداربوون تیایدا ، بەر قانوونی موخەسسەسانی ئیفادو سەفەری دەوڵەتی بخرێن •

(١٣) شناسنامەی نوێ بۆ ئەندامانی یەکێتی ئامادە بکرێو دابەش بکرێ بەسەریاندا •

با ناوی ئەمانە لەیادنەکەین

یەکێتیی نووسەرانی کورد ، لەم چەند ساڵە کەمەی دامەزراندن‌و ژیان‌و کپ‌بوون‌و ژیانەوەیدا بە هەموو یادگارو لاپەڕە ڕەنگینەکانی خۆیدا دەچێتەوە .

لە پاڵ هەموو شانازی‌و سەربەرزی‌یەکدا چەند دڵوپ فرمێسکی وەفاداری لای پەیکەری گلکۆی ئەو ئەندامانەیدا دەڕێژێت کە چنگی ڕەشی مەرگ لاشەی نازداریانی بە خاك سپارد ، بەڵام بەخشش‌و نووسین‌و یادگاریان بە نەمری لەناوماندا هێشتوونی‌یەوە .

نەمردوون ، لەبەر ئەوە هەر ساڵی لە دایك بوونیان لای پەیکەری نەمری‌یان دادەنێین .

« ئەندامانی کوچ‌کردوو و نەمری یەکێتیی نووسەرانی کورد » .

١ ـ شێخ ڕەووفی خانەقا ١٩٠٠ .
٢ ـ محەمەد ڕەمزی مەعرووف وەهبی ١٩٠٢ .
٣ ـ شێخ مەمدووحی بریفکی ١٩١٠ .
٤ ـ ڕەمزی محی‌یەدین قەزاز ١٩١٠ .
٥ ـ دوکتۆر عەبدوڕەحمان نورجان ١٩١٢ .
٦ ـ مەمەتدی ڕەسوول ئاغا (فانی) ١٩١٣ .
٧ ـ عومەر ساقی حسەن ١٩١٥ .
٨ ـ ڕەفیق تۆفیق چالاك ١٩٢٣ .
٩ ـ عومەر کەریم عەزیز ١٩٢٤ .
١٠ـ غەفوور ڕەشید داراغا ١٩٢٤ .
١١ـ محەمەد شەریف عوسمان (مەلا شەریف) ١٩٢٥ .

١٢ـ عەبدولسەمەد خانەقا ١٩٢٩ .

١٣ـ لەتیف شێخ حامید بەرزنجەیی ١٩٤٠ .

١٤ـ حسین محەمەد سەعید تاڵەبانی ١٩٤٦ .

ئەم ژمارەیە لە ژێرچاپدا بوو کە نووسەرانی کورد شینیان تـــازە کردەووە ـ بۆ ـ .

١٥ـ أ . ب . هەوری .

هەر وەك پەیکەرێکی‌تر بـــۆ یادی ئـــەم نووسەرە نەمرانەش دادەتاشـــین .

ئیسماعیل حەقی شاوەیس .

گیوی موکریانی .

عەلی کەمال باپیر .

محەمەد تۆفیق ووردی .

ئەحمەد شاڵی .

× × ×

دوور .. تۆزێك دوورتر ، هەر لەم چەنـــد ساڵەی تەمەنـــی یەکێتیدا ... پەیکەری نەمری بۆ لاشەی نازدارو خامـەی ڕەنگینی .. ئەم نەمرانە هەڵکەندرا قەدری جان .

قەدریی جەمیل پاشای بورج .

ئەکرەمی جەمیل پاشای بورج .

رەشید کورد .

× × ×

عەرەبی شەمۆ .. دامەزرێنەری ئەدەبیاتی کوردی سۆڤیتی .

× × ×

دوکتۆر کامەران عالی بەدرخان .

× × ×

یەکێتیی نووسەرانی کورد
ئەم بەرهەمانە بڵاوئەکاتەوە

یەکێتیی نووسەرانی کورد بڕیاریداوە کتێبی (داغستانی من)ی ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ کە ئەندامی یەکێتی عەزیز گەردی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی ـ بڵاو بکاتەوە . هەر لە ئێستاوە دەستنووسی ئەم کتێبە دراوە بە چاپخانەو هیوامانوایە زۆری پێنەچێ بکەوێتە بەردەستی خوێنەوارانی .

× × ×

هەروا بڕیاری داوە کۆمەڵەی شیعرەکانی مامۆستا گۆران لە بەرگێکی نازدارو قەشەنگدا بڵاوبکاتەوە . بەهیوایێن هەر لە ماوەی ئەمساڵدا ئەم بەرهەمەش بکەوێتە بەردەستی دڵدارانی شیعری ناسکی گۆران .

× × ×

بابەتەکانی ژمارە دووی گۆڤاری نووسەری کوردیش خراونەتە ژێر چاپ . ئەم ژمارەیە لە هەموو ئەو تاتەواوییانە دوور ئەبێ کە ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە تووشیان هات .

پێرست

سەرلەنوێ « نووسەری کورد » .... دەستەی نووسەران

ئافرەتو جوانی لە شیعری گۆراندا .... کەمال مەمەند

دڵداری‌یەکی ئامەزرۆ [شیعر] .... جەلال مەدحەت خۆشناو

هەواری ئەمجارەمان بەرینە لای (ئەدەب) .... محەممەد عەلی قەرەداغی

شیعرە هەورەکان [شیعر] .... لەتیف هەلمەت

ئەفسانەی ڕێگای هاتو نەهات [چیرۆک] .... ڕەئووف بێگەرد

سۆراخی خەیاڵ [شیعر] .... ئەنوەر محەمەد ڕەشید

کە زەردەخەنە کرچ‌ئەکا [شیعر] .... حەمەسەعید حەسەن

گفتوگۆیەک لەگەڵ ئاکام .... مومتاز حەیدەری

ئەی ئەستێرەکان [شیعر] .... فرووغی فەڕڕوخزاد

ئارمایی [چیرۆک] .... ڕابندرانات تاگوور

خانووی ژمارە (٨) [چیرۆک] .... ئەیفی میرزا کەریم

کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد [بەڵگەی مێژوویـــــی]

با ناوی ئەمانە لەیادنەکەین .

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا

ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٧٩ی دراوەتێ